# جوامێری

**کۆمەڵە ڕووداوێکی واقیعی و کۆمەڵایەتیە و نووسەر لەشێوەی چیرۆکی پەروەردەییدا پێشکەشی دەکات**

دکتۆر

**حەسەنی پێنجوێنی**

چاپی دووەم

2017 -1438

**ناوی کتێب: جوامێری.**

**نووسەر: حسن پێنجوینی.**

**تیراژ:** 3000 .

**چاپی دووەم : 1438 کۆچی - 2017 زاینی.**

**چاپخانە: سارا – سلێمانی**

**چاپی یەکەم : 1423 کۆچی - 2002 زاینی.**

## پێشەکی:

**بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان**

پاش سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری مەزن،و درووود وسڵاو بۆگیانی پاکی پێغەممەر خۆشحاڵم کە پاش دابڕانێکی زۆر بەخزمەت ئێوەی خۆشەویست دەگەمەوە، ئەڵبەت من هەر دا نەبڕاوم و بەردەوام بووم لەنووسیندا، بەڵام لەسەر ماڵپەڕ و فەیس بووك، بەشێکی زۆری خوێنەرانیش، ئێنتەر نێتیان نەبووە، بۆیە وایان زانیوە دابڕاوم..

ئازیزان! خەڵکی کانزان، ئەو کانزایانەش هەمەجۆرن، هەروەك زیو و زەردی تێدایە، ئەلماس و ئاڵتوونیشی تێدایە، و لە جیهانی واقیع و کردەوەدا دەر دەکەون...

کێ دەیگوت: ئەو کرێکارەی کومپانیای نەوت تەنیا قسەیەك ئاوەڕۆی ژیانی دەگۆڕێت، و لەگەڵ کرێکاری کردنەکەیدا هەوڵ دەدات ئێواران دەرس بخوێنێ و بگاتە

بەشی ئەندازیاری نەوت لە زانکۆدا، و خوێندن تەواو بکات و دکتۆرا لە ئەندازیاری نەوتدا بێنێ و ببێت بە وەزیری نەوت؟

کێ دەهات بەخەیاڵیا سەکاکی دارتاش ببێت بە یەکێ لە پرشنگدارترین زانایانی زانیاری رەوانبیژی زمانی عەرەبی؟! کێ دەهات بە خەیاڵیا قوتابییەکی گۆشەگیر و خەواڵووی وەك تێدی ببێتە بەناوبانگترین پزیشکی جیهانی و خاوەنی گەورەترین سەنتەری لیکۆڵینەوەو چارەسەری نەخۆشییەکانی شێر پەنجە؟

ئەوەی دەیەوێ خەڵکی پەروەردە بکات و مامۆستای پەروەردەبێ دەبێ هەمیشە گومانی چاك بەخەڵکی ببات، چونکە ئەسڵ ئەوەیە خەڵکی چاك و باش و دڵسۆز و لێهاتووبن..

پێغەمەریش صلی الله علیه وسلم دەفەرموێ: " " مَنْ اسْتَطَاعَ مِنْكُمْ أَنْ يَسْتَتِرَ مِنْ النَّارِ وَلَوْ بِشِقِّ تَمْرَةٍ

فَلْيَفْعَلْ " رواه مسلم عَنْ عَدِيِّ بْنِ حَاتِمٍ قَالَ سَمِعْتُ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ علية وَسَلَّمَ يَقُولُ:.واته: ئەوەی لەئێوە توانای هەبێ بە لەتە خورمایەك خۆی لەئاگری دۆزەخ بپارێزێ، با ئەنجامی بدات.. مەبەست ئەوەیە هەرچەند ئەو چاکەیەش کەم بێت و لەتە خورمایەك بێت.. با نەڵێ من زۆرم نییەو کەمیش ناکەم، جا ئەوە چییە؟!

وادەبێ بەهۆی پارووە نانێکەوە خوا بەڵایەکی گەورەی لەکۆڵ دەخات و زیانێکی زۆری لێ لادەدات، تا دەتوانی خۆشییەك بخەرە دڵێکەوە، و دەروو لەکەسێك بکەرەوە، و چاوەڕێی پاداشتەکەی تەنیا لەپەروەردگار بکە.. خودایش خۆی دەفەرموێت: :"هَلْ جَزَاءُ الْإِحْسَانِ إِلَّا الْإِحْسَانُ" الرحمن/٦٠ جگە لەچاکە پاداشتێکی تر بۆچاکە هەیە؟!

پێغەممەریش صلى الله عليه وسلم لەو بارەوە فەرموویەتی: خۆشەویسترین کەس لای خوا بەسوود ترینیانە بۆ خەڵك، وخۆشەویسترینی کردەوەکانیش لای

خوا خۆشییەکە بیخەیتە دڵی موسوڵمانێکەوە، یا تەنگانەیەکی لەسەر لابەریت، یاقەرزێکی بۆ بدەیتەوە، یابرسیەتییەکی لێ دوور بخەیتەوە، هەروەها فەرموویەتی: ئەگەر لەتەك برایەکمدا بڕۆم بۆ ئەوەی پێویستییەکی بۆ جێبەجێ بکەم، بەلامەوە خۆشترە تا ئەوەی لەم مزگەوتەدا- مزگەوتی مەدینە- یەك مانگ ئیعتیکاف بکەم..

ئەم نامیلکەیەش بریتییە لە چواردە کورتە چیرۆکی واقیعییە کە ئەو بەها بالآیانە دەسەلمێنن.. و نموونەی واقیعی کۆمەڵێك جوامێرن، کە خۆشییان خستۆتە دڵی خەڵکییەوە،و پێویستی خەڵکیان لا بردووە، هیوادارم خوای بالاّ دەست بیکاتە هۆیەك بۆ زیاترکردنی هیممەتی جوامێرەکان، وزۆربوونی وێنەیان لەناو کۆمەڵگادا.. بێگومان خودایش باشترین کۆمەك و چاکترین پشتیوانە..

د . حسن پێنجوێنی سلیمانی: 2017

**جوامێری**

١

# پیاوچاکێکی بەغدادی

## ڕۆداوێکی کۆمەڵایەتییەو جوامێری موسڵمانێك

بەسەرهاتێکی واقیعییە و لە عێراقدا ڕووی داوە.

نووسینی

**د. حەسەنی پێنجوێنی**

پاش ئەوەی بۆجاری دووەم فەرمانی گرتنم دەرچوو، بەردەست نەکەوتم و هەڵهاتم وئاوارە بووم، برادەرێك[1] لە پاوە هات بۆلام و مەعزەرەتی هێنایەوە کە گوایا: من لەزیندان بەربووم و ئەو نەهاتووە بۆلام. منیش دڵخۆشیم دایەوەو گوتم برا! من هەرگیز گلەییم لێ نەکردوویت و گلەییشت لێ ناکەم، بەلاّم حەزم کردوە هەوا لّت بزانم..

گوتی: مامۆستا گیان! منیش چەرمەسەرەیەکی زۆرم بەسەر هات، وەنەبێ حاڵی من لەتۆ باشتر بووبێ..

گوتم: چۆن؟

گوتی: منیش گیرام و شەش مانگ لە ئاسایشی گشتی بەغدادا بووم.

گوتم: یاخوا کەفارەتی گوناه بێ و پلەو پایەتی لای خوا پێ بەرزەوەبێ. بەلاّم خوا دەزانێ ئێستا دەزانم. کەوا

---

1- ئەم برادەرە مەلا عبد الرحمن کورِي مەلا عبد اللەي مەلا سلَيمان بوو.

بوو بۆم بگێڕەوە بزانم چۆن ولەسەر چی بوو؟

گوتی: مامۆستا! ئەوەی من دیم یاخوا دوژمنیشت نەیبینێ، وا دەزانی هەرتۆ ئازارت چەشتووە؟ باوەڕت هەبێ ئازارو سزایەك ئازاری من دراوە پێم وایە لەم دنیادا کەس وا ئازار نەدراوە !! ئای چ تاڵاویێکیان بەگەرووما کرد!! تاڵاو بوو نەك گاڵتە..

گوتم: لەکوێ گیرایت؟

گوتی: لەشارۆچکەی سەیید سادق، لەگەڵ خزمێکی خۆمدا لەدوکانی ناسراوێك دانیشتبووین قسەمان دەکرد، لەناکاو پیکابێکی (شۆفرلێت) وەستا، و ئەمنێك هاتە دەر و بەرەو دوکانەکە هات و گوتی: تۆ فلاًنە کەسی کوڕی فلاًنی؟

گوتم: بەڵێ..

گوتی: تا دایەرەی ئاسایش وەرە لەتەکما، بەڕێوەبەری ئاسایش هەندێ پرسیاری هەیە و دوایی بگەڕێرەوە.

خاوەن دووکانەکە ئەیناسی بۆیە پێی گوت: برا! ئەگەر ئەزانی شتێکی خراپ هەیە با نەیەت لەگەڵتا؟!

گوتی: برام ! بڕوات هەبێ هیچ لەکایەدا نییە، تەنیا چەند پرسیارێکی لێ دەکات و هەر ئێستا دەگەڕێتەوە..

خۆم پێم گوت: کاکەگیان! ئێوە بڕۆن من هەندێ کارم هەیە جێ بەجێی دەکەم و دێم..

گوتی: کاکە گیان! منیان بەپەلە ناردووە بەشوێنتا ، وەرە بۆ ئەوێ و خێرا بگەڕێرەوە، کارەکانت ئەنجام بدە..

بەڵێ، بێ سوود بوو قسەی وەرنەدەگرت، بەناچاری کەوتمە تەکیان، لەبەر مەرکەز دایان بەزاندم، و بردمیان بۆ ژووری بەڕێوەبەری ئاسایش!! هەر ئەوەندەم خۆش بوو تا پێم نایە ئەو دیو دەرگای ژوورەکەوە، بەجنێوی ناشیرین دایگرتم، هەی وا و وا پێکراو! هەی کوڕی...! تۆ لەگەڵ ئێراندایت؟!

گوتم: ئێرانی چی؟ نە ئەیان ناسم و نەلەگەڵیاندام!!

گوتی: هەی... کوڕی...ە راست ئەکەیت، لەتەکیانا نیت؟!!

ئیتر دەستیان کرد بەلێدانم ئەوەندەیان لێدام مەگەر خوا خۆی بزانێ، شەق بەشەقی دەگوت: بڕۆ بەولاوە!!

هەر ئەو رۆژە نەیان وەستاندم، بێ ئەوە تەحقیقێکم لێ بکەن، چاویان پێچام و دەستیان بەستم و سوار شۆفرلێتێکیان کردم، و بەسێ سەعات و بیست دەقیقەی تەواو گەیاندمیانە ئاسایشی گشتی (ئەمنی عام) لەبەغدا، هەروەك گوتم: چاوم بەسترابوو، نەمزانی لەکام رێگەوە رۆیشتین: لەکەرکووکەوە، یا لەدەربەندیخانەوە؟

لەئاسایشی گشتی دایان بەزاندم و بردمیانە ژوورێك، کابرایەکی سەرقژنی ورگ زلی، تێك سمڕاو، لەپشت مێزێکەوە دانیشتبوو، سێ چوار تەلەفوون لەبەردەستیا بوو، چوار پێنج کەسیش بەدەوریا دانیشتبوون.. روی کردە من و گوتی: تۆ ئینسانێکی تێگەیشتوویت، نە ئازاری خۆت بدە و نەئازاری ئێمەش، لەبەر ئەوە چیت لێ دەپرسین راست و دروست وەڵامان بدەرەوە..

گوتم: باشە.

گوتی: لەکەیەوە پەیوەندیت لەگەڵ ئێراندا هەیە؟

گوتم: پەیوەندیم نییە..

گوتی: با پەیوەندیت هەیە..

گوتم: نەخێر..

گوتی: ئەوپاسدارانەی لەشانەدەریدا چاوت پێیان کەوت و لە تەکیاندا کۆبوویتەوە ناویان دەزانیت؟؟

گوتم: کەسم نەدیوە..

گوتی: ئەو کۆمەڵی ئێوەیە ناوی چییە؟

گوتم: لەکۆمەڵدا نیم..

گوتی: لقێکی حیزبی دەعوەن؟ یا جیاواز و سەر بەخۆ؟

گوتم: لەهیچ تاقم و کۆمەڵێیێکدا نیم، تا بزانم دەعوەن یا شتێکی ترن..

گوتی: حەرەس وەرن..

هاتن و گوتیان: فەرموو گەورەم!!..

گوتی: ئادەی، خۆی ریشی گرتم و تا هێزی تیا بوو دارێکی ماڵی بە تەوقی سەرمدا، ئەو دنیام هاتە پێشچاو، ئینجا بردمیان بۆ هەڵواسین، چاویان بەستمەوە و قایشێکیان لەهەردوو بن باڵم بەست، و بەشتێکدا هەڵیان

واسیم.. ئینجا ئەوەندەی بادام و سووڕاندمەوە تا رشامەوە، پاشان دایان گرتم..

ئینجا گوتی: راست بڵێ.. دەنا دەتکوژم..

گوتم: وەڵڵا پارچە پارچەیشم بکەیت، بوختان بۆ خۆم ناکەم و لەهیچ حیزب وتاقمێکدا نیم، و پەیوەندیم بە هیچ کۆمەڵێکەوە نییە، ئیتر لەخۆمەوە بڵێم چی؟

پاشان گوتی: وەڵڵا ئەمشەو سزایەکت ئەدەم وەك سزای دۆزەخ!!

گوتم: چ دەسەلاتێکم هەیە؟

بەڵێ، قسەکەی خۆی هێنایە دی، زۆر بێ رەحمانە سزای دەدام، ئازارێکی زۆری پێ چەشتم، بەکێبڵ بەربوونە لێدانی ژێر پێم، ئینجا کارەبایان لەنەرمایی هەردوو گوێم بەست، دوای ئەوە بەچەرخی گاز تووکەسەر و ریشیان دەسووتاندم!!

هەر دەمگوت: هیچ نازانم، و ئاگام لەهیچ نییە، و بوختانیان بۆ کردووم، دەنا من بێ تاوانم.

من زۆرم گوت و ئەوان کەمیان بیست، بەڵکو هەر هیچیان نە بیست، پاشان بردمیان بۆ ژێر زەمینی ژمارە دوو، لەوێ کردمیانە ژوورێك، ژوورەکە زۆر تاریك بوو، هەرچەند چاویشم بەسترابوو، دەنگی یەك دوانێکی ترم دەبیست، وەك ئەوە چەند کەسێکی تری تیا بێت ئاوەها بوو، بەڵام هەر نەم بینین ونەمزانی کێن وچین؟!

نزیکی شەش مانگێ لەو کاول بووەدا مامەوە، هەرچی جۆری ئازار وسزا هەبوو پێیان چەشتم. ڕۆژێکیان بەچاو بەستراوی بۆ ژوورێکی تریان بردم، فانیلە سپیەکەو بیجامەکەی ژێرەوەیان لەپێمدا هێشتەوەو گوتیان: رابکشێ، راکشام، گوتیان خۆت بتلێنەرەوە، وەك {بانگلێن} خۆمم تلاندەوە، هەستم دەکرد شتی تیژ بەلەشما دەچێت، تمەز رایەخی ژوورەکەیان کردووە بە شووشەی شکاو و وردە شووشەیان تیا بلاّو کردبوەوە! و بەسەر ئەو شووشانەدا تلاو تلیان پێ دەکردم، پاشان هێنامیانەوە ژوورەکەی خۆم، کەدەست لەگیانم ئەدەم شووشە هەموو گیانمی بڕیوە، بەڵام هەر پێم لە هیچ شتێ نەنا و ئیعتیرافم نەکرد..

لەبەر ئەوە کەلەشم هەمووی بووبوو بەبرین دەرمانیان دەکردم، ئیتر ئەو ئازارو سزایەم زۆر کەم بووەوە، بەڵام سزای دەروونیم هەر هەبوو، بۆ نموونە دەهاتنە بەر دەم دەلاقە بچکۆلەکەی دەرگاکەو دەمیان لار ئەکردەوە و ئەیان گوت: ها، ناوت چیا؟! چەند عەسکەر کوشتییا؟ تۆخەڵکی چۆ؟ لەم بابەتانەیان زۆربوو..

تا بەیانییەك حەرەسەکە هات و گوتی: خۆت ئامادە بکە و شتەکانت بپێچەرەوە.. سەیر لەوەدا بوو کەگوتی: شتەکانت بپێچەرەوە!! ئاخر من چیم هەبوو تا بیپێچمەوە؟

گوتم: بۆ؟

گوتی: دەر ئەچی..!!

بەڵێ، هەر ئەو رۆژە بەدەستی بەستراو وچاوی پێچراوە وە بردمیان بۆ دادگای شۆڕش!!(محكمة الثورة)، پاش ماوەیەك، دایان بەزاندم و بردمیانە بەردەم ژوورێك، کەلەپچەکەیان لەدەستم داکەند و چاو

پێچکەیان لەسەر چاوم لابرد، ئەو ئەمنانەی لەگەڵما بوون، یەکی دوو پلیان تەقاند و چوونە دەرەوە..

ماوەیەکی پێ چوو پۆلیسێکی کەتەی زل-بەڵام چووبوە ساڵەوە - هات و بەعەرەبی گوتی: ها، باوکە! تۆ چیت؟ عرەبیت کوردیت، تورکمانیت؟

گوتم: کوردم..

گوتی: لەسەرچی گیراوی؟

گوتم ئەڵێن: تۆ لەگەڵ ئێراندایت و خومەینیت خۆش دەوێت. هەرلەگەڵ ناوی ئیمام خۆمەینیم برد ئەو پیاوە موچڕکەیەکی پیا هات و گوتی: جا کارێکی باشت کردووە یان خراپ؟

گوتم: بابە من چ پەیوەندییەکم بەوەوە هەیە؟ تۆمەتم بۆ دەکەن.. ئەم قسەیەمی بەدڵ نەبوو..

ئینجا گوتی: ئەگەر ڕێگەت بۆبکەمەوە هەڵدێیت؟

وام زانی گاڵتەم پێدەکات، و پێم ڕا دەبوێرێ، زۆر بە بێ بایەخییەوە گوتم: ئەری وەڵڵا رادەکەم..

گوتی: هەندێ چاوەڕوان بە، تائێستا دێمەوە بۆلات..

پاش ئەوە کەرۆیشتە دەروە و ماوەیەکی پێچوو هاتەوە و گوتی: تەنیا رێگا ئەوەیە لەو دەلاقە پچکۆلەوە خۆت هەڵبدەیتە خوارەوە، و ئەگەر بتوانیت لەوێوە هەڵبێیت..

گوتم: باشە، و زۆر مەمنونیشت دەبم، بەڵام ئەگەر یارمەتیم نەدەیت ناتوانم سەر بکەوم!!

گوتی: کەمێ خۆ بگرە، رۆیشتە دەرەوە کەزانی کەس لەوناوەدا نییە، پشتی خۆی بۆ نەوی کردم و رۆیشتمە سەر هەردوو شانی، وەك جەك بەرزی کردمەوە.. کەدەستم گەیشتە دەلاقەکە هەڵقونام بۆی، تەماشای خوارەوەم کرد بەرزاییەکەی شەش مەتر دەبوو، ترسم بۆ پەیدا بوو ئەگەر خۆم فرێ بدەمە خوارەوە دەست و لاقێکم بشکێ!! بەڵام خێرا ئەنجامی مەحکەمەکەم هێنایە پێشچاوی خۆم: یا خنکاندن دەبێ یا حەپسی هەمیشەیی، ئیتر چشم کرد و بەئەسپایی دەستم داناو هەردوو لاقم شۆر کردە خوارەوە، ئینجا بازم دا.. سوپاس بۆخوا هیچم لێ نەهات..

بەڕاستی ئەو پۆلیسە عەرەبە پیاوەتییەکی گەورەی لەتەکا کردم خوا پاداشتی بداتەوە!! دڵنیاشم خوا پاداشتی دەداتەوە چونکە خوا دەفەرموی " وَمَنْ أَحْيَاهَا فَكَأَنَّمَا أَحْيَا النَّاسَ جَمِيعًا)[2] ئەوەی یەکێ لەمردن رزگار بکات وەك ئەوە وایە کە هەموو خەڵکی زیندوو کردبێتەوە..

بەڵێ، ئیتر منیش دوو سێ پێچم لێدا و بۆی دەرچووم. کۆڵان بەکۆڵان تا گەیشتمە سەر جادەی قیر، منداڵان بە: شێتە، شێتە!! دەکەوتنە شوێنم. ناهەقیشیان نەبوو، چونکە ببومە عیبرەتێك : پرچم درێژ ببو، سمێڵم هاتبوە ناو دەمم، ریشم تەواو درێژ ببو، شەش مانگ بوو خۆم نەشۆردبوو، چڵکن و کوڵکن، دەستێ بیجامەی شڕم لە بەرابوو.. بەرزی باڵایشم دوو مەتر و شتیکە، بەم هەیهەتەوە درێژ داهۆڵێك بووم بۆ خۆم..

لەسەر جادەی قیرەکە هەرچی دەستم لەتەکسی رادەگرت، شۆفیرەکان سەرێکیان دەر ئەهێنا و بەعەرەبی

---

2- سورة المائدة/32.

دیانگوت ها شێتە! چیت دەوێ؟ ئەوانیش وایان دەزانی شێتم!! ئیتر نەدەوەستان و دەڕۆیشتن..تا لەدوورەوە قەمەرەیەکم بینی رۆیشتمە ناوەڕاستی جادەکەو هەردوو دەستم بەملاو لای خۆما بلاّو کردەوە.. خاوەن ترومبێل کەنزیك بووەوە وەستا و گوتی: فەرموو سەربکەوە، منیش سەرکەوتم، و ماوەیەك رۆیشتین، ئینجا گوتی: لە کوێ بوویت؟

گوتم: کاکە گیان من شێت بووم و ئێستاش لەشیتخانە هەلاّتووم.

گوتی: بۆ کوێ دەچی؟

گوتم: زەحمەت نەبێ بمگەیەنە حەیدەرخانە..

گوتی: بەسەرچاو، پاش ئەوە ماوەیەك رۆیشتین گوتی: ناسراوت هەیە؟

گوتم: نەوەڵلا، بەلاّم خوا پەك ناخات..

گوتی: کەوابوو دەڕۆین بۆ ماڵی خۆمان..

گوتم: پێویست بەو زەحمەتە ناکات ماڵت ئاوەدان

بێت..

گوتی: بابە! زەحمەتی چی؟! قسەی وا هەر مەکە.. بەڵێ، پێچی بە قەمەرەکەی کردەوەو بەرەو گەڕەکی (...) بردین، لەوێ لەبەر دەرگایەکدا وەستا و زەنگی دەرگای لێدا. ئافرەتێك دەرگای کردەوە، هاوەڵەکەم گوتی: دایکی عەقیل! میوانمان هەیە.

ئەویش گوتی: میوان بەخێر بێ سەرچاو..

پاش ئەوە کەرۆیشتینە ئەودیو گوتی: دایکی عەقیل بێزەحمەت حەمامەکە دابخە..

گوتی: بەسەر چاو..

بەڵێ، ئەو حەمامی گەرمکرد و خۆیشی بەمقەست و شانە بەربووە سەرو ریشم، پاك ریشی بۆ تاشیم و سەری بۆ کورت کردمەوە و بەرسمێڵی بۆ گرتم. ئینجا گوتی: دە ئێستا بڕۆ حەمام و خۆت بشۆرە..

بەڵێ، رۆیشتمە ژوورەوە، تا من چڵکی شەش مانگەم خووساند و خۆم شۆرد ئەویش- خوا پاداشتی بداتەوە- رۆیشتبوە بازاڕ کراسێکی درێژ(دزداشە)و فانیلە و

دەرپێکورت و کلاوێکی سپی وجووتێ نەعلی بۆ هێنا بووم، و هاتە دەرگای حەمامەکە و گوتی: ئەوانە تازەن و لەبەر نەکراون، لە بەریان بکە.

کە خۆم گۆڕی هاتمە دەرەوە پێکەوە دانیشتین، باوکی وبراکانی هاتنەوە، بەخێرهاتنێکی گەرم و گوڕیان کردم، و زۆر ڕێزیان لێگرتم..

سێ ڕۆژ لەماڵیان مامەوە، و زۆر خزمەتێ باشیان کردم، پاش ئەوە پێی گوتم: کاکە گیان! تۆ شێت نیت، پێم بڵێ بزانم چیت لێ قەوماوە؟ تا ئەگەر بتوانم یارمەتییت بدەم؟

عادەتی عەرەب وایە تا سێ ڕۆژ لەمیوان ناپرسن، پاش ئەوە لێی ئەپرسن: چیت و چکارەیت، و دەتەوێ چی بکەیت و خەڵکی کوێیت؟؟

لەنوکەوە بەسەرهاتەکەی خۆمم بۆ گێڕایەوە و گوتم" منیش بەتەواوی متمانەم بەتۆ هەیەو ئیتر تۆیش خۆت و شیری پاکت..

گوتی: بێ خەم بە، ماڵ وترومبێل وخۆم وباوك

وبراكان و ژن ومندالْت لەسەر دائەنێم! ئێستا وابزانە گەیشتویتەوە ماڵ خۆتان، یەك گەردیلە ترست نەبێ و دڵ بەدڵ نەدەیت!! ئینشائەڵلا بە بێوەی دەگەڕێیتەوە ناو ماڵ ومندالْی خۆت..

منیش زۆر دوعای خێرم بۆ کرد وگوتم: برا هەر ئەو دوعاخێرانەم لەدەست دێت، خوا پاداشتی خێرت بداتەوە..

ماوەی حەوت رۆژ لەماڵ (ئەبو عەقیل) دا مامەوە، کاتێ نوێژ دەبوو بەجەماعەت نوێژمان دەکرد، قورئانێکی باشی لەبەربوو، عیبادەتێکی چاکی هەبوو، ئەو حەوت رۆژە خزمەتیان کردم، رۆژ بەرۆژ روویان خۆشتر دەبوو، خزمەتیان باشتر دەبوو، ئاخری گوتم: کاکە گیان! ماڵت ئاوابێ و خوا پاداشتی خێرتان بداتەوە، ئیتر من دەمەوێ بڕۆمەوە و ئەرك و ئازارتان سووك بکەم..

گوتی: بابەگیان! ئەڵبەت پێمان رازی نابی و لەوانەیە وەك پێویست نەمانتوانیبێ خزمەتت بکەین، بۆیە

جێمان دێڵی؟؟

گوتم: بەخوا براگیان! مەگەر برای زۆر چاك بتوانێ ئەو خزمەتە بكات كە ئێوە لەتەك منا كردتان..بەلاّم شەش مانگە من گیراوم و بێ سەرو شوێنم ومالّ ومندالّم هیچ هەوالّێكم نازانن، و دەمەوێ بڕۆمەوە ناویان و — ئینشائەلّلا — پێیان شاد ببمەوە..

گوتی: دەی برا هەروا وێڵت ناكەم تۆ هەویە و پێناسەت پێیە؟؟

گوتم: نە خێر..

گوتی: دڵ بە دڵ مەدە خۆم دەربازت دەكەم، و ڕێگە دەزانم، ئایا سایەقی دەزانیت؟

گوتم: بەڵێ..

گوتی: كەوابوو كارەكەمان ئاسانتر بوو، دەبێ لەتەكتا بم، تا دەتگەیەنمەوە ناو كەس وكاری خۆت.!!

گوتم: برا! ئەو زەحمەتە مەكێشە و تائێستا خزمەتتان كردووم و ئیتر بەسە، چونكە ئەگەر تۆ پێت بزانرێ كە

منت خزمەت كردووە دەتكوژن، خۆ ئەگەر خوا نەخواستە لە ڕێگەدا بگیرێین تۆش وەك من سەیر دەكرێیت، و لەوانەیە حوكمی تۆ توند تربێ.

گوتی: براگیان! ئەمە ئەركی سەرشانمە و من هیچ چاكەیەكم لەگەڵ تۆدا نەكردوە، ئەمە هەقی برایەتییە بەسەرمانەوە، من و تۆ چ جیاوازییەكمان هەیە؟ تۆ بێ تاوانیت، لەپێناو رزگاركردنی موسڵمانێكی بێ تاواندا چیم بەسەردێ، بابێت.. و سوپاسی خوا دەكەین.. ئەی تۆ نازانی پێغەممەر صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: "مَنْ فَرَّجَ عَنْ مُسْلِمٍ كُرْبَةً فَرَّجَ اللَّهُ عَنْهُ كُرْبَةً مِنْ كُرُبَاتِ يَوْمِ الْقِيَامَةِ". [3] كەسێ دەروویەك لەموسڵمانێ بكاتەوە خوا لەدنیاو قیامەتا دەرووی لێ دەكاتەوە"؟

براگیان! خوا داوامان لێ دەكات یارمەتی یەكتر بدەین و لەكردەوەی چاكەدا هاریكاری بكەین و بەدەنگی یەكترەوە بێین.. ئەوتە دەفەرموێ: (وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى)[4]

---

3- أخرجه البخاري فى المظالم برقم: 2262 ، و مسلم في كتاب البر، برقم: 4677.

4- سورة المائدة/ 2.

خۆ ئەگەر من لەجێی تۆدا بومایە پێم خۆش بوو کەسێك ببێ رزگارم بکات، دەی پێغەممەریش صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی: یەکێك لەئێوە ئیمانی نابێ تا ئەوەی بۆخۆی پێی خۆشە بۆ برا دینییەکەیشی پێی خۆش نەبێ. کەوابوو ئەوەی بۆخۆمم پێ خۆشە، ئەگەر بۆتۆیشم پێ خۆش نەبێ بە ئیماندار حسێب ناکرێم.

گوتم: برا! سەرفرازی دنیاو قیامەت بی، وەڵلاهی پڕ بەدڵ پێم خۆشە رزگارم بکەیت، بەلاَم پێم ناخۆشە بەهۆی منەوە شتێکت بەسەربێ، دەنا مژدەت بدەمێ خوات لەگەڵدایە، چونکە خوا لەئایەتێکدا دەفەرموێ: ئێستا دەقی ئایەتەکەم باش لەبەر نییە، واتاکەی وایە:(بێگومان خوا لە گەڵ پارێزکاران وجوانکاران دایە)(5)

هەروەها پێغەممەریش صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی خوا یارمەتی دەری ئەو کەسانەیە کە یارمەتی برای موسڵمانیان دەدەن.( وَاللَّهُ فِي عَوْنِ الْعَبْدِ

5- (إِنَّ اللَّهَ مَعَ الَّذِينَ اتَّقَوْا وَالَّذِينَ هُمْ مُحْسِنُونَ) سورة النحل/128.

مَا كَانَ الْعَبْدُ فِي عَوْنِ أَخِيهِ) [6]

وه هەروەها ئیمام عەلی خوا لێی رازیبێ ئامۆژگاری حەسەنی کوڕی دەکات و پێی دەڵێ: کورم! ئەوەی بۆ خۆت پێت خۆشە بۆخەڵکیش پێت خۆشبێ، وئەوەی بۆخۆتت پێ ناخۆشە بۆ برایانی موسڵمانیشت پێت ناخۆش بێ، ئەوکاتە موسڵمانی تەواوی.. [7]

گوتی: براگیان! سوپاس بۆ خوا ئێمە موسڵمانین و موسڵمانیش کاتێ موسوڵمانە کە بایەخ بەکارو پێویستی برای موسڵمانی بدات.. ئەوتە پێغەممەر صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: ئەوەی بایەخ بە کاری موسڵمانان نەدات ئەوە لەوان نییە: (منْ لَمْ يَهْتَم بِأَمْرِ الْمُسْلِمِينَ فَلَيْسَ مِنْهُمْ). [8]

بەڵێ، ئەم پیاوە جوامێرە خواردن وخۆراکی رێگەی ئامادە کرد و سوار ترومبێلەکەی خۆی کردم، پێش

---

6- أخرجه مسلم في كتاب الذكر والدعاء/ برقم:4867.

7- نهج البلاغة/ .

8- أخرجه الطبراني في الصغير والأوسط. "ضعيف"سندا، وصحيح معنا.

سەیتەرەکەی خانی بەنی سەعد من رۆیشتمە جێی ئەو و ئەویش هاتە جێی من، لەسەیتەرەکەدا وەك ئەو خەڵکەی تر وەستاین، و سلاَّویَکمان کرد، ئەوانیش بەعەرەبی گوتیان: باوکم! فەرموون، ئەوە بۆچ وەستاون؟ فەرموو بڕۆن!!

بەڵێ منیش جوتێ نەعلم لەسەرپێیەو دزداشەیەکی سپیم لەبەرایە،و کلاَّوێکی سپیشم لەسەردایە، بەوجۆرە بەرێ و لارێدا هاتین تا گەیشتینە (عەربەت) و گوتی: کاکە گیان! من تا ئێرە شارەزام.

گوتم: برا! ماڵت ئاوەدان بێ، ئیتر خۆیشم لەمەولا شارەزاترم. لەموان ودێهاتەکانی شارەزوورەوە بە لارێدا هاتین تاگەیشتینە (سەیید صادق)و رۆیشتینە بەردەرگای ماڵ خۆمان، ماڵ خۆمان چۆڵیان کردبوو، لە تەك ئەبو عەقیلدا ئەملاو لای یەکترمان ماچ کرد و خواحافیزیمان لەیەکتر کرد، گوتم: برا! مەگەر مردن ئەم پیاوەتییەی تۆم لەبیربباتەوە، دەنا هەرگیز لەیادم ناچێ، بەلاَّم خۆزگا بم توانییایە رۆژێك لە رۆژان پاداشتی ئەوچاکەیەت

بدەمەوە!! ئەو بەشوێنی خۆیا گەڕایەوە و منیش کۆڵێ دوعای خێرم بۆ کرد.

موسڵمانێکیش گوتی: دڵنیابە ئەگەر تۆ بۆت ڕێ نەکەوێ چاکەکەی بدەیتەوە، بێگومان خوا پاداشتی دەداتەوە.. سوپاس بۆ خوا  کە نیعمەتی ئیسلامی پێ بەخشیوین.. ئەو ئیسلامەی پیاوی وا دروست دەکات..

# # #

**جوامێری**

٢

# سەرۆك پۆلیسەكانی مەئمون

**روداوێكی ناودڵی مێژووە و جوامێری كە سێك باس دەكات**

نووسینی

**ئەدیب و نووسەری بەناوبانگ ( الجاحظ )**

وەرگێڕانی بەدەستكارییەوە

**د. حەسەنی پێنجوێنی**

جاحیز دەگێڕێتەوەو دەڵێ: سەرۆکی پۆلیسی مەئموون دەڵێ: ئێوارەیەك خەلیفە مەئموون( پاشای عەبباسی) ناردی بە شوێنما، کە ڕۆیشتم دیتم زۆر تووڕەیە، کەف دەچەرێنێ، چاوی دەر تۆقاندووە، وەك دەڵێن: چاوی پەڕیبووە تەوقی سەری، پیاوێك لەوناوەدا کەوتبوو، هەردوو دەستی زنجیر، و هەردوو پێی بەپێوەند کۆت کرابوو.

پاشا رووی کردە من و گوتی: ئەم تاوانبارە دەبەیتەوە ماڵ خۆتان، ئەم شەو خۆت ئاگاداری لێ بکە و متمانە بەکەس نەکەیت، بەباشی ئاگات لێی بێت، ئەگەر ئەمە هەڵبێ وبڕوات لەجیاتی ئەو تۆ سەر دەبڕم!!

گوتم: فەرمانت بەجێیە قوربان!

فەرمانم کرد خستیانە ناو دارمەیتێکەوە و چوار پاسەوان هەڵیان گرت، و بردیانەوە بۆماڵ خۆمان، چونکە نەیدەتوانی بەپێ بڕوات..

شەوێ لەژوورەکەی خۆما دام نا، چونکە فەرمانەکەی

شا زۆر توند و تیژ بوو، پاش نان خواردن ویستم قسەیەك دابمەزرێنم، بۆیە گوتم: ئەرێ تۆ خەڵكی كوێیت؟

گوتی: خەڵكی شامم(مەبەستی دیمشقە، چونكە بەدیمشق ئەڵێن: شام..).

گوتم: هەزار ڕەحمەت لەشام وخەڵكی شام. باشە، تۆ كەخەڵكی شامیت فـلآن كەسی كوڕی فـلآن كەس ناناسیت؟

ئەویش گوتی: بۆچ هەواڵی دەپرسیت؟

گوتم: كاتی خۆی جوامێری و پیاوەتییەكی زۆر گەورەی لەگەڵما كردووە، و ماوەیەكی زۆرە بەشوێنیا وێڵم و دەمەوێ پاداشتی ئەوچاكەیەی بدەمەوە، بەڵآم دەستم ناكەوێ!!

گوتی: پیاوەتییەكەی چی بووە لەتەكتا؟

گوتم: كاتی خۆی من كار بەدەستی دەوڵەت بووم لەشامدا، لەناو خەڵكیدا ئاژاوەو پشێوییەك دروست بوو، خەڵكی هەڵیان كوتایە سەر دام ودەزگای دەوڵەتی، ئەوەی

کوژرا کوشتیان، هەندێکیش گیرا، و ئەوەش توانی هەڵبێ دەر بازبوو، من یەکێك بووم لەوانەی هەڵهاتم، جادە بەجادەو کۆلآن بەکۆلآن کەوتنە شوێنم، منیش خۆم کرد بەکۆلآنێکا دەرگای ماڵە گەورەیەك کراوەبوو، خۆم کرد بەژووریدا، خاوەن ماڵەکە لەودیو دەرگاکەوەبوو، گوتم: پەنام بەخوا هێناوە، و پاشان بە ئێوە، پەنام بدەن؟

خاوەن ماڵ زۆر پیاوانە گوتی: پەنا دراوی، ئیتر دەرگای داخست و زۆری پێ نەچوو ئاژاوەچییەکان لەدەرگایان دا و گوتیان: دەرگامان بۆ بکەنەوە، با ئەو هەڵهاتووە بگرین..

خاوەن ماڵ رۆیشتە پشت دەرگاکەوەو پێی گوتن: چیتان دەوێ؟

گوتیان: ئەو راکردووەمان دەوێ کە ئیستا خۆی بەماڵی ئێوەدا کرد..

ئەویش گوتی: شتی وانییە، و کەس نەهاتۆتە ئێرە..

گوتیان: خۆمان بەچاوی خۆمان دیمان خۆی بەم ماڵەدا کرد..

گوتی: شتی وانییە، ئەگەر پێتان خۆشە، دەرکەتان بۆ دەکەمەوە، خۆتان بێنماڵەکە بپشکنن!!

گوتیان: باشە..

ئەویش هات منی بردە ژووری خێزانەکانیەوە، و لەوێ دایانم، و رۆیشت دەرگاکەی بۆ کردنەوە، و گوتی: وەرن خۆتان بگەڕێن..

ئەوانیش هاتنە ژوورەوە، دەستیان بە پشکنین کرد، هەرچی گەڕان هیچیان دەست نەکەوت، و ویستیان بێنە ژووری حەرەم و خێزانەکانەوە، ژنەکان لێیان تووڕە بوون و گوتیان: هەی وای وا پێکراوانە! دەتانەوێ بێنە ژووری حەرەمەوە؟! لێیان تووڕە بوون و دەریان کردن.

پاش ئەوە کە ئەوان رۆیشتن، هات منی هێنایە دەرەوە و بردمیە حەمامەکەی خۆیان و باشترین جل و بەرگی خۆی بۆ هێنام و کردمە بەرم، و لەماڵ خۆیاندا ژوورێکی تایبەتی دامێ، و تاماوەی چل رۆژی تەواو خزمەتی کردم، بێ ئەوەی لێم بپرسێت ئەرێ تۆ چ کارەیت؟ یاخەڵکی کوێیت؟ بۆچی راویان نایت؟ ماوەی

ئەم چل رۆژە خزمەتیان کردم، و رۆژ بەرۆژیش روویان خۆشتر دەبوو لەگەڵما و خزمەتیان بۆم باشتر دەبوو..

ئاخری رۆژێکیان پێم گوت: برا تۆ پیاوەتیەکی زۆرگەورەت لەتەك منا کرد، لەراستیدا من ناتوانم هەرگیز ئەم پیاوەتیەی تۆ بدەمەوە، بەڵآم من خەڵکی بەغدادم و ئێستا کەس و کارم نازانن لەکوێم و چیم بەسەر هاتووە؟! لەبەر ئەوە تکا دەکەم هەواڵێکی کاروانی بەغدام بۆ بزانە، ئەگەر هاتبوو دەمەوێ لەتەکیانا بڕۆمەوە؟

ئەویش گوتی: دەترسم نەمانتوانیبێ بەدڵی خۆت خزمەتت بکەین، و دڵت لێمان یەشابێت؟

گوتم: خوا پاداشتان بداتەوە، بەڕاستی ئێوە خزمەتێکتان کردم، برایش ئاوەها خزمەتی برا ناکات، مەگەر هەر خوا پاداشتی ئێوە بداتەوە. نەوەڵلا دڵم لێتان نەیەشاوە، و زۆر مەمنوونتانم، بەڵآم هەروەك گوتم: کەس و کارم لێم بێ ئاگان و هەواڵم نازانن، دەمەوێ بڕۆمەوە بۆ ناویان.

گوتی: ئەمڕۆ هەواڵت بۆ دەپرسم، ئەو ڕۆژە هەواڵی پرسیبوو، ئێوارە هاتەوە و گوتی: کاروانی بەغدا هاتووە، و ڕۆژی شەممەی داهاتوو(پاش چوار ڕۆژی تر) ئەگەڕێنەوە، تۆیش پاش نوێژی بەیانییەکەی خۆت ئامادەبکەو خۆت کۆ بکەرەوە تا لەگەڵیاندا بڕۆیت.

کاتێ گوتی: خوت ئامادە بکەو خۆت کۆبکەرەوە، ناوکم کەوت، چونکە من هەر خۆم و گوێمم، هیچ شتێکم نییە، ئەم سەفەرەش دوور و درێژە، زەخیرە و توێشووی زۆری دەوێ. منیش نەپارە و پوولێکم پێیە، نە کەرەسەی ڕێگەیش. بەهەر حاڵ تا ڕۆژی شەممە چاوەڕوانیم کرد، بەیانییەکەی زوو خەبەری کردمەوە، و گوتی: خۆت ئامادە بکە، منیش خۆم پێچایەوە، و لە ژوورەکەم هاتمە دەرەوە، گوتی: باری ئەو هێسترە نوێن و زەخیرەیە بۆ ڕێگات تا ئیسراحەت بکەیت، ئەوەش نۆکەرێکە لە تەکتا دەبێت تا ئەوێ خزمەتت دەکات، ئەوەش چەکی خۆمە باپیت بێت، چەك هاوەڵە، ئەوەش پێنج هەزار دینار باپێت بێت بۆ خەرجی ڕێگاو بان!!

هەرچی هەوڵم دا کە لێی وەرنەگرم بێ سوود بوو.. هات لەتەکمانا تا دەرەوەی شار رەوانەی کردم.. ئەمە جوامێری ئەو پیاوە دیمشقیە بوو کە من بەشوێنیا وێڵم !!

پیاوەی کۆت و زنجیر کراو گوتی: تۆ ئێستا بەشوێنیا دەگەڕێیت و دەتەوێ چاکەی لەتەکا بکەیت؟

گوتم: بەلێ..

گوتی: ئەو پیاوە ئەوەیە کە لەبەر دەستتا کەوتووە، و لای تۆ کۆت و زنجیر کراوە..

دەلێ: کەوای گوت تەزوویەك وەك بروسکە دای لەتەوقی سەرم ولە نووکی پێمەوە دەرچوو!! کە بەوردی سەرنجم داو لێی ورد بوومەوە، بەلێ، ئەمە ئەو جوامێرەیە، کە تەنیا قاپلۆخەکەی ماوە، لەژێر ئازارو ئەشکەنجەدا نیوە گیان بووە!!

باوەشم پیا کرد و ئەملاو لام ماچ کرد، و هەر ئەو شەوە رۆیشتم ئاسنگەرم هێنا، کۆت و زنجیرەکانم شکاند، و بردمە حەمامەکەی خۆمانەوە، و باشترین پۆشاکی

خۆمم بۆ برد بیکاتە بەری، هەر ئەو شەوە ولآخم بۆ ئامادە کرد، و دە دوانزە سوارم ئامادەکرد، و پێم گوت: هەر ئێستا رێت بۆ دەکەمەوە بۆ ئەوەی هەڵبێیت، ئەو سوارانە تا ناوچەی ئەنبار(رەمادی)و سەر سنووری شام رەوانەت دەکەن، ئەوەش دەهەزار درهەمە باپێت بێ بۆ رێگە، و ئەسپەکەی خۆشم بۆ سواری خۆت، و ئەوەش شمشێرەکەی لاقەدی خۆم ..

گوتی: من زۆر مەمنوونم وسوپاست دەکەم، بەلآم پاشا زۆر رقی لێم داگیرساوە، ئەگەر بڕۆمە ژێر هەورەکانیشەوە دەرم دێنێ و دەم دۆزێتەوە، ئەو کاتە منیش و تۆیش دەکوژێت، جا بۆ بەخۆڕایی تۆیش تیا بچیت؟ تۆ دەتوانی کارێکی تر بکەیت، دەتوانی لای پاشا تکام بۆ بکەیت، و هەوڵم بۆ بدەیت کە لێم ببووریَ..

گوتم: حەتمەن قسوور ناکەم، و تا لەتوانامدا بێت هەولّ دەدەم، و ئەگەر هەر رازی نەبوو دەبێ من لەپێش تۆدا بکوژیَ.. هەر ئەو شەوە ناردم بەپێی پێویستی خۆم کفنیان بۆهێنام، و بەیانی رۆیشتم بۆلای پاشاو هەر

لەدوورەوە چاوی پێم کەوت، چاوی دەرپەڕاند و بەتووڕەییەوە گوتی: قەسەم بەخوا ئەگەر دەرباز بووبێ سەرت لەلاشەت جیا دەکەمەوە..

گوتم: قوربان! خەمت نەبێ، هەڵنەهاتووە، هەر لێرەیەو لەماڵ خۆمانە.. بەڵام ئەگەر رێم بدەیت، شتێك لەنێوان من و ئەوپیاوەدا رووی داوە دەمەوێ بۆت باس بکەم، و بەرێزتانی لێ ئاگادار بکەمەوە، ئەوکاتە خۆتان چ فەرمانێك دەدەن، فەرمان فەرمانی خۆتانە..

پاشا گوتی: بلێ بزانم..

بەسەرهاتەکەی خۆم لەدیمشقا و پیاوەتییەکەی ئەوم بۆ گێڕایەوە، و گوتم: قوربان! ئێستاش من هاتووم بۆلای بەڕێزتان کە بەگەورەیی و لوتفی خۆتان بیبەخشن بەمن، ئەگەر هەر نایشی بەخشن، ئەوەتە من کفنم لەتەك خۆمدا هێناوە تا من لەجیاتی ئەو سەر بڕن!!

پاشا لە جوامێری پیاوە شامیەکە سەر سام بوو!! گوتی: ئێستا ئەمە ئەوەند جوامێر بووە، و ئەو پیاوەتییەگەورەی لەتەك تۆدا کردووە؟

گوتم: بەڵێ، قوربان!

گوتی: منیش دەیبەخشم بەو جوامێرییەی. بەڵآم برۆ بیهێنە بۆ دیوان، تا کۆڕی وەزیران ئەم دوو جوامێرییەی تۆو ئەو ببیستن و روونی بکەنەوە، ئایا جوامێری کامتان گەورەتربووە؟

گوتم: فەرمان بەردارم گەورەم..

رۆیشتمەوە بۆماڵ، هەر لەدوورەوە مژدەم بە هاوەڵەکەم دا و گوتم: پاشا بەخشیتی و لێبوردنی بۆ دەرکردیت.. ئای لەو خۆشی و شادییە!! کە هەموو گیانی هاوەڵەکەمی گرتەوە!! باوەشی پیاکردم و لەخۆشیا هەموو گیانی پێ دەکەنی..

پێکەوە رۆیشتین بۆ دیوانی شا، وەزیران بەدەوری شادا کۆڕیان بەستبوو. پاشا رووی کردە من و گوتی: بۆمان بگێرەوە ئەم پیاوە چ پیاوەتییەکی لەتەکا کردوویت؟!

منیش بەدوور ودرێژی باسەکەی خۆم وئەوم لەدیمشقا بۆ گێڕانەوە.. پاش ئەوە داوی لە شامییەکە کرد جوامێری و پیاوەتی من بەرامبەر بەو بگێڕێتەوە..

ئەویش بەدوورو درێژی باسەکەی بۆ گێڕانەوە.. ئینجا پاشا رووی کردە وەزیران و گوتی: ئەم دووانە پیاوەتیان کردووە، لەتەك یەكترا، پیاوەتی کامیان گرنگتر و گەورە تر بووە؟

ئەوانیش گوتیان: لەراستیدا پیاوەتی هەردووکیان یەك لەیەك گرنگتر وبە نرخترە، ئەو لەنە دیو و نەناسراوی ئەو پیاوەتییە گەورەی لەتەکا کردووە، و ئەمیش لەبەرامبەرەوە، کفنی هێناوەو هاتووە گیانی خۆی لەپێناویا بەخت بکات!! گاڵتەی پێ ناکرێت، لەگەڵ ئەوەدا جوامێری یەکەم گرنگترە چونکە لەبەرامبەر هیچ شتێکەوە نەبووە، بەڵام جوامێری دوەمیش لەراستیدا جێی رێزە، چونکە تا سنووری گیان لە پێناو بەختکردنا هاتووە، کە گیانیش لەهەموو شتێك خۆشەویسترە!! لەگەڵ ئەوەدا هەر یەکەم گرنگتر بووە چونکە جوامێری دووەم لەبەر ئەو چاکەو پیاوەتییەوە ئەنجام دراوە..

پاشا گوتی: ئەوا منیش بەخشیم بەو جوامێرییەی خۆی.

**خوا جوامێرانی خۆش دەوێ، خۆی دەفەرموێ: "** وَأَحْسِنُوا إِنَّ اللهَ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ"[9] **واتە: جوامێر و چاکە خوازبن بێگومان خوا چاکەکارانی خۆش دوێت.**

**باو باپیرانی ئێمەش بەرەحمەت بن گوتویانە: چاکە بکەو بیدە بەدەم ئاوەوە.. رۆژێك دێت دەگاتە فریات..**

**خۆ ئەگەر لەم دنیادا نەبوو، بۆ قیامەت مسوەگەرە، مادام باسکردن و منەت بەسەرا کردن پووچ و بەتاڵی نەکردبێتەوە..**

**خوایش دەفەرموێ:** "ياأَيُّهَالَّذِينَ آمَنُوا لا تُبْطِلوا صَدقاتِكُم بِالمَنِّ وَالأذَى"[10].

# # #

---

[9]- سورة البقرة/195.
[10]- سورة البقرة/264.

**جوامێری**

٣

# بـــــاوەلێ

**ڕووداوێکی واقیعییە**

و

**جوامێری موسڵمانێکی کورد پیشان دەدات**

نووسینی

**د. حەسەنی پێنجوێنی**

رۆژی دوو شـەممەو رێکـەوتی 1988/9/26 بـوو، تـازە وەرزی پایز بەخۆی وخێرو بێریەوە سەری هەڵدابوو، لـە ئوستانداری سنە وە موافەقەتم بـۆ ئوسـتانداری کرماشـان وەرگرتبوو، کە رێگەم بدەن لە شـاری {پـاوە}وە بـرۆم بـۆ شاری {سنە}. لە کرماشانەوە ناردمیان بۆ پاوە تا فایـل و تۆمارەکەم بێنم و فەرمانی نەقڵ بوونەکەم بۆ بنووسن.

کـاتێ گەیشـتمە پـاوە سـەعات یـەکی دوا نیـوەڕۆ بـوو، لەبــەر ئــەوە فەرمانــداری کارەکــەیان بــۆ نــەکردم وخستیانەوە رۆژی دوایی تر.

منیش رۆیشتمە مزگەوتی ئینقیلاب نوێژی نیوەڕۆم بـە کـورتی(قَصْــر) خوێنــد و عەسریشــم هێنایــە پــەنای بــە(جَمْــعُ التقْـديم)، پاشــان کــەمێك هــەلآژام ویســتم سـەروەنەوزێ بشکێنم، بـەلآم گاڵـە گـاڵ و دەنگـە دەنگـی برین پێچ و فەڕاشی خەستەخانە کەمنداڵیان لەهەیوانی مزگەوتەکـدا دەکوتـا و دەرزییـان دژی نەخۆشـییە پـەتا

دارەکـان لێـدەدان، نەیهێشـت خـەوم لـێ بکـەوێ، ناچـار هەستام و هاتمە دەرەوە..

هەنـدێ بـرادەران خولکیـان کـردم و خـولکێکی گـەرم بەڵام لەبەر ئەوەی کاتی نیوەڕۆ و پشوودانی ماڵ ومنـداڵ بوو، لەتەکیانا نەرۆیشتم و لەبازار نانم خوارد.

تەلەفونیشم بـۆ مامۆسـتا مـەلا ئەحمـەدی بـارامی کـرد، گـوتی: ئێمـە کارێکمـان هەیـە و دەبـێ سـەعاتی سـێی دوانیـوەڕۆ بچینە دەر، بـەڵام پـێم خۆشـە تـۆ بێیتـەوە و لێرە ئیسراحەت بکەیت، ئەڵبەت زۆر خولکی کردم بـەڵام گفـتم نـەدا.. گـوتی: کـەوابوو حەتمـەن ئـەبێ بـۆ ئێـوارە بێیتـەوە. بـەڵێنم دایـێ، بـەڵام کـاتێ ئێـوارە رۆیشـتمەوە لـەماڵ نـەبوو، تمـەز لـەماڵی برادەرێکـی دەعـوەت کـراوە کەچی منی ئاگادار نەکردبوەوە، ئـیتر منـیش نەڕۆیشـتمە ماڵیانەوە، و رۆیشتمە ماڵ خەزووری.

خـەزووری نـاوی سـەیید موحەممـەدە و پۆلیسـی خانـە نشـینە، لـە رواڵـەتا مـۆن و رووتـرش و ناوچـاو تـاڵ بـوو، بــەڵام کــە لەگــەڵیا دانیشــتی بەتــەواوی پێچــەوانەی

رواڵەتی بوو، پیاوێکی بە ماریفەت  و بەرێز و قسەخۆش و جوامێر..

کاتێ دانیشتین ودەستمان بەقسەکرد من باسێکم بۆ گێڕایەوە لەبارەی جوامێرییەوە، وەك خۆی گوتی: بەڕاستی کاك حەسەن باسەکەت خۆش وسەرنج راکێش بوو، ئەوی راستی بێ منیش شتێکی بچکۆلەم لەژیانی خۆما دیوە با بۆت بگێڕمەوە.

گوتم: فەرموو، بیگێڕەرەوە، منیش باسەکەیم بەلاوە پەسەند بوو بۆ ئەوە دەشیا بخرێتە ریزی زنجیرەی جوامێرییەوە، بۆیە لە ژێر ناوی (باوەلێ)دا تۆمارم کرد.. بەو هیوایەی لای ئێوەی خوێنەریش پەسەند بێ و سوودی بۆ هەموان هەبێ، و هاندەر بێ بۆ پیاوەتی کردن، وجوامێری زۆرترو زیاتر..

تێبینی:

لەناوچەی{بانە}دا بە سەیید دەڵێن: باوەلێ .. وەك رێز و ئیحتیرامێك بۆ نەوەی پێغەممەر صلی الله علیە وسلم بەکاری دێنن، رووداوەکە لەوێ رووی داوە، بۆیە

هەر ئەو ناوەشمان بۆ هەڵبژارد..

## فەلاقەی جەنگەڵبانی:

گوتی: کاتی خۆی پووڵ و پارە نەبوو، خەڵکی هەژارو نەدار بوون، پیاوی دەوڵەمەند زۆر کەم بوو، کەسێ وەزیفەی پۆلیسی دەست بکەوتایە و ببوایەتە (ژاندار) وەك بووبێتە حاکم ئاوەها بوو، منیش لەو بێ کارییەدا حەزم دەکرد ببمە ژاندار و هەوڵێکی باشم بۆ داو بەئاواتی خۆم گەیشتم.

هەروەك روونە ژانداری وەزیفەیەکی دەوڵەتییە، دیاریکردنی جێ و شوێنی وەزیفەکەم بەدەست خۆم نەبوو، بەڵکو دەوڵەت بۆی دیاری کردم و بەرناوچەی بانە کەوتم. ئەو ناوچەیەش چەتە و قاچاخچی لێ نابڕێ، ناوبەناویش پیاو خراپ لەهەموو شوێنێکدا هەیە، بەتایبەت خەڵکەکە مەرز نشین و لەسەر سنووری عیراقدان.

خەڵکێکی زۆریش لەو ناوچەیەدا بەخەڵوز فرۆشیەوە خەریك بوون و بەزۆری بەرەو سەقزیان دەبرد.

رۆژێ کارمەنــدێکی جەنگــەلبانی ئــەوەی پارێزگــاری لەدارستان دەکات هاواری بۆ پاسگاکەی ئێمە هێنا و گوتی: خـەڵووز فرۆشـەکان کوتـەك کارییـەکی باشـیان کـردووم و هەموو گیانیان شکاندووم..

تمـەز کـابرا رێـی پـێ گرتـوون و قسـەی پـێ گوتـوون، ئەوانیش دیویانـە چەکی پـێ نییـە، گرتویانـە بـەئارەزوو دارکارییان کردووە.

## میرەدێ:

سـەرۆکی پاسـگاکەمان فـەرمانی دەرکـرد لەهـەرکوێ و لەهـەر کاتێکـدا خـەڵووز فرۆشـتان دی بیـان گـرن و بیـان هێنن، ئێمەش چەند رۆژێ لەوبەر ئاوەکەی( مـیرەدێ)وە لــە نیــوەرێی ســەقزو بانــە دادەنیشــتین، چــەند بــارێ خـەڵووزمان بینـی، سـەرۆکی پاسـگاکە گـۆتی: بـڕۆن بیـان گرن و بیان هێنن، ئێمەش رۆیشتین هێنامانن.

من داوام لەسەرۆك پاسکا کـرد کـەبارەکانیان نـەگرین و خـەڵووزە کانیـان زەوت نەکـەین.. لـەناو قسـەکاندا منیـان بانگ دەکرد: ئا سەیید، خەڵووز فرۆشەکان زانییان کـەمن

سەییدم.

پیاوێکی پیری ریش سپی لەناو خەڵووز فرۆشەکاندا بوو، هاتە نزیکمەوەو دەستەو دامێنم بوو، گوتی: باوەڵێ گیان! پیاوی چاك بە تۆ بارە خەڵووزەکەی من ببەرەوە، داخوازییەکەی جێگەی سەرسووڕمان بوو، لەگەڵ ئەوەدا داواکەیم قبووڵ کرد و گوتم: باشە..

## چایی سەیلان:

بەلێ، ئێمە لەگەڵ مامەی ریش سپی دا رۆیشتینەوە ماڵ خۆمان، نان و خوان ئامادە کرابوو، خوا چی دابوو هێنایان، فەرمووومان لێکرد تانانمان لەتەکا بخوات، مامەی ریش سپی نەهاتە پێشەوە و نانی نەخوارد!! هەرچەند هەوڵمان دا بێ سوود بوو، زۆرمان پێ ناخۆش بوو کە نانمان نەخوات، بۆیە لێمان پرسی: هۆی چییە نان ناخۆیت؟

گوتی: تا بەڵێنم نەدەنێ بۆیارمەتیدان و دڵنیا بوونم نان ناخۆم!

ئێمەش گوتمان بابەگیان! بەڵێن بێ بەڵێنی ئەمینیت

دەدەینێ و یارمەتیشت دەدەین!!

گوتی: کەوابوو منیش نان دەخۆم.

پاش نان خواردنەکە گوتم: خاڵەگیان! چ کۆمەکی و یارمەتییەکت دەوێ؟ من چیم لەدەست دێت تا بۆت ئەنجام بدەم؟

گوتی: باوەڵێ گیان! داخوازییەکەی من لای تۆ زۆر ئاسانە، دەتوانی بەباشی یارمەتیم بدەیت..

گوتم: دەی داوا کارییەکەت بڵێ، بزانم چییە؟

گوتی: من منداڵێکی زۆرو وردم هەیە، خێزانێکی گەورەم بەسەرا کەوتووە، ئەمەش وای لەمن کردووە، ناچار ببم کاری قاچاخی بکەم..

گوتم: چۆن؟

گوتی: ئەوبارە خەڵووزەی من خەڵوز نییە، دوو صندووق چای سەیلانی تێدایە، پارەیەکم وەرگرتووە تا بیگەیەنمە سەقز، جا ئیتر تۆیش خۆت وشیری پاکت. دڵنیابە خێزانێ زۆرم هەیە، بۆیە ئەم کارەم کردووە.!!

گوتم: من لەسەر بـەڵێن و پەیمانەکـەی خـۆمم، هەسـتە بابڕۆین ، بارە خەڵووز(چایی)م لەگـەڵا بـارکرد و لەگـەڵیا ڕۆیشتم تا لەئاوایی دەرچوو.

## پێکدا هەڵپژان:

مامەی ریش سپی ڕۆیشت و گەلێك دوعـای خێـری کـرد و مـەمنوون بـوو، چـەند مانگێـك بەسـەر ئـەم ڕووداوەدا تێپەڕی، و من ئەم باسەم لە بیر چووەوە، نە خاڵۆی ریـش سـپیم لـە بیرمـا بـوو، نـە بـارە چـایی. لـەنێوان ئێمـەو چەتەکاندا ڕووداوێکـی دەرگیری و شـەڕە تفـەنگ ڕوویـدا، ئێمـــە کەوتینـــە شـــوێنیان وئـــەوانیش هـــەڵهاتن و دەربازبوون.

لـەو نزیکانـەدا ڕۆیشـتینە دێ (ئـاوایی)یـەك تاخۆمـان و ئەسپەکانمان پشوویەك بدەین، منیش بەرماڵە گەورەیەك کـەوتم، دەرگایـەکی گـەورەو حەوشـەیەکی پـان و پۆڕیـان هـەبوو، وەك عـادەتی پۆلیسـی ئـەو سـەردەمە هـەر لـە دوورەوە بە تووڕەیی و تێخوڕینێکەوە گوتم: ئادەی وەرن ئـەو ئەسـپەم لـێ وەربگـرن، و ئـاڵف وجۆیـەکی باشـی بـۆ

دابنین و ئاوێکی بدەنێ.

پیاوێکی پیری ریش سپی هاتە دەرو ئەسپەکەی لێگرتم، خوا هەڵناگرێ بەخێر هاتنێکی زۆر گەرمی کردم، و بەدیتنم شادمانی و خۆشحاڵی خۆی دەربڕی، بە باوەلێ و باوەگیان دەهات بەدەورمدا..

لەبەر ئەوەی کە پیاوە پیرەکەم نەدەناسی من بیرم لەشتێکی تر دەکردەوە، گومانی خراپم دەبرد، وام دەزانی دەیەوێت بەو قسانەی هەڵم بخلەتێنێت وپەنێکم پێ بدات و چەکەکەم لێ بسێنێت!!

خۆ ئەگەر وایش نەبێ لەوانەیە چەتەکان لەمماڵەدا خۆیان حەشاردابێ و بەزوانی لووس بم خلافێنێ و ئەوانیش پەنێکم پێ بدەن.. بۆیە تا ئەو قسەی خۆشتر دەبوو، رووی خۆشتری پیشان دەدا من گومانم زیاتر دەبوو، تووڕە تر دەبووم، و ترسم زیاتر دەبوو، بەتەبیعەت قسەی رەقترم دەکرد!!

لەو کاتەدا کەویستمان سەربکەوین، مامەی ریش سپی فەرمووی زۆری کرد تا من پێش بکەوم، بەلام من ترسم

لەدڵا بوو، نەم دەوێرا پێش بکەوم، لەوە دەترسان فێڵم لێ بکات، بۆیە من چاوێکم کردبووە چوارچاو، منیش بەوم دەگوت: فەرموو خۆت پێش بکەوە، ئەویش - هەروەك دوایی بۆم دەرکەوت بۆ رێزی من دەیویست من پێش بکەوم بۆیە – هەتەری دەکرد کە من پێش ئەو سەر بکەوم، ئیتر گەیشت بەگیانم ولێی توورِ بووم وگوتم: هەی قورِمساغ دە سەرکەوە!! یەڵلا پێشم کەوە، دەی برِۆ خێراکە!! بەناچاری کابرا لەپێش منەوە رۆیشت و سەرکەوت..

بۆیە من زۆر سوور بووم لەسەر پێشکەوتنی ئەو لەدڵی خۆمدا دەمگوت: ئەگەر چەتەو پیاو خراپیش لە ماڵەکەدا هەبێ و بیەوێ تەقە لەمن بکات، یەکەم تەقە بەر من ناکەوێت و من پێوە نابم!!

## هەزار لەرزت بۆ برِیم:

بەڵێ چووینە ژووری منیش چاوێکم کردبووە چوارچاو، لەدالان و ژێرخان و بەرهەیوان و و ژوورەکان وورد دەبوومەوە، بەڵام هیچم نەدی، کابرای خاوەن ماڵ

زۆر ڕێـزی دەگـرتم، دۆشـەکێکیان بـۆ ڕاخسـتم، سـەرینیان هێنا بۆ پشتم.

کـە دانیشـتین کـابرا بـانگی خێزانەکـەی کـرد و گـوتی: ئافرەت! ئافرەت! ئەوە باوەڵێ یـە! بـاوە سـەییدە هـاتووە!! خێراکە قەلێك سەر ببڕە، ئینجا ئـافرەت هـات و دەیوسـت دەستم ماچ بکات و دەیگوت: باوەڵێ گیان! بـەقوربانت بم، خێـرو بەرەکـەتت هێنـا، یـاخوا بـەخێر بێیـت، منـیش دەستم پێوە نا و نـەم هێشت دەسـتم مـاچ بکـات و گـوتم: دایکم بڕۆ بەو لاوە خۆمن شیخ نیم!!

ئینجا کابرای ریـش سـپی گـوتی: بـاوەڵێ گیـان! وادیـارە نام ناسیتەوە؟

گوتم: نەوەڵلا.. بۆچ تۆ کێیت؟!

بەهـەردوو چـەپۆك مـاڵی بەسـەر خۆیـا و گـوتی: دەك قوڕی دنیا نەکەم بەسـەرا، چـۆن نـام ناسـیتەوە، تـۆ منـت ڕزگـار کـرد، جـوامێری و پیاوەتییـەکی گـەورەت لـە گـەڵا کـردم، و یارمەتییـەکی باشـت دام، چـۆن نامناسـیتەوە؟! ئەها دوو سندووقە چاییەکەت بۆ ڕزگارکردم!!

گوتم: دەك ماڵت كاول نەبێ ئاوەها!! بابە! خۆ من لەترسا ناوكم كەوت و زیڕەم كرد، تۆ دەزانی هەزار لەرزت بۆ بڕیم!! ئاخر خوا عەفووت بكات، بۆ زووتر قسەت نەكرد و خۆت ئاشكرا نەكرد؟!!

ئینجا هەستاین ئەم لاو لای یەكترمان ماچ كرد و گەڵێك مەعزەرەت و پۆزشم بۆ هێنایەوە، پاشان بەدڵئاسوودەیی دانیشتم ونانەكەم خوارد.. خوا پاداشتیان بداتەوە ئەو رۆژە بەراستی خزمەتێ زۆریان كردم..

ئەوی راستی بێ من هەر بەتەمای ئەوە نەبوم رۆژێ لە رۆژان ئەو پیاوە ببینمەوەو چاوەڕوان بم پاداشتی ئەو چاكەیەم بداتەوە بۆیە هەر لەبیرمدا نەما بوو!!.

## لەم بەسەر هاتەوە:

أ- كاتێ ئینسان رێزی خۆی نەگرت دەبێ بەتەمای كوتەك كاری و فەلاقە بێ، وەك كارمەندەكەی پارێزگاری لەدارستان. لەمێژە گوتوویانە: ئینسان دەبێ بەقەد بەرەی خۆی پێ رابكێشێ. ئەم پیاوە بەبێ هێز و چەكێك چۆن دەبوو قسە بەو خەڵكە

بلێ؟ ئاخر ئەگەر دەستی لێ بکەنەوە ئەنجامی ئەو نەفامییەی خۆی پیشان دەدەن و کوتەك کاری دەکەن !!

ب- پۆلیسی ئەو سەر دەمە چەند ملهوڕ و بێ شەرم بوون!! چۆن بانگی خاوەنماڵیان کردووە: ئادەی وەرن ئەو ئەسپەم لێ وەربگرن و ئالف وجۆیەکی باشی بۆ دابنین!! ئەمەش ئاوێنەیەکی بالآنمای ئەو سەردەمەیە..

ت- کاتێ مرۆڤ توانای بوو دڵی یەکێ خۆش بکات با ئەو هەلە بەزایە نەدات، چونکە لەوانەیە جارێکی تر بۆی هەڵ نەکەوێتەوە، باوابزانێ ئەو کەسە خۆیەتی و ئەگەر ئەو چاکەیەی لە تەکا بکەن چەند پێی دڵخۆش دەبێت!! دەبێ خەڵووز فرۆشەکە چەند شاد و دڵخۆش بووبێ کاتێ باوەڵێ ئەو جوامێرییەی لەتەکا کردووە!!

پ- چۆن کاتێ جوامێری و پیاوەتی رووی دا چاکە لەگەڵ کراو دەکاتە دیل وئەسیری خۆی!!..

ج- چۆن بێکاری هەزارەها دەردی کوشـندە بـەدی دێـنێ، و یـەکێ لەوانـە رێگـری وچـەتەییە.. کـاتێ خـەڵکی کەوتە کار چەتەییش نەما.

ح- لەسەرخاوەن ماڵی کـورد زۆر قـورس و گرانـە میـوان نانی نەخوات بۆیە پیاوی خەڵووز فرۆش سوودی لێ وەرگرت..

خ- بـەڵێن و پـەیمان لەکوردەواریـدا نـرخ و بایـەخێکی تایبەتی بۆ دانراوە، هەرچەند باوەلێ پۆلیس بـووەو ئـەرکی سەرشـانی گرتنـی کـەل وپـەلی قاچـاخ بـووە، بـەلاّم بـەهۆی ئـەو بـەڵێن و پەیمانـەوە نـەك هـەر نــایگرێ بــەڵکوو رەوانەیشــی دەکــات. ئەمــەش شـوێنەواری ئیسـلامە لـە دڵ و دەروونـی خەڵکیـدا ماوەتــەوە، ئەوەتــە خــوا لەقورئانــدا دەفــەرموێ (وَأَوْفُوا بِالْعَهْدِ إِنَّ الْعَهْدَ كَانَ مَسْئُولاً)[11] واتـە: پەیمانەکانتان بەرنە سەر، بێگومان پـەیمان شـکاندن لێپرسینەوەی لەسەرە.

# # #

---

[11]- سورة الإسراء/34.

**جوامێری**

٤

# ئەم پاروەو بەو پاروەو!

**نووسینی**

**بانگخوازی ناودار**

(شیخ علی طنطاوي)بەرەحمەت بێ

وەرگێڕانی

**حەسەنی پێنجوێنی**

**پێغەممەر صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ: " مَنْ اسْتَطَاعَ مِنْكُمْ أَنْ يَسْتَتِرَ مِنْ النَّارِ وَلَوْ بِشِقِّ تَمْرَةٍ فَلْيَفْعَلْ "[12].**

**ئەوەی لەئێوە توانای هەبێ بە لەتە خورمایەك خۆی لەئاگری دۆزەخ بپارێزێ، با ئەنجامی بدات.. مەبەست ئەوەیە هەرچەند ئەو چاكەیەش كەم بێت و لەتەخورمایەك بێت.. با نەڵێ من زۆرم نییەو كەمیش ناكەم، جا ئەوە چییە؟!**

**وادەبێ بەهۆی پاروە نانێكەوە خوا بەلایەكی گەورەی لەكۆڵ دەخات و زیانێكی زۆری لێ لادەدات.**

**بانگخوازی گەورە (شیخ على طنطاوي) لەوتارەكەی خۆیا باسی دەكات گوایە: پیرەژنێك برسیەتی زۆری بۆ دێنێ و پاروە نانێك پەیدا دەكات و لەوكاتەدا كە خەریكە بیبات بۆ دەمی هەژارێك دێت و داوای لێ دەكات لەرێی خوادا شتێكی بداتێ تا سكی پێ تێر بكات، ئەویش**

---

**12- رواه مسلم عَنْ عَدِيِّ بْنِ حَاتِمٍ قَالَ سَمِعْتُ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ:**

پارووەکە نابات بۆ دەمی و دەیدات بە سوالکەرەکە.. و پیرەژنی هەژار ئەو رۆژە بەبرسیەتی دەمێنێتەوە، کوڕەکەی کە رۆیشتبوو بۆ سەفەر پاش ماوەیەك دەگەڕێتەوەو لەتەك دایکە پیرەیا دادەنیشێ، و باسی سەفەرەکەی خۆی بۆ دەگێڕێتەوە،و دەڵێ: دایکە لە فلان ناوچەدا لە رێگەکەما شێرێکی گەورە هاتە رێم، و منیش کەچاوم پێکەوت لەترسا هەڵهاتم,و شێرەی برسی کەوتە شوێنم ئاخری گرتمی و لەوکاتەدا کە دەیویست بەگاز ئەنجن ئەنجنم بکات، پیاوێکی سەرتاپا سپی هات و شێرەکەی لێ دوور خستمەوەو فەرمووی: ئەم پاروە بەو پارووە!! و لەبەرچاوم ونبوو، ئیتر تێنەگەیشتم مەبەستی لەوقسەیە چی بوو؟

دایکیشی دەڵێ: کوڕم ئەم رووداوە چ رۆژێك بوو؟ ئەویش بۆی باس دەکات سەیر دەکات لەهەمان رۆژ و لەهەمان کاتدابووە کە ئەم پارووەکەی داوە بە هەژارەکە.. ئیتر

دایکیشی بۆی دەگێڕێتەوە کەلەو کاتەدا ئەم پارووەیەکی لەدەم خۆی دەرهێناوەو لەرای خوادا داویەتی بەهەژارێکی برسی، و خوای باڵادەستیش لە جیاتی ئەو چاکەیادا یەکێ لەسەربازەکانی خۆی بۆ رزگارکردنی تۆ ناردووە.. ئەوەتە بەتۆیشی گوتووە: ئەم پارووە بەو پارووە!!

کەواتە باخێر و سەدەقە بەکەم نەزانین، بەتایبەت ئەگەر مەبەست و نیازمان تەنیا رەزامەندی خوابێ..

لەم لینکەدا سەیرێکی ئەم کورتە فلیمەی {یوتیوب} بکە کە چۆن خوا بێچوە ورچێك لەدەست شێرێکی برسی رزگار دەکات..!!

http://www.youtube.com/watch?v=Zz38NHn1zzE&list=UL

# # #

**جوامێری**

٥

# وەستا عەبدوڵلا

بەسەرهاتێکی واقیعییەو لەکوردستانی ئێراندا رووی داوە.

نووسینی

**د. حەسەنی پێنجوێنی**

دنیا گەرمەی هاوین بوو، لەنزیکی چێشتەنگاودا بەرەو ئارایشگای وەستا خەلیل رۆیشتم، وەستا خەلیل پیاوێکی گەنم رەنگی، کورتە باڵای، ئێسك سوکی، زەڕڕە شیرینی، رووخۆشی، قسەخۆشی، تێگەیشتووی، رەوشت جوانی، بەئەدەب و پێبەند بەئیسلام بوو.. هەر هۆی ئەمانەبوو منی کەمەند کێش کردبوو، هەموو کاتێك بۆ سەرچاککردن لەخیابانی حەسەن ئاوا وە دەڕۆیشتم بۆ خیابان فەرەح، ماوەی نێوانی ئەم دوو شەقامەش زۆر نزیك نەبوو، بەڵکو لەیەك دووربوون و مرۆڤ بەئاسانی نەیدەگەیشتێ.

هەرکات سەری بۆ چاك دەکردم پرسیاری دەکرد و منیش وەڵامم دەدایەوە، و پاشان بەسەرهات و رووداوم لەبارەی دەست پاکی وداوێن پاکی و جوامێرییەوە بۆ دەگێڕایەوە، و زۆر شتم بۆ باس دەکرد.

ئەم جارەیان کەرۆژی پێنج شەممە بوو گوتی: کاك حەسەن! لەراستیدا رووداوێکی سەیرم لەلایە و دەمەوێ بۆ تۆی باس بکەم، چونکە روداو بۆتۆ باس بکرێت بەزایە

ناچــێت، دەنووســـرێت و خـــەڵکێکی زۆر ســـوودی لـــێ وەردەگرێت.

گـوتم: سوپاسـی هەسـتی ناسـکتان دەکـەم کـە ئەوەنـدە لوتفتان هەیە وبەم جۆرە لەبارەی ئێمەوە بـیر دەکەنـەوە، بفەرموو، منیش گـوێم راگرتـووە، و بەبیسـتنی خۆشـحاڵ دەبم، خۆ ئەگەر زانیم بەسوودە ئینشائەڵلا دەینووسم.

## کوێرەوەری:

گـوتی: رۆژێ لـەم جێگایـەی تـۆدا پیاوێـك دانیشـتبوو، سـەرم بـۆ چـاك دەکـرد، رەنگـی پیسـت و دەموچـاوی پـیر نــەبوو، بــەڵام بەشــی زۆری ســەرو ریشــی ســپی بووبــوو، گوتم: ئابرا(ئاغابرا) ! ئیجازە هەس پرسیاری بکەم؟

گوتی: خوایشت دەکەم، وەستا گیان! فەرموو.

گـوتم: ئاغـا گیـان! ببـورە، تـۆ رەنـگ و رواڵـەتت لـەپیر ناچـێ، و کەچـی بەشـی زۆری سـەرو ریشـت سـپی بـووە، ئەکرێ بڵێم هۆی چی بووە؟ ئەویش هەناسەیەکی ساردی بــۆکرووزاوی هەڵکێشــاو گــوتی: ئاغاگیــان! بێــژم چــە، خۆشـیم نەدیگـە، لـەو کاتـەوە پـێم ناوەتـە جیهانـەوەو

لەباخچـــەی ژیانـــا خونچـــەیەکی ســـاوابووم، ڕەشـــەباو گێژەلووکـەی سـامناکی سـتەم ژاکانـدمی، وەك بەرخۆلـەی ساوای بێ دایکم لێهات..

گوتم: چۆن؟

گوتی: لەدەورو بەری هەشت ساڵیدا باوکم مـرد و ئێـوە خۆش، دایکم مابوو، خەڵکی دڵخۆشیان دەدایـنەوە و دەیان گـوت: بـرا خەفـەت مـەخۆ مـادام دایکت مـاوە تـۆ هـەتیو نیـت، هـەتیوی راسـتەقینە ئەوەیـە کـە دایکـی دەمـرێ، چـونکە منـداڵ بـەباوك مـردن ئەوەنـدە هـەتیوی پیـا دەر ناکەوێت کە بەدایك مردنا پیایا دەر دەکەوێت!!..

ئـەم قسـەیە راسـتە و واقیـع دەیسـەلمێنێ، بـەڵام کـاتێ منداڵ باوکی نـەما لـەبارەی ئـابووری و کۆمـەڵایەتییـەوە، لـــەبارەی ئامۆژگـــاری و ڕێنموونییـــەوە، لـــەبارەی نـــاز و ئاڕاستەوە بە تەواوی کز و لاواز دەبێ. هەر هـۆی ئەوەشـە کـە لـەدینی ئیسـلامدا ئـەوەی بـاوکی دەمـرێ بـە هـەتیو حسێبە نەك ئەوەی دایکی دەمرێ.

بەهـــەرحاڵ زۆری نەخایانـــد دایکیشـــم ئێوەخـــۆش !!

ئـــەویش مـــرد و بەهـــەموو حســـابێك هـــەتیو كـــەوتین و لەسۆزی دایكیش بێ بەش بووین..

خـــەڵكی هـــەژارو ئیمانـــدار كـــاتێ ئێمـــەیان بینینایـــە بەزەییان پیاماندا دەهاتــەوە و خــەمیان بــۆ دەخــواردین و لەنێوچـــاویانا نیشـــانەی ســـۆزو بـــەزەییمان دەبینـــی بەرامبەرمان.

بـەلاَم خەڵكـە هەژارەكـە موسـڵمانێكی سـادەو سـاویلكە بوون، لەبەرامبەر ئاغاو خاوەن موڵكەوە هیچ دەسـەلآت و توانایەكیان نەبوو، زۆرزان و چاوكراوە نەبوون.

رۆژێ ئاغـای خـاوەن موڵـك بـانگی كـردین و گـوتی:{ مانگا مرد و بڕا دۆ}!! واتە: باوكت مرد و تـۆیش نـاتوانی جوت بكەیت، زەوییەكەتان لێ دەسێنمەوەو بەجوتیارێكی تری دەدەم!!

ئای لەو ئێش وئازارە!! ئای لەوداخ وخەفەتە!! ئـەوەبوو باوك مردن.. دایك مردن.. كۆس كـەوتن!! تـۆ بیهێنـە بـە خەیاڵی خۆتدا: نان پەیدا كەر باوكێ نەتبێ!! بەخێوكـەر دایك بێ نەتبێ!! وەسیلەی ژیـان تـەنیا پارچـە زەوییـەكی

بـه پیـت بـێ ئەویشـت لـێ بسـێنرێتەوە!! دەبـێ چ ئـازارێ ئەوەند بەسوێ بێ؟!

بەلێ، منێکی مندالێ و بێ هێز و دەسـەلاَت لەبەرامبـەر ئاغایەکی مل هووڕەوە دەبێ لەگریان زیاتر چیم لەدەست بێ؟ دەستم کـردە گریـان و هاتمـە قسـە، بـەدەم گریانـەوە گوتم: ئاغـا ! ئێمـە هـەتیو و بـێ کەسـین و جگـە لـە خـوا کەس نییـە هـەقمان بـۆ بسـێنێ، ئەوەنـدەم گـوت و هاتمـە دەرەوە.

ئاوایییەکەمان لەناوچەی {مەریوان} دا بوو، منیش دەستی هەردوو خوشکەکەم گرت و ئاواییمان جێهێشت، دێ بەدێ و ئاوایی بەئاوایی تا چوینە شارۆچکەی مەریوان.. ماوەیەك سوڕاینەوە، چەند ڕۆژێ سوالْمان کرد، بەلاَم کەس نەبوو بمان گرێتە خۆی و دالْدەمان بدات.. بۆیە بەناچاری ئەوێشمان بەجێ هێشت و ڕوومان کردە شاری سنە.

لەشـاری سـنەیش کـەس ناناسـین، چـی بکـەین و ڕوو بکەینــە کــوێ؟! هــات بەخەیالْمــداو ڕوومــان کــردە

چایخانەیەك لەجادەی{سیرووس}دا، دوو خوشکەکەم لە دەرەوە وەستاند، وخۆیشم چوومە ژووری بۆلای چایچییەکەو گوتم: وەستاگیان شاگردت گەرەك نییە؟

ئەویش ماوەیەك تیم ڕاماو بەسەر سوڕمانێکەوە سەرنجی دام و گوتی: ئابرا! بۆچە، گەرەکتە کاربکەیت؟!

گوتم: بەلێ..

گوتی: کاکەگیان! جا تۆ گیانت تیایە تا کار بکەیت؟! بەکەسێکی وەك تۆ ئێژن مردووی بەشی زیندوو خۆر، کێ دەوێرێ تۆ بەشاگرد بگرێ،؟ لەوانەیە بەسەرماندا ساق ببیتەوە!! بەلاّم تۆ هێشتا مندالّیت پێم بلێ بۆ شاگردی دەکەیت؟!

گوتم: ئاخر دەمەوێ دوو خوشکەکەم بەخێوبکەم..

گوتی: لەکوێن؟

گوتم: ئەوان لێرەن، ئێستا لەبەردەرگا وەستاون..

سەرێکی بردە دەرەوە چاوی پێیان کەوت زۆر بەزەیی پیاماندا هاتەوە، گوتی: خۆ زۆر مندالّیشن!! پێنج تا

حەوت ساڵ دەبن!

گوتی: بانگیان بکە بابینە ژوورەوە، منیش بانگم کردن وهاتن، لەگۆشەیەکی چایخانەکەوە داینایین و هەندێ نان وماستی بۆ هێنایین و چایی گەرمیشی بۆ دانایین.. پاشان هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشاو گوتی: بەداخەوە من ناتوانم بەخێوتان بکەم چونکە خۆم منداڵم زۆرە. بەڵام کەسێکی تر پێدەزانم زۆر پیاوێکی باش وخێر خوازە، و منداڵیشی نییە، با ئەو بێت دەتاندەمە دەستی.. لەلای ئەو بەتەواوی دەحەوێنەوە..

بەڵێ تا دەماو دەمی خۆر ئاوا ئێمە لەچایخانەکەداماینەوە، دەمەو ئێوارە پیاوێکی بەماریفەتی رووخۆشی قسەخۆش خۆی کرد بەژووری چایخانەکەدا، جل وبەرگی کاری لەبەردا بوو، لەوە دەچوو گەچ کاربێ چونکە گەچی زۆر بە جلەکانیەوە بوو..

چایچییەکە گوتی: وەستا عەبدوڵلا! خێرو بێرێکی باشم بۆ دیویتەوە!!

ئەویش گوتی: یاخوا خێر..

گـوتی: ئینشـائەڵلا خێـر دەبـێ، بـە دوورو درێـژی بەسەرهاتەکەی ئێمەی بۆ گێڕایەوە..

وەسـتا عەبـدوڵلا زۆر دڵتـەنگ بـوو، خـەم وماتـەم بەرواڵەتیـەوە دەرکـەوت، زۆر بـەزەیی پیامانـدا هاتـەوەو گوتی: هەستن بابڕۆینەوە، بۆماڵ خۆمان.

ئێمـەش نـەدیو و نـەناس کەوتینـە شـوێنی، کوچـە بەکوچەو کۆڵآن بە کۆڵآن رۆیشتین تا لەبەر خانوویـەکی مام ناوەندیـدا وەسـتاین، وەسـتا عەبـدوڵلا دای لـەدەرگا، و وەستا ژن هات دەرگای بۆ بکاتەوە، پـێش ئـەوەی دەرگاکـە بکاتـەوە هـەر لـەدوورەوە بـانگی کـرد و گـوتی: پیاوەکـە! ئەمڕۆ درەنگ هاتیتەوە، خێر بوو؟

وەستایش گوتی: راست دەکەیت، درەنگ هاتمەوە بـەڵآم خێـرێ گـەورەم بـۆ هێناویتـەوە، ئـەم سێ منداڵـەم بـۆ هێناویتەوە.. باوك و دایکیان مردووەو ئاغای بێ ویـژدانی {ئەڵمانە} ش دەری کردوون، بۆخۆیـان ئـاوارەو دەربـەدەر بـوون، هاتبوونـە چایخانەکەی حەمـە حسـەین، وا منـیش لەتەك خۆما هێنامنەوە. جا ئەگەر تۆ کەیفت لێ بێ ئەوا

خێرێکی گەورە بۆ خۆمان دەکەین، بەخێویان دەکەین، خۆ ئێمە منداڵمان نییە، ئینشائەڵلا وا پەروەردەیان دەکەین هەرگیز هەست بەوە نەکەن کە دایك و باوکیان نییە، ئێمەش وادادەنێین ئەمانە منداڵی خۆمانن..

وەستا ژنیش زۆر مەردانە گوتی: "پیاگەکە! هەر فرە کارێ خاست کردگە"! خۆت دەزانی من زۆر تامەزرۆو ئارەزوو مەندی منداڵم، بەپشتیوانی و کۆمەکی خوا وەك منداڵی خۆم خزمەتیان دەکەم، مامۆستاکان لە حەدیسا بۆمان باس دەکەن پێغەممەر صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: من و بەخێوکەری هەتیو لەرۆژی قیامەتا وەك ئەو دوو پەنجە پێکەوەین[13].

## سەر دۆزین:

وەستا خەلیل لەسەر قسەکانی خۆی بەردەوام بوو، گوتی: ئەو کوڕەی کەلەبەردەستمدا بوو سەرم بۆ چاك دەکرد هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشاو گوتی: وەستا

---

[13]- واتای ئەم فەرموودە یە:"أَنَا وَكَافِلُ الْيَتِيمِ فِي الْجَنَّةِ هَكَذَا،وَأَشَارَ بِالسَّبَّابَةِ وَالْوُسْطَى." أخرجه البخارى في كتاب الطلاق/باب اللعان, برقم: 4892. فتح البارى 358/10.

خەلیل گیان! پێنج ساڵی تـەواو لـەماڵ وەسـتا عەبـدوڵلادا ماینەوە، رۆژ بەرۆژ خزمەتی باشتریان دەکـردین، روویـان خۆشــتر دەبــوو، ژوورێکیــان بــۆمن تــەرخان کردبــوو، ژوورێکـیش بـۆ خوشـکەکانم، بـەڵآم ئـەوان بـەزۆری لای وەستا ژن بـوون، زۆرجـار کـە دەرگـا دەکرایـەوە، دەمبینـی سـەری خوشـکەکانم لەکۆشـی وەسـتا ژندایـەو سـەریان بـۆ دەدۆزێ، نــەوەك رشــك وســپێ تێیــان بــدات، ئــەم هەڵوێســتەی وەســتا ژن منــی زۆر دڵخــۆش کردبــوو، لەراسـتیدا میهرەبـانی و دڵسۆزی ئـەو، خـەمی بـێ دایکی لەبیر بردبووینەوە، بەتایبـەت بەرامبەرخۆشکەکانم هـەر زۆر میهرەبان و دڵسۆز بوو..

ئێمـە بەوەسـتامان دەگـوت: بابـە، و بەوەسـتا ژنـیش: دایە.. لەراستیدا دیك وباوکێ میهرەبـان بـوون خـوا لێیـان رازی بێ..

## کار کردن:

تەمـەنم لـەدەوری پـانزە سـاڵآنـدا دەبـوو، رۆژێ بـاوکم

پێی گوتم: کوڕم! سوپاس بۆخوا نەمامێکی جوانت لێ دەرچووە، بۆداهاتووی خۆت فێری کارو پیشەیەك ببیت باشە، مرۆڤی کاسب دۆستی خوایە!!

ئینسان ئەگەر پیشەیەك بزانێ لەهیچ شوێنێك پەکی ناکەوێ، پەندە کوردییەکە دەڵێت: سنعەت وە ك بازنگی ئاڵتوون وایە لەدەستا بێت، واتە: چۆن کەسێك بازنگی ئاڵتونی لەدەستا بێت هەر کات پێویستی بەپووڵ بوو سوودی لێ وەردەگرێ، و دەست لەکەس پان ناکاتەوە، ئینسانی سنعەتکاریش سنعەتەکەی خۆی بەکاردێنێ و پێویستییەکەی نامێنێ.. جا لەبەر ئەوە پێم خۆشە فێری پیشەیەك ببیت، گەر ئارەزووت لێیە وەرە لەتەك خۆما کاربکە – خۆت دەزانی - من گەچکارێکی باشم، رۆژانەی خۆتت بۆ دیاری دەکەم و فێری سنعەتەکەیشت دەکەم. گەر کەیفیشت لەم کارەنییە لە شوێنێکی تر کارت بۆ دەدۆزمەوە، ئارەزووی خۆتە من زۆرت لێ نا کەم. بەڵام گرنگ ئەوەیە تۆ فێری کاسبییەك ببیت، و پیشەیەك بزانی.

بـەڵێ منـیش بڕیـارم دا لـە تـەك خۆیـا كـار بكـەم، ماوەیەك كارم كـرد ، ڕۆرژانەكـەم دەدا بەكەرەسـەی یـاری كردن و شیرینی و پۆشاك بۆ خوشكەكانم.

ڕۆژێك باوكم گوێی گرتم و گوتی: من زۆرم پـێ خۆشـە كە تۆ ئەوەندە سووزت بۆ خوشكەكانت هەیـە، بـەڵام لـەم ڕۆ بەولاوە پوول بۆ ئەوان خەرج نەكەیت، چونكە ئـەوان لەهیچیان كەم نییە، پوڵی خۆت بخەرە ناو گۆزەڵەیەكـەوە و بۆ خـۆتی كـۆ بكـەرەوە، تـا لەدواییـدا ژنـت بـۆ دێـنین و ماڵ پێكەوە دەنێیت..

منــیش زۆر مــەمنوون بــووم و گــوتم: بابــەگیان! خــوا ئێوەمـان لـێ نەسـێنێ، ئـەزانم لەسـایەی خـواوە و لـوتفی ئێوەوە لەهیچ شتێك كەمیان نییە، بەڵام هەر حەزم كـرد وەك دیاری و سەوقاتێك بۆیان بكڕم، لەلایـەكی تریشـەوە ئەركی سەرشانی ئێوە كەم بكەمەوە..

گوتی: نا، من ڕازی نیم..

منیش زۆر سوپاسم كرد و گوتم: باشە..

بەڵێ ماوەی چەند ساڵێك لەگـەڵ باوكمـدا ڕۆیشـتم بـۆ

گـەچ کـاری، تـا بەتـەواوی فێـری پیشـەکە بـووم و وەستایەکی باشم لێ دەرچوو..

وەك هـەموو لاوێـك لـەو تەمەنـەدا دەمویسـت دنیـای دەورو بـەرم ببیـنم، زۆر باسـی کوردسـتانی عیراقیـان بـۆ کردبـووم کەلـەوێ پـارە دەبـارێ و ئەگـەر پیـاو لـەوێ ماوەیەك بتوانێ کار بکات پارەیەکی باش پێکەوە دەنێت.. ئـەو تەماحەیشـم هـەبوو، رۆژێ سـەری خـۆمم هـەڵگرت ورۆیشـتم بـۆ ئـەو دیـو، ماوەیـەك لەکوردسـتانی ئـەو دیـو بووم، کاسـبیەکی باشـم کـرد و پـووڵێکی باشـم پێکـەوەناو هاتمەوە..

بـەڵآم تـا مـن هاتمـەوە بـاوکم {وەسـتا عەبـدوڵلا} هـەردوو خوشـکەکەمی بەشـوودابوو، وەك کیـژی خـۆی مەسرەفێکی باشی بۆ کردبوون و جیهازی بۆ کڕی بوون و بەڕێی کردبوون. خوا لەدنیاو قیامەتا پاداشتی بداتەوەو..

## خوا حەق سێنە:

ئینجـا کوڕەکـە هەناسـەیەکی هەڵکێشـا و گـوتی: وەسـتا خـەلیل! وەرە بـا پێکـەوە سـەرێکی ئاواییەکـەی خۆمـان

بدەین بزانین لەوێ چی رووی داوە و چ باسە؟

چەند سالێك پاش دەربەدەری وئاوارەیی ئێمە ئاغای زالم تووشی ئیفلیجی( شەلەل) دەبێت و لەجێگەی خۆیا دەکەوێ، زەلیل وزەبوون و گیرۆدەی ناوجێ دەبێ..

بەلی کاتی خۆی مەغروور و یاخی و سەرکەش بوو، چونکە لەوپەڕی هێزو دەسەلاتا بوو، نەدەهات بەخەیالیا لەژوور خۆیەوە دەسەلاتێکی تر هەبێ، بۆیە لەخوا یاخی بوو، ستەمکار و زالم بوو، گەر بڕۆیشتایە بەسەر زەویدا منەتی لەسەر دادەنا، وای دەزانی عاسمان خێوەتێکە بەسەر سەریەوە، تەماشای سەرو هەیهەتی خۆی دەکرد، تەمشای نۆکەرو خزمەتکارو پیاو وچەکدارەکانی دەکرد، ئەوەندەی تر لەخۆی بایی دەبوو، ئەوەی نەهاتبێ بەخەیالیا ئەوە بوو کەرۆژێ ئاوەها زەبوون ببێ. بێ ئاگا لەوەی کە ئینسانەو لاواز، و لەبان دەسەلاتی ئەوەوە دەسەلاتێکی بێ وێنە هەیە، رەحمی پێدەکات و مۆلەتی دەدات، بەلکوو بگەڕێتەوەو هۆشیار بێتەوە، دەنا کاتێ

گرتی بەرەلاّی ناکات.[14] هەر لەدنیادا ئاوەها زەلیلی دەکات کە نزیکترین خۆشەویستی لێی بێزار ببێ و مەرگی بەئاوات بخوازێ، خۆیشی توانای خۆپاك کردنەوەی نەمێنێ، چاوەڕوانبێ تا بەخێری خۆیان تنۆکێ ئاوی دەر خوارد دەدەن، با ئیتر سزاو ئازاری دەروونی بوەستێ کەهەر هەناسەیەکی مردنێکە، مردن زۆر خۆشە چونکە رزگاری دەبێ, بۆیە ئەومردنەی کە زۆر رقی لێی بوو ئێستا ئاواتە خوازە بێت و لەو ئازارە لەشی و دەروونیە رزگاری بکات..

بەلێ، ئاواتی بەمردن دەخواست، بەلاّم سزای زالّم زۆر قورسە، دەبێ لێرە ئاوها پێوەی بتلێتەوە، بێ خەبەر لەوەی لە دۆزەخدا بۆی ئامادەکراوە، و مردن چارەسەری ناکات، و لەم ئازارەوە بۆ ئازارێکی گرانتر دەچێت، ئای بەقوربانی خوابم! کە ئاوەها حەق لە زالّم دەستێنێ و لەدنیادا زەلیل و زەبوونی دەکات..

---

14- واتای ئەو فەرموودەیە:" إِنَّ اللَّهَ لَيُمْلِي لِلظَّالِمِ حَتَّى إِذَا أَخَذَهُ لَمْ يُفْلِتْهُ." أخرجه البخارى في كتاب تفسير القرآن/ باب قوله ( وكذلك أخذ ربك)، برقم:4318.

کاك خەلیل گوتی: منیش پێم گوت: ئاغا گیان! دنیا جێگەی تۆڵەو سزای خوایی نییە، ئەم ژیانی دنیایە تەنیا جێگەی کردەوەیەو کێڵگەیە بۆ تۆو چاندن، قیامەتیش جێگەی بەرهەم وەرگرتنە، هەرکەس لەدنیادا گوڵ بچێنێت لەوێ بۆنی خۆشی دەست دەکەوێت، ئەوەی لێرە درِك بچێنێت لەویش درِك بەدەست و لەشیا دەچێت.

ناو بەناو خوالەم دنیایەدا دەسەلآتی خۆی پیشان دەدات بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵکی، تا بە ئاگامان بێنێتەوە کە خوا لە کردەوەی ستەمکاران بێ ئاگا نییە، و دەزانێ چی دەکەن[15]، دەنا زۆر زاڵم وستەمکار لەم دنیایەدا هەن کەهیچ جۆرە ئێش و ئازارێکیان تووش نەبووە و نابێت، ئەمەش مانای وا نییە ئەوانە پیاو چاك بن، بەڵکو لەقیامەتا ئاگر و ئازاری بەسوێی دۆزەخ چاوەڕوانیانە، کە سزاو ئازاری دنیا لەچاویا هەر هیچ نیە.

وەستا خەلیل گوتی: ئینجا برادەرەکە رۆیشتەوە سەر

---

[15]- ئەوە واتای ئەم ئایەتەیە:" وَلا تَحْسَبَنَّ اللَّهَ غَافِلاً عَمَّا يَعْمَلُ الظَّالِمُونَ " ابراهيم/42.

قسەکانی خۆی وگوتی: کاتێ ئاغا لەناو جێگەدا ئەکەوێت و کەنەفت وزەبوون دەبێ، بیری دەکەوێتەوە کە وەختی خۆی چ زوڵمێکی گەورەی لە ئێمەی هەتیوی بێ سەر پەرشت و بێ دەسەلآت کردووە، پیاو دەگرێت، و بەم لاولادا دەیان نێرێ، بەڵکو ئێمە بدۆزنەوە، تا ئێمە رازی بکات..

بۆیە رۆژێ کوڕێکی ئاغاو نۆکەرێکی هاتن بۆلام و گوتیان: ماوەیەکی زۆرە بەشوێنتا دەگەڕێین، ئێمە عاسمانت بۆ دەگەڕاین باشبوو لەسەر زەوی دەسمان کەوتیت.. ئێستاش پیاوی چاك بە خۆت ئامادە بکە بابڕۆینەوە بۆ ئاواییەکەی خۆمان..

گوتم: بۆ کوێ؟!

گوتیان: بۆمەریوان.. باوکم حاڵی زۆر شپرزەیە، بای خەزان لێی داوەو تووشی ئیفلیجی بووە، دەیەوێ تۆ ببینێ و مافی خۆت بداتەوە..

## ئاواییەکەمان:

کە ئەوقسانەیان کرد جۆرە بەزەییەکم جووڵا و

هەستام لەتەکیانا رۆیشتم بۆ مەریوان، بەڵام کاتێ گەیشتمە ناودێ چیم بینی!!

ئەو پیاوە زاڵمەی کەوای دەزانی ئاسمان خێوەتێکە بەسەر سەریەوەو زەوی دەبێ مەمنوونی بێ کەئەم پێ بەسەریادەنێ!! ئێستا تواناى نەییە لەجێی خۆی ببزوێ، نەك هەر ئەوە بەڵکۆ تواناى ئەوەی نییە پاشەرۆکەی لەخۆی دوور بخاتەوە، تواناى نییە قومێ ئاو بۆ خۆی بێنێ، بەلێ زەلیلی ناو جێ بووبوو، ماڵ و منداڵ هەموو لەدەستی بێزار ببوون، خواخوایان بوو زووتر بمرێ و لەکۆڵیان بێتەوە، دەمی لار ببوو، چاوێکی وەك کەلابەرد دەر تۆقی بوو، دەستەکانی دەلەرزین و توانایان نەبوو پیاڵەیەك ئاو بگرن..

که لێی نزیك بوومەوە دەستی گرتم و لێم پاڕایەوەو گوتی: بەقوربانت بم ئازادم بکە، چیتان دەوێ پێتان دەدەم، توخوا لەم ئازارە رزگارم بکەن با ئەوەندە ئازار نەچێژم!!

ئەوی راستی بێ وەخت بوو دڵم پێی بسووتێ و

بەزەییم پیایا بێتەوە، بەڵام خێرا ئەو دیمەنە سامناك و دڵتەزێنەم بیرکەوتەوە، کەوەك فلیمی سینەمایی دەهاتە پێشچاوم و لەبەرامبەرمەوە خۆی دەنواند.. ئەوکاتەم هاتەوە پێشچاو کەبانگیان کردم بۆماڵی خۆیان و پارچە زەوییەکەیان لێ سەندینەوە، و لەو کاتەدا من منداڵێکی بێ دەسەڵاتی کزو لاوازبووم، ئەویش پیاوێکی گەورەو بەهێزو بەدەسەڵات، لەئاوایی دەریان کردین و لەگەڵ دوو خوشکە پچکۆلە کانمدا بەچاوی پڕلەگریان و کۆڵێ خەم و ئازارەوە لەئاوایی چووینە دەر..

بۆیە خێرا لەو حاڵەی خۆم پەشیمان بوومەوە و بڕیارم دا گەردنی ئازاد نەکەم و لێی خۆش نەبم، هەرلەویا گوتم: من ناتوانم ئازادت بکەم، پووڵی ئێوە ئێستا بەکەڵکی من نایەت، و دەردی من دەرمان ناکات، ئەوکاتە دەمویست کە دێهاتەو دێهات دەگەڕاین و کزو لارەمل، و هەژارو نەدار بووین، و کەس نەیدەگرتینە خۆی، ئیستا من پووڵی ئێوە چی لێ بکەم ؟! دەبێ خوا لەقیامەتا تۆڵەی ئێمەت لێ بسێنێ..

لـەو كاتـەدا كەدەسـتی بـەدامێنی منـەوە گرتبـوو، لـێم دەپاڕایـەوە، ئالـەو كاتـەدا گیـانی دەرچـوو و مـرد، و بـۆ هەمیشە موڵك و ماڵ و سامانی بۆ خـەڵكی جیٚ هێشـت و دەبیٚ خۆیشی لەسەری بەر پرسیار بیٚ..

وەسـتا خـەلیل گـوتی: پـێم گـوت: ئـابرا! مـادام ئـەو پەشـیمان بـووەوە و هەسـتی بـەتاوانی خـۆی كردبـوو، و داوای لێخۆشبوونی لیٚ كردی، دەبوا لێی خـۆش ببویتایـەو ئازادت بكردایە.. چونكە هەر پیاوەتی چاكە..

دەلیٚ: ئەویش پێی گوتم: كاكە! ئەو پیاوە پیاوێكی زاڵم وملـهوڕ بـوو، وام دەزانـی ئەگـەر ئـازادی بكـەم یارمـەتی هەموو زاڵمێك دەدەم لە زوڵـم كردنەكانیانـدا، چـونكە وام بـیر دەكـردەوە: ئەوانـەی زاڵمـن زوڵـم لەخـەڵكی هـەژار دەكـەن ودەڵـێن: لەدواییـدا گـەردنی خۆمانیـان پـیٚ ئـازاد دەكەین.. با ئەوانـەی زاڵمـن هـۆشیٚ بكەنـەوەو بەتـەمای ئەوە نەبن كە زوڵم لەخەڵكی بكەن وپاشـان ئـازاد بكـرێن، چـونكە لەوانەیـە تووشـی كەسـانێكی وەك مـن بـبن، كـە بەزەیی پیایاندا نەیەتەوەو ئازادیان نـەكات!! ئـیتر منـیش

جێم هێشت و هاتمە دەرەوە..

هەموو کەس لانکە و زادگای خۆی بەلاوە خۆشەویستە، و ئارەزومەنـدی دیتنیـەتی، بـەڵام مـن وانـەبووم، هـیچ شـەوق و ئـارەزووی ئـەوەم نـەبوو تـەنیا رۆژێ تیایـا بمێنمەوە.. نازانم هۆی چی بوو، وابووم؟!

وەسـتا خـەلیل گـوتی: منـیش پـێم گـوت: براکـەم! تـۆ لەوئاواییـەدا هـیچ خێـرو خۆشـییەکت نـەدیوە، جگـە لـە زوڵم وستەم وکوێرەوەری، ئەوە هۆی ئەوەیە کە دڵت بۆی لێ نادا..

ئینجا برادەرەکە بەسەرهاتەکەی خۆی تەواو کرد و گوتی: پاش ئەوە خۆیشم ژنم هێناو ئێستاش لەگەڵ گەچ و گلگەچدا دەست و پەنجە نەرم دەکەم و عارەق دەڕێژم و کاردەکەم. ژیانم سەرانسەر کوێرەوەری و ئێش وئازار بووە و کارەکەیشم کارێکی ئاسان نییە، ئێستا تێگەیشتیت بۆچ سەرو ریشم هەمووی سپی بووەو وەك پیاوێکی پیری پەك کەوتە دەنوێنم؟!

# # #

## لەم ڕووداوەوە:

لەم بەسەرهاتەوە چەند شتێك هات بەخەیاڵما :

1- کاتێ ئادەمیزاد هێزو دەسەلآتی هەبوو ، نۆکەرو خولآمی چەکداری هەبوو، پوولێ ومالێ زۆری هەبوو، ئەمانە هەموو داوای لێ دەکەن زوڵم لەخەڵکی بکات، بەتایبەت ئەوانەی بێ دەسەلآت و لاوازن، هەوڵ دەدات بیان چەوسێنێتەوە و خوێنیان بمژێ، سروشتی مرۆڤ وایە بەدەوڵەمەند بوون یاخی دەبێت، (كَلاَّ إِنَّ الإِنسَانَ لَيَطْغَى أَنْ رَآهُ اسْتَغْنَى)[16] جگە لە کەمێکی زۆرکەم کە پێبەندی بیرو باوەڕەکەیانن و لەخوا دەترسن وخوا بەرەحمی خۆی دەیان پارێزێ.

2- هەر ئەم ئادەمیزادە کاتێ دەسەلآتەکەی لێ سەنرایەوە، ماڵ و سامانەکەی لەدەست دەرهێنرا، پشتیوانەکانی پشتیان شکا، چەکدارەکانی چەك کران، یا خۆی کەوتەچوار چێوەی زیندانەوە، یا نەخۆشیەکی ئاوا

[16]- سورة العلق/7,6.

سامناکی گرت، هەر ئەو پیاوە یاخی و ملهوڕە، زەبوون وکەساس دەبێ، سکاڵا دەکات و دەپاڕێتەوە، لەوحاڵانەی پێشووی پەشیمان دەبێتەوە، لەم بارەوە نموونەی ئاغاو ماغا و سەرۆك چەکداری دەوڵەتی و ئامیر هێز و سەرۆك حیزب و سەرۆك وەزیران و سەرکۆمار و وپاشا و ماشا زۆرن. کە بەچاوی خۆم دیومن..ئاغای ناو ئەم بەسەرهاتەش یەکێکە لەوانە.

جا ئەو زاڵمانە ئەگەر دەستیان ببێتەوە لەجاران خراپتر دەبن، من هەندێکم لەوانە دیوە. قورئانیش هەندێ لەو نمونانەمان بۆ باس دەکات و دەفەرموێ: (فَإِذَا رَكِبُوا فِي الْفُلْكِ دَعَوْا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ، فَلَمَّا نَجَّاهُمْ إِلَى الْبَرِّ إِذَا هُمْ يُشْرِكُونَ.)[17] واتە: کاتێ سوار کەشتی دەبوون زۆر بەخالیسی هاواری خوایان دەکرد و ئاینێکی پاڵفتەیان هەبوو، لەگەڵ رزگاری دەکردن ودەیگەیاندنە کەناری دەریا و پێیان دەنایە وشکانی هاوەڵیان بۆ خوا دادەنا.

---

[17]- سورة العنكبوت/65.

هەروەك گوتمان:کەمێکی زۆر کەم ڕێدەکەوێ کە بەچاکی و بەپاکی دەگەڕێنەوە ئەڵبەت ئەوانە زۆر کەمن.

3- کاتێ ئیمان لەدڵا جێگیر بوو پاڵ بەخاوەنەکەیەوە دەنێ بۆ کردەوەی چاکە، ئەوتە قورئانی پیرۆز زیاتر لەبیست جار باسی هەتیو دەکات و ئیمانداران هان دەدات بۆ چاکە کردن لە تەکیانا و هەرەشە لەوانە دەکات کە بەناهەق ماڵیان دەخوات یا ئازاریان دەدات، با ئەوەش بوەستێ کە پێغەممەری خۆشەویستمان صلی الله علیه وسلم لەچەندان فەرموودەدا باسی پاداشتی فراوانی ئەوکەسانە دەکات کە یارمەتی هەتیو دەدەن و دەست بەسەریانا دێنن و بەخێویان دەکەن.

هەر ئەم ئیمان وباوەڕەیە وا لەوەستا عەبدوڵلاو خێزانی بکات بەو پەڕی سۆزو خۆشەویستییەوە ئەو هەتیوانە بەخێو بکەن و پەروەردەیان بکەن و پێیان بگەیەنن، ئەوەش لەقسەکەی وەستا ژنەوە دەردەکەوێ کە دەڵێت: پێغەممەرصلی الله علیه وسلم فەرموویەتی(عَنْ سَهْلٍ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صلی الله علیه وسلم: أَنَا وَكَافِلُ الْيَتِيمِ فِي الْجَنَّةِ هَكَذَا، وَأَشَارَ

بِالسَّـبَّابَةِ وَالْوُسْـطَى.) [18] مـن و بەخێوكـەری هـەتیو لەبەهەشـتا ئاوەهـا پێكـەوەین، و هێمـای كـرد بـۆ دوو پەنجەی دۆشاو مژە و كاروان كوژە.

بەڵێ كاتێ ئیمان هەبوو جوامێری و پیاوەتیش دەبێت، وەك ئێستای بەشێكی زۆر لەشارەكان مـاددە بەسـەر دڵ و دەروونی خەڵكیدا زاڵ نابێت.

لەگەڵ بـوونی ئیمانـدا مـرۆڤ چـاكە دەكـات، بـێ ئـەوەی چـاوی بڕیبێتـە پاداشـتی چـاكە لەگـەڵكراودا، پەندەكـەی پێشـینان ئەمەیـە كـەدەڵێت " چـاكە بكـە و بیـدە بـەدەم ئاوەوە" بەڵێ، مرۆڤـی موسـڵمان چـاكە دەكـات و دەیـدات بـەدەم ئـاوەوە چـونكە چـاوی نەبڕیوەتـە پاداشـتی چـاكە لەگـەڵكراو، لەبـەر ئـەوە منـەت بەسـەریا ناكـات، بـەڵكو تـەنیا چـاوی بڕیوەتـە پاداشـتی خـوای خـۆی، وەك لـە ڕەوشتی وەستا عەبدوڵلاوە دیمان.

4- ئای لەو كامەرانییە! مرۆڤ بتوانێ  دڵی لێقەوماوێك خـۆش بكـات!! سـامان زۆر بـوون، رابـواردنی نـاو نـازو

---

[18]- أخرجه البخـارى  في كتـاب الطلاق/بـاب اللعـان, برقم: 4892. فتح البارى 358/10.

نیعمەت، ئەمانە هەریەك تـام وچـێژێكیان هەیـە، بـەڵام هیچیان بـە تـام وچـێژی دڵخۆش كردنـی لێقـەوماوێك – ناگات - لەوكاتەدا كە دنیـای لـێ هاتۆتـەوە یـەك و تـۆیش دەرووی لێدەكەیتەوە!!

5- هەنـدێ كـەس بەتـەمای ئـەوەی خـەڵكی بەچـاكە باسـیان بكـات كارێـك دەكـەن، نـەك لەبـەر خـاتری خـوا، دەبینـی لای خـوا پاداشـتیان نیـە، چـونكە بـۆ خوایـان نـەكردووە، و خـەڵكیش بەچـاكە باسـیان ناكـات، ئـەوا لەهەردوولا بـوون. بـەڵام ئەگـەر مەبەسـت و نیـەتی بـە پاڵفتـەیی بـۆ خـوا بـوو، خـوا لـەدنیادا پـێش لەقیامـەت پاداشتی دەداتەوە، كاتێ وەستا عەبـدوڵڵا ئـەو چاكەیەی كرد بەتەمای ئەوە نەبوو كە ڕۆژێ ناوی بنووسرێ و بۆ هەمیشـە خـەڵكی بـە چاكە باسـی بكـەن و ڕەحمـەتی بـۆ بنێرن ، بەڵكو بەتەمای ڕەحمەتی خـوا ئـەو كـارەی كـرد، چونكە مەبەسـتی خوا بـوو، ئەوەتـە ئێمـە هـەموو بەچاكە باسی دەكەین و دەڵێین ڕەحمەت لەگیانی خۆی و خێزانی.

# # #

**جوامێری**

٦

# لەمشكین شاردا

**ڕۆداوێكی كۆمەڵایەتییەو جوامێری موسڵمانێك بەسەرهاتێكی واقیعییەو لە ئێراندا رووی داوە.**

نووسینی

**د.حەسەنی پێنجوێنی**

له ساڵی 1989دا کە من ئیمامی مزگەوتی خلیل الله بووم، لە خیابان حەسەن ئاوای ناو شاری سنەدا، لەگەڵ نوێژخوێن و مەئموومییەکانی مزگەوتا پەیوەندییەکی پتەوم هەبوو،  ئاغای شەهیدیش یەکێ بوو لەو بەڕێزانەی کەپەیوەندییەکی بەهێزی لەتەکما هەبوو، شەوێکیان لە مەجلیسێکی ماڵ خۆیاندا من باسی جوامێریم  بۆکردن، پاش ئەوە کە من لێ بوومەوە، ئەویش جوامێری پیاوێکی موسوڵمانی نەناسراوی ئازەری بۆگێڕامەوە، کە چیرۆکەکەی دوای ئەوە دەست پێ دەکات کە خێزانی هەڵی دەپێچێت بیبات بۆ مشکین شار، بۆ سەردانی کوڕەکەی کە تازە براوە بۆ سەربازی، فەرموون با پێکەوە لەسەرەتای ڕووداوەکەوە گوێ بیستی چیرۆکەکەی بین..

1

پیاوەکە! وادیارە تۆ هیچ دەربایسی من نایەیت وخەمێکی ئەو کوڕەش ناخۆیت؟ ئاخر من ئەمە

یەکـەمجارە کـوڕم لـێ  دوور بکەوێتـەوە، ئـەوە نزیکـەی مانگێکە نەم دیوە، تۆ وادیارە بەزەییت وشك بـووە؟ بۆیـە بـەزەییت بەمنـدا نایەتـەوە؟! وەختـە دڵـم بـۆ کوڕەکـەم بتـەقێ یـا شـێت ببـم!! ئـاخر بـۆچ سـەرێکی لـێ نـەدەین؟ خەڵکی بەترومبێلی کرێ سەفەر دەکـەن، سـوپاس بۆخـوا ئێمـە ترومبێلـی خۆیشـمانە.. هـەر دەبـێ بـڕۆین و هەواڵێکی بزانین..

ئاغـای شـەهیدی گـوتی: ئابـەو جـۆرە خێـزانم هـەڵی پێچابووم، منیش دڵخۆشیم دەدایەوە و دەمگوت: ئـافرەت! خۆتۆ موسڵمانیت و کەمێ سـەبرت هـەبێ، مەگـەر نـازانی خوا لەقورئانا پاداشـتی بـێ حسابی بـۆ ئەوانـە دانـاوە کـە ئارام وخۆ گرن: (...إِنَّمَا يُوَفَّى الصَّابِرُونَ أَجْرَهُمْ بِغَيْرِ حِسَابٍ)[19].

" ژنەکە! خانەت ئاوا چکێ صەبرت بێ، مەگـەر نـەت زانیگـە خـوا لـەقورئانا صـەد بـار زیـاتر باسـی صـەبری کردگـە؟" ئەوەتـە  پێغەممـەر صـلی الله علیـە وسـلم دەفەرموێ: باشترین وفـراوانترین بـەشێ خـوا بەعەبـدی

[19]- سورة الزمر/10.

خۆی بەخشییێ بەشی سەبرە.( وَمَا أُعْطِيَ أَحَدٌ عَطَاءً خَيْرًا وَ أَوْسَعَ مِنَ الصَّبْرِ) [20].لەبەر ئەوە کەمێ ئارام بە، ئینشائەڵلا هەر فرسەتێکمان بۆ هەڵکەوت سەری لێ دەدەین..

بەلێ، ئارام بووە وە .. ئەوی راستی بێ خۆیشم لەدڵەوە زۆر بێ تاقەت بووم بۆی، بەڵآم رێگەکە دوور بوو، لە{ مشکین شەهر} [21] بوو، لەولای ئەردەبیلەوە. ماوەی نێوان سنەو ئەوێش سەدان کیلۆ مەترە..

راستە خۆمان ترومبێلمان هەبوو بەڵآم دەبوا خۆم لیَم بخورپییایە وسایەقیم بکردایە، خۆیشم پیر بووم و چاوم پێویستی بەعەینەکەو رێگەکە دوورە، لەبەر ئەوە نەم دەوێرا گفت بدەم و بڵێم باشە!!

خوای من وتۆ کردی هەر ئەو رۆژە ژنبراکەم لە سەقزەوە بەمیوانی هات، ئەویش سایەقێکی باش بوو، گوتم: یاخوا بەخێر بێیت برا بەخوا لەکاتێکی باشا

---

20- أخرجه البخاري في كتاب الزكاة/ برقم: 1376.

21- قەزایەکە لە ئوستانی ئازربایيجانی رۆژهەڵاتیدا.و سەدان کم دوورە لەسنەوە.

هاتیـت، ڕەحمـەت لـەگۆڕی پێشـینان کـە گوتویانـە: خـوا دەروە کەرە و کڵاوی بۆ بەڕوو درووسـت کـردووە!! پـەکی کـێ دەخـات؟ هێلکـە لەمـە پـاکتر ناشـۆرێ، هـەم گەشـت وگوزار، هەم دیدەنی یار..

مانگیش مانگی موحەڕڕەمەو بۆ سـبەینێ ڕۆژی نۆیـەم و {تاسووعا}یە، ئێمەش سـەر لەبەیانییەکـەی ڕێکـەوتین و ئـەو ڕۆژە لەتـەورێز ماینـەوە، شـەو لـە ئوتێـل بـووین و بەیانییەکـەی بـەرەو مشـکین شـار ڕێکـەوتین و لـەدەماو دەمی نیوەڕۆدا گەیشتین..

2

دنیـا گەرمــە، خـۆر خەریکـە لەناوەڕاسـتی عاسمـان لادەدات، تــەواو شــەکەت ومانــدووین، نــانی بــەیانیش هیچـێکی وامـان بۆنـەخورابوو، بەرگـەی دڵمـان بگـرێ، برسیەتی زۆری بۆهێنابووین، زۆر گەڕاین هیچمان دەست نەکـەوت، هــەواڵی ئوتێلمــان پرســی، گوتیــان: ئــوتێلی تیانییــە، تــەنیا دوو میوانخانــەی تیایــەو بــەس!! کـاتێ سەرمان لەوانیش دا بەقوفڵی هەشتەرخان داخرابوون.!!

شار لەشاری وێران دەچوو، هەرچی گەڕاین هیچمان دەست نەکەوت بیخۆین، نانەواخانە نەبوو، چێشتخانە نەبوو، چایخانە نەبوو، بەکورتی دوکان وبازاڕ هەمووی داخرابوو، دەی خودایە! روو لەکوێ بکەین؟ چۆن لەدەست دێوە زمەی برسیەتی رزگارمان ببێ، لەهەر کەسێکمان دەپرسی دەیگوت: تا سووعایە و هیچ شتێك نییە. تا لە ئەنجامدا پیاوێکی پیاوانەم بینی و پرسیارم لێکرد ، بە تورکی وەڵامی دامەوە، گوتم: ئەگەر دەتوانی - بێ زەحمەت – بە فارسی قسەبکە، چونکە تورکی نازانم.. خوا هەڵناگرێ زۆر پیاوانە بە قسەی خۆش و رووی خۆشەوە وەڵامی داینەوە، و کەوتە قسە کردن. گوتم: ئاغاگیان! بازاڕ گەڕاین و شوێن و جێگایەك نەماوە نە گەڕێین.. هیچمان دەست نەکەوتووە بیخۆین، وا ئێستاش برسیمانەو نازانین چی بکەین؟! ئێوە بۆ خەڵکی ناوخۆی خۆتان دوکان و بازاڕتان بەستووە و کار ناکەن قەی ناکات، بەڵام ئەی نابێ خەمی غەریبەیەکی وەك ئێمە بخۆن؟

کابرا بزەیەك گرتی وگوتی: قسەکەت راستە، بەڵام

ئەمە باو و نەریتی ئێمەیە، لەتەکما وەرە بابڕۆین، ئەوان لەناو ترومبێلەکەدا مانەوە و منیش کەوتمە شوێن کابرا و لەتەکیا رۆیشتم، کۆلآن بە کۆلآن بردمی، لەدڵیشەوە ترسی ئەوەم هەبوو پەنێکم پێ بدات. چەند جار خەریك بوو وازی لێ بێنم و بگەڕێمەوە، بەلآم غیرەتم دەدایە بەر خۆم و لەوخەیالآنە پەشیمان دەبوومەوە و دەڕۆیشتم، تا لەئەنجامدا لەبەر ماڵە گەورەیەکدا وەستا و دای لەدەرگا.

3

دەرگا کرایەوە و هاوەڵەکەم بەتورکی گوتی: میوانم بۆ هێناون، ئەویش بەتورکی بەخێرهاتنێکی گەرمی کردین، خوا هەڵناگرێ رێزێکی زۆری گرتین. ئیتر من گوتم: دەبێ ببەخشیت من تورکی نازانم زەحمەت نەبێ ئەگەر بتوانی بەفارسی قسە بکەیت.

خوا پاداشتی خێری بداتەوە سەد جار بەخێرهاتنی کردبێ تۆ بلێ جارێك بووە، هەر بوو بە تنۆکێ ئاو، هێشتا ئەو دەیگوت: من زۆر مەمنوونم کە بەرێزتان تەشریفتان هێناوە و ئێمەتان گەورە کردووە!!

منـــيش لەبەرابــەر ئــەو رووخۆشــی وبــە ماریفــەتی و میهرەبانییەی ئەوەوە گەلێك سوپاسم كرد و مـەمنوونی خـــــۆمم دەر بـــــڕی، ئالـــــەویادا لـــــە فەرموودەكـــــەی پێغەممەرصلى الله عليه وسلم حاڵی بووم، كە دەفـەرموێ: رووخۆشی و دەم بە بزە بوونت بەرامبەر براكەت بـەخێر دەنووسـرێ بـۆت.(تَبَسُّمُكَ فِـي وَجْـهِ أَخِيـكَ لَـكَ صَـدَقَةٌ)[22].

ماڵەكـەيان مـاڵێكی یـەكجار گـەورە بـوو، حەوشـەیەكی فـراوان، پـڕ دارو درەخـت، لەوانەیـە بڵـێم هـەموو جـۆرە میوەیـەكی تیـابوو، حـەوز و فوارەیـەك لەناوەڕاسـتیابوو، بـــەدەوری حەوزەكـــەدا چـــیمەن وگـــوڵ و گـــوڵزار بـــوو، درەختـــەكان بـــەرو بوومیـــان شـــۆڕ بووبـــوەوە، لەراســـتیدا بەهەشتێك بوو بۆ خۆی..

لەو لایشەوە ژمارەیەكی زۆر قـازانگ ومەنجـەڵی گـەورە گەورە خرابوونە سـەر ئـاگر و چێشـتێكی زۆر لـێ نرابـوو، خەڵكێكی زۆر بۆ نـان خـواردن بـانگ كرابـوون، فـەرمووی زۆری لـەمن كـرد كـە بـڕۆم و لەتـەك ئەوانـدا نـان بخـۆم،

---

[22]- أخرجه الترمذی في كتاب البر والصلة/ برقم: **1879.**

بـــەڵام مـــن پـــێم گـــوت: خـــۆم تـــەنیا نـــیم، خێـــزانم و براکەیشیم لە تەکدایە..

گوتی: لەکوێن، تا بنێرم بە شوێنیاندا؟

گـوتم: زۆر مـەمنوون دەترسـم دڵیـان شـتێ بکـات، مـن خۆم دەچم بەشوێنیاندا.. گوتی: ئاخر تا بەڵێنم نەدەیتێ بێیتەوە رێت نادەم برۆیت!!

گـوتم: ماڵئـاوا! دڵنیابـە هـەر دێینـەوە، چـونکە ئێمـە برسـیمانەو جێیـەکی تـریش نیـە نـانی تیـا بخـۆین، بۆیـە بەناچاری دەبێ بگەڕێینەوە..خاوەن ماڵ بزەیەکی گـرت و گوتی: دەباشە برۆ خوات لەگەڵ..

بـەلێ، رۆیشـتم بەشـوێنیاندا و گـوتم: وەرن بـا بـرۆین، خوا دەرووی رەحمەتی لێکردووینەوە، رەحمەت لـە گیـانی پێشینان کە گوتوویانە: سەری بێ رۆزی لە ژێر خاکدایە.

گوتیان : چۆن؟

منـیش مەسـەلەکەم بـۆ گێڕانـەوە، زۆریـان پـێ خـۆش بـــوو، دەرگـــاو پەنجـــەرەی ترومبێلەکـــەمان داخســـت و رۆیشتین، ئەم کۆڵان نا ئەو، هـەر رۆیشـتین تـا گەیشـتینە

بەردەرگای ماڵە گەورەکە.. هەروەك پیاوەکەی پێشوو منیش لەدەرگام دا.. دەرگایان بۆ کردینەوە..

خاوەن ماڵ وەك جاری پێشوو، بگرە گەرمتر و باشتر هات بە پیرمانەوە، و بەخێرهاتنێکی گەرمی لێکردین، ئینجا پیاوێکی نارد و گوتی: ئەمان ئافرەتیان لەتەکدایە، ناکرێ لەتەك ئەوان تێکەڵ بن، لەدەوری حەوزەکەدا شوێنێکی تایبەتیان بۆ سازبکەن..

بەڵێ، جێگەکەیان لەسەر سەکۆی دەوری حەوزەکەدا بۆ سازکردین و دانیشتین، پاشان نانێکی زۆر باش وچاکیان پێدواین، دوای ئەوە کە نانمان خوارد و پشوویەکمان دا، هەستاین بڕۆین ماڵئاوایی وخوا حافیزیان لێ بکەین کە ئەمانە لە نەدیو و نەناس ئەم خزمەتە باشەیان کردین، بەڵام خاوەن ماڵ زۆر سوور بوو لەسەر نەڕۆیشتمان، و دەیگوت: دەبێ بەلای کەمەوە ئەم شەو لەم کەلاوە کۆنەدا بمێننەوە، تا زیاتر لەخزمەتتانا بمێنینەوە.

ئێمەش گوتمان: ماڵتان ئاوابێ و خوا پاداشتی چاکەتان

بداتەوە، بەڵآم ئێمە دەبێ بڕۆین، چونکە کارمان هەیە.. گوتی: کارتان چییە؟

گوتم: کوڕێکم لێرە سەربازە و هاتووین بۆ لای و دەمانەوێ بی بینیین.

گوتی: بەرمەرجێ رێتان دەدەم سەرم لێ بدەنەوە..

گوتمان: ئینشائەڵلا.. بەڵآم تۆ ئەدرەس و ناونیشانی خۆتمان بدەیی..

گوتی: جا ئاغاگیان! بۆ ئێمە چیمان کردووە، تا ناونیشانت بدەینێ؟!

منیش گوتم: دەی واهاتوو کارێکم کەوتە تۆ، نابێ ناونیشانی پیاوێکی وەك تۆم پێ بێ، تا بێم بۆلای و کارەکەم بۆ جێبەجێ بکات؟ پێم خۆشە لەم شارەدا دۆستێکی وەك تۆم هەبێ، کوڕەکەم سەربازە و با ناونیشانی پیاوێکی وەك بەڕێزتان بزانێ..

گوتی: قسەکەت بەجێیە.. بەسەرچاو، فەرموو ئەوە ژمارە تەلەفونی ماڵەوە،و ئەوەش ناونیشانەکەم.. من ناوم عەلی موحسینی یە، و لە پەروەردە و فێرکردنی ئەم

**شارەدا کاردەکەم و مامۆستای قوتابخانەی ئامادەییم..**

**ئـــەمڕۆ چـــاوتان بـــە کوڕەکـــەتان دەکـــەوێ، و دوایـــی بگەڕێنەوە بۆ ئێرە.. چونکە لەم شارەدا جێیـەکی وای تیـا نییە شیاوی ئێوەبێ.. من چاوەڕوانتان دەبم..**

**ئێمەش گوتمان: بەڕاستی پیاوەتییەکی گەورەت لەتـەکا کردین!! خوا پاداشتت بداتەوە..**

**ئـەویش گـوتی: ئاغاگیـان! ئێمـە هیچـیمان نـەکردووە، ئەسڵەن ئەرکی سەرشانمان وەك پێویست ئـەنجام نـەداوە!! ڕێزگرتنی میوان لـە ئیسلامدا بایـەخێکی زۆری پێـدراوە، ئەوەتە پێغەممەری خۆشەویستمان صلی الله علیـه وسلم دەفـەرموێ: ئـەوەی بـاوەڕی بـەخوا و پاشـە ڕۆژ هەیـە بـا ڕێز لەمیوانەکەی بگرێت.** ( مَنْ كَـانَ يُؤْمِنُ بِـاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ فَلْيُكْرِمْ ضَيْفَهُ) [23].

**ئێمەش سوپاسێکی زۆرمان کردو هاتینە دەرەوە.**

4

**[23]- أخرجه البخاری في كتاب الأدب/ برقم: 5559.**

بەڕێگەی خۆماندا بەرەو ترومبێلەکە دەڕۆیشتین، من لەروالەتا لاشەم لەتەك ئەواندا بوو، دەنا دڵ و هۆشم لەشوێنێکی تر بوو، بۆی دا چووبووم، بیرم لەهەڵوێستی ئەم پیاوە دەکردەوە و لەدڵی خۆمدا دەمگوت: چی پاڵی بەم پیاوە جوامێرەوە نا، تا ئەم هەموو رێزە ی ئێمە بگرێ؟ لەگەڵ ئەوەدا کە خزمایەتییەکمان نییە، و یەکترمان نەناسیوە، و بەڵکو باوکیشسمان یەکتریان نەدیوە، و پەیوەندی کار و کاسبیمان نەبووە، و زمانیشمان یەك نییە، ئەی دەبێ هۆی ئەو هەموو میهرەبانی و میوان نەوازییەی چیبووبێ؟!

لەبیری خۆمدا بەشوێن هۆی پاڵ پێوەنەری میوان نەوازییەکەیا دەگەڕام، هەرچی گەڕام و هەوڵم دا جگە لە دین شتێکی ترم نە دۆزییەوە..

بەلێ، ئەم دینە وا دەکات پیاوێکی تورك زمان، رێزی ئێمەیەکی کورد زمان بگرێ، کە ماوەی  دووری نێوانمان صەدان کیلۆمەترە، دەبێ بۆچ؟!

چونکە پێغەممەرصلی الله علیە وسلم فەرموویەتی

ئـەوەی بـاوەڕی بـەخوا و پاشـە ڕۆژ هەیـە بـا ڕێـز لـە میوانەکەی بگرێ..

ئـای یـادت بـەخێر مامۆسـتاکەی مزگـەوتی خلیـل اللـە، ڕۆژەکـەی لـە مزگـەوت دانیشـتبوویت و ئێمـەش هـەموو دەورمـان لـێ دابوویـت، تـۆیش ئامۆژگاریـت دەکـردین، و باسـی سـەخاوەت ودەسـت و دڵفراوانیـت بـۆ دەکـردین و دەتگوت: خوا تەعریفی حەزرەتی ئیبراهیم دەکات کاتێ گوێرەکەیـەکی قەڵـەو بـۆ میوانـەکانی سـەر دەبـڕێ، و پێشکەشیان دەکات، و دەفەرموێ: (فَرَاغَ إِلَى أَهْلِهِ فَجَاءَ بِعِجْلٍ سَمِينٍ، فَقَرَّبَهُ إِلَيْهِمْ) [24].

هەر ئەو ڕۆژە بـۆت باسـکردین کـە پێغەمەرصلى الله عليه وسلم ئامۆژگاری عەبـدوڵای کـوڕی عـەمر دەکـات و دەفەرموێ: میوانەکانت حـەقیان بەسـەرتەوە هەیـە.( إِنَّ لِزَوْرِكَ عَلَيْكَ حَقًّا...) [25].

بـەلێ، لـە ئیسـلامدا مـافی میـوان وەك مافـەکانی تـر حەقێکە بە سەر موسوڵمانانەوە، ئەو حەقەیشت بۆ ڕوون

24- سورة الذاريات/26و27.
25- أخرجه البخارى في كتاب الصوم/ برقم: 1838.

کردینــەوە و گوتــت: پێغەممــەر صــلی الله علیــە وســلم فەرموویــەتی: میوانــداری سێ ڕۆژە و خــەڵاتەکەیشــی شــەو و ڕۆژێکــە،(الضِّــيَافَةُ ثَلاثَــةُ أَيَّــامٍ، وَجَائِزَتُــهُ يَــوْمٌ وَلَيْلَةٌ)[26]. واتە: ماف و خەڵاتێکی خواییە بۆ میوان.

دوا بــەدوای ئــەوە ڕووت لــە کــۆڕو کۆمەڵەکــە کــرد و گوتت: موسوڵمانینە! دەبێ ئینسان لەکاتی میـوان بوونیا ئاگــای لـــەخاوەن مـــاڵ بـــێ و ئەوەنـــدە نەمێنێتـــەوە گوناهباریان بکات: ( وَلا يَحِلُّ لِرَجُلٍ مُسْلِمٍ أَنْ يُقِيمَ عِنْدَ أَخِيهِ حَتَّى يُؤْثِمَهُ)[27].

وا دەبێ جێیـان تەنگە، وادەبـێ کـەم دەسـت و نـەدارن، ئەوسـا بـێ تاقـەتی ڕوویـان تێـدەکات، و نارەحـەت دەبـن وغەیبەتی میوانەکەیان دەکـەن، یـان گومـانی خراپـی پـێ دەبەن، لەوانەیە خاوەن ماڵ بـە هـەموو ئەمانـە گوناهبـار ببێ، بەڵام ئەگەر میواندارییەکە لە سەر داخوازی خـاوەن ماڵ بوو، چەند بمێنێتەوە قەی ناکات..

---

[26]- أخرجه مسلم في كتاب اللقطة/ برقم: 3256. والبخاري في الأدب/برقم:5670.

[27]- أخرجه مسلم في كتاب اللقطة/ برقم: 3256.

**ئینجا باسی میوانەکەی ئەبو تەلحەی ئەنساریت بۆ کردین، کە چۆن ئەو ژن ومێردە چراکەیان لەکاتی نان خواردنا دەکوژێننەوە، بۆ ئەوەی میوانەکەیان بەباشی نان بخوات، و هەست بەوە نەکات کە ئەمان نان ناخۆن و هەرچیان هەیە ئەوەیە کەبۆ ئەویان داناوە!! کە بەیانی ئەبو تەلحە دەچێ بۆ مزگەوت پێغەمەر صلى الله عليه وسلم دەفەرموێ: خوا عەجایەب ما لەوکارەی ئێوە کە ئەمشەو بەرامبەر میوانەکەتان کردتان. (**قَدْ عَجِبَ اللَّهُ مِنْ صَنِيعِكُمَا بِضَيْفِكُمَا اللَّيْلَةَ) [28].

**لەخەیاڵی خۆمدا لەو کۆڕی دەرسەی مزگەوتا بووم، و لەبەر خۆمەوە دەمگوت: میوانداری وا کە منەتی تیا نەبێ بەڕاستی خۆشە، بۆیە خوایش دەفەرموێ: (**يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لا تُبْطِلُوا صَدَقَاتِكُمْ بِالْمَنِّ وَالأَذَى)[29]. **ئەی ئیمانداران! خێرو چاکەتان بە ئازاردان و منەتکردن بەتاڵ مەکەنەوە.. ئەمەش بەهرەیەکی خواییە و بەختەوەری بۆ ئەوانەی ئەو بەهرەیان دەست کەوتووە.**

---

[28]- أخرجه مسلم في كتاب الأشربة/ برقم: **3829.**

[29]- سورة البقرة/**264.**

ئالەم کاتەدا {ژنبراکەم} خالۆی خالید گوتی: حاجی ئاغا بەڕاستی قوولْ بۆی داچوویت! وەك لێرە نەبووبی وا بوو؟!!

گوتم: ئەوی راستی بێ لەکۆڕی دەرسەکەی مامۆستای خۆماندا بووم، لە مزگەوتی خیابان حەسەن ئاوای سنە، بەکاری جوامێری ئەم پیاوەدا ئەوێم بیر کەوتەوە..

5

بەلێ، سوار ترومبێل بووین و رۆیشتین بۆ پادگان(ئۆردوگا)، لەوێ هەوالْمان پرسی: کێ لێ پرسراوی دیژبانە؟ [30]ناوی پیاوێکی {بۆکانی} یان پێ گوتین، ئەوەشیان پێ گوتین: کە لە دووسەعات زیاتر ئیجازە بە سەرباز نادرێ بۆ چاوپێکەوتنی کەس و کاری .

لەدەرگای پادگان رۆیشتمە لای دیژبانەکەو پێم گوت: ئیجازە هەیە بڕۆمە لای سەرۆك دیژبان؟

گوتی: فەرموو حاجی ئاغا. فەرموو..

کاتێ گەیشتمە بەردەم دیژبانخانە بەدەنگی بەرز بانگم

---

30- پادگان= مەعەسکەر. دیژبان= ئینزیبات.

کرد: سەرکار! ..

بەگورجی هاتە دەرەوەو وایزانی ناسراوێکی خۆیەتی، وا بەناوی خۆیەوە بانگی دەکات! بۆیە بەگەرمی باوەشی پیا کردم و ئەملاو لای یەکترمان ماچ کرد. وا تێگەیشتبوو منی لەشوێنێکا دیوە و ئێستا بیری نا کەوێتەوە!! بۆیە بەگەرمی هواڵی پرسی و گوتی: کەی، و لە کوێوە تەشریفتان هێناوە؟!

ئێمەش گوتمان: لەکوردستانەوە، لەسنەوە هاتووین..

گوتی: یاخوا بەخێر بێن.. دەی کارێ فەرمانێ؟! گوتم: ئەوی راستی بێ کوڕێکمان لێرە سەربازە بەناوی خالیدی شەهیدی، من و دایکی و خاڵۆی لەسنەوە هاتووین بۆ سەردانی.. ئەو هەموو رێگا دوور و درێژەمان گرتۆتە بەر و کەچی دەڵێن: تەنیا دوو سەعات ئیجازەی دەدەن پێکەوە بین!!

گوتی: بەلێ، راستە هەروا بڕاوەتەوە، ئەی تۆ چەندت دەوێ؟

گوتم: خۆت دەزانی سەدان کیلۆ مەترمان بڕیوە، و

ئێستاش تەواو شەكەت و ماندووین، دەمەوێ بەلای كەمەوە بیست وچوار سەعات لەتەكمانا بێت، تا بەتەواوی تاسەمان لێی بشكێ، و سەرێكیش لە{سەرعەین} و {ئەردەبیل}(31) بدەین..

گوتی: ئاغا حاجی! فرە زۆرە و بەرپرسیاری لەسەرە، بەڵام چش، لەسەرخوا، با ئیجازە بێت، با شەو و رۆژێ لە تەكتانا بێت.

ئیمەش زۆر سوپاسمان كرد و خالیدمان لەتەك خۆمانا برد، زۆر كەیف خۆش و شادمان بووین، ئەم شادمانییە ئەوەی لەبیر بردینەوە كە بڕۆین سەری ئاغای خانە خوێمان بدەین، رۆیشتین بۆ ئەردەبیل و سەرعەین، ئەو شەوە لەسەر عەین ماینەوە و ئیجازەكەی خالیدمان لەوێ تەواو كرد..

6

بەلێ، ئەو شەوە لەوێ بووین وبۆ سبەینێ ئێمە

[31]- {سەرعەین} ناحییەكی بچووكەو هاوینە هەوارێكی خۆشە، و{ئەردەبیل} یش گەورە ترین قەزای ئوستانی تەورێز بوو، لەم دواییەانەدا كرا بە پارێزگا.

هاتینــەوە بــۆ ســنە، پێــنج شــەش رۆژێکــی پــێ چــوو، بــە خۆمم گوت: حەیفە بۆ تۆ بەڵێنت بەو پیاوە دا کە سەری لــێ بدەیتــەوە کەچــی نەڕۆیشــتی و لــە بــیرت چــوو، بــۆچ تەلەفوونێکی بۆ ناکەیت؟؟

بـــەڵێ، تەلـــەفونم بـــۆ کـــرد و پـــاش چـــۆن وچـــاکی مەعزەرەتم بـۆ هێنایـەوە کـە لـە خۆشـی دیـدرای کوڕەکـە لەبیرمان چوو سەری لێ بدەین، وە مـەمنوونی خـۆمم بـۆ دووبارە کردەوە.

ئەویش هەندێ لەخۆی بوەوە و گوتی: ئاغا گیان! ئێمە کارێکمان نەکردووە کەشیاوی ئێوە بێ، ئێمە مەمنوونیین کە ئێوە تەشریفتان هێناوە، و ئێمەتان بەسەر کردۆتەوە.. پێم خۆشە ناونیشانی کوڕەکەتم بدەیتێ ئەگەر توانیم سەری لێ بدەم. منیش ناونیشانەکەیم دایێ و خوا حافیزیمان کرد..

ئەم پیاوە جوامێرە بۆ سبەینێ دەچێتە لای فەرماندەی ئۆردوگاکە و دەنێرێ بەشوێن خالیدا، و لوتفێکی زۆری لەتەکا دەکات و بەفەرماندەکەشی دەلێ: ئەمە کوڕی دۆستی ئێمەیە و دەبێ چاوت لێی بێ..

پاش ئەوە هەموو شەوێکی جومعە ئەنێرێ بەشوێنیا و دەیباتەوە بۆماڵ خۆیان، تا لەوێ خۆی بشۆرێ و پشوو بدات..

ئەم پیاوە جوامێرە داوای لێکردین: هەرکات دەورەی فێربوونی تەواو بوو، پێم بڵێن، کوێتان پێ خۆش بوو، بۆ ئەوێ نەقڵی دەکەین..

ئێمەش گوتمان: دەور و بەری تارانمان پێ خۆشە..

شەوێکیان کوڕەکەم تەلەفوونی کرد و گوتی: لەماڵ ئاغای موحسینی یەوە قسە دەکەم، وامن دەورەی فێربوونم تەواو کردووە، و نەقڵی کردووم بۆ دەوری {تاران} لەسەر جادەی {ساوە}، وە بەزۆر دەهەزار تمەنیشی داوە بەسەرما، هەرچەند پارەم دەرهێناوە و پیشانم داوەو گوتوومە: پارە و پووڵی زۆرم پێیە رازی نەبووە، ئێستا من چیبکەم؟

گوتم: خۆی لەماڵە؟

گوتی: بەلێ..

گوتم: تەلەفوونەکەی بدەرێ باخۆم لە گەڵیا قسەبکەم..

تەلەفوونەکەی دایێ و پاش چۆن وچاکی و هەواڵپرسین و سوپاسگوزارییەکی زۆر چونکە:" هەرکەس سوپاسی خەڵکی نەکات سوپاسی خوایش ناکات"( مَنْ لَمْ يَشْكُرِ النَّاسَ لَمْ يَشْكُرِ اللَّهَ) [32]. گوتم: برا! سوێند بەخوا ئەگەر ژمارە حسابێکی بانکی خۆتم نەدەیتێ تاماوم قسەت لەتەکا ناکەم، گوتی: برا! تێکت دا.. ئاخر بۆچ سوێند دەخۆی؟ مەگەر ئێمە برا نین؟ مەگەر ئیماندار نین؟ خۆ ئیماندارانیش برای یەکن"(إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ...) [33].

ئەوە چ قیمەتێکی هەیە؟ خۆ من بازرگان نیم ژمارە حیسابت بدەمێ، تکات لێدەکەم لە سوێندەکەت پاشگەز ببەوە، یا قەیدی نییە ژمارەکەت پێ دەڵێم بەڵام تکات لێ دەکەم نەینێریتەوە، وا بزانە نان و کەبابێکم بۆ کڕیوە.

پاش ئەوە کە ژمارەکەم لێ وەرگرت دیسان سوپاسم کردەوەو گەلێك مەمنوونی بووم، و زۆرمەمنوونی

---

[32]- أخرجه الترمذی في كتاب البر والصلة/ برقم: **1878**. وقَال:حَدِيثٌ حَسَنٌ صَحِيحٌ.
[33]- سورة الحجرات/**10**.

خوایش بووم کە بەهۆی ئەم دینەوە ئاوەها دۆستایەتییەکی لەنێوان منێکی کورد و پیاوێکی تورکی وادا دروست کرد. پاشان پوولەکەم بەوژمارەیەدا بۆ ناردەوە. کاتێ ئینسان لەگەڵ دۆست وناسراوێکیا پیاوەتی دەکات، ئەوەندە گرنگ نییە وەك ئەوەی کە لەگەڵ نەناسراو وغەریبەیەکدا ئەنجامی دەدات..

لەراستیدا جوامێری ئەو پیاوەم لەبیر ناچێتەوە، خوا پاداشتی خێری بداتەوە، لەواقیعدا ئێمە قەرزاری ئەم دینەین، کە شوێن کەوتووانی ئاوەها بۆ چاکە کردن و جوامێری هان دەدات، و هەزارەها جوامێری ئاوای دروست کردووە کەلە گەڵ یەکترا چاکە بکەن، بەڵکو لەگەڵ غەیرە دین و گیاندارانیشا..

# # #

**جوامێری**

٧

دکتۆر

# نەو بەهاری

ڕۆداوێکی کۆمەڵایەتییەو جوامێری موسڵمانێك

بەسەرهاتێکی واقیعییەو لە ئێراندا ڕووی داوە.

دکتۆر

**حەسەنی پێنجوێنی**

رۆژ نزیکی ماڵئاوایی بوو، بەرەو عەیادەی دکتۆر نەوبەهاری رۆمان کردە شەقامی گورگان، پێش ئەوەی بگەینە مەیدانی گورگان دابەزین، و بەدستی چەپدا لامان داو بەپلەکاندا رۆیشتینە نهۆمی دووەم، بەدەستی راستا لامان کردەوە و پرسیارمان لەکاتبەکەی کرد: ئایا دکتۆر نەوبەهاری هاتووە؟

گوتی: بەلێ، لێرەیە.

1

ئەم دکتۆرەمان چۆن ناسی؟

لەکۆتایی مانگی دەی هەشتا و نۆدا رۆیشتین بۆتاران و هەوالی دکتۆرێکی باشمان پرسی، دکتۆرێکیان بۆ دۆزینەوە لەمەیدانی گورگان، کاتێ رۆیشتینە بەر عەیادەی دکتۆرەکە دیمان پەیوەندی بەو نەخۆشییەی ئێمەوە نییە، چونکە ئەم پسپۆر بوو لە نەخۆشییەکانی گەدەو ناوسك وبۆری خواردندا، بەلاّم لەشکستەدا

تەجروبەو تاقیکاری هەبوو..

ئـــیتر ئێمـــەش هەســـتاین وهاتینـــە دەرەوە، لەرێگـــەدا تابلۆیـەکمان دی لێـی نووسـرابو: نەشـتەرکار و پسـپۆڕی ئێسـك دکتـۆر موحەممـەد عـەلی نەوبـەهاری. ئێمـەش رۆیشـتینە سـەرەوە بـۆلای، بەپێچـەوانەی هـەموو ئـەو دکتۆرانەی دیبومان رێزێکی زۆری لێگرتین، و میهرەبـانی زۆری نواند..

ئینجا پرسی لە کوێوە هاتوون؟

گوتمان: لە سەنەندج(سنە)وە..

گوتی: کێ رێنمونی کردن بۆ ئێرە؟

گوتمان: کەس. قەدەر هێناوینی وبەس.

جارێکی تـر بـەخێرهاتنی کـردین وگـوتی: بەسـەرهاتی ئەم ئێشو ئـازارە چۆن بـووە، و تـا ئێسـتا چیتان کـردووە بۆم بگێڕنەوە.

ئێمـەش بۆمـان بـاس کـرد کـە چـۆن چـوینەتە لای پسـپۆرێکی ئێسـك لەشـاری سـنە، و گوتوویـەتی: هیچـی

نییـــــه، چـــۆن چــــووینەتە لای دکتــــۆری پســـــپۆڕی نەخۆشیەکانی ئێسك وشکستە بەنـدی لەشاری کرماشـان، بـــەناوی دکتـــۆر شـــیخول ئیســـلامی[34]، وە لەئـــەنجامی ئازمایش و عەکسـەکانەوە هیچی نـەد ۆزییـەوەو هەنـدێ دەرمـانی بـۆ نووسـین و هـیچ سـوودێکمان لـێ نـەبینی!! ئەشیعەو ئازمایشەکانمان پیشان دکتۆر دا.

ئینجا ئەوەشمان بـۆ باسـکرد کـە دکتـۆرێکی میللـی یـان لەهەمــەدان بــۆ باســکردین و گوتیــان: ئەوانــەی لاقیــان دێـشێ وسمـت وسـێبەندەیان ئـازار دەکـات، هـەر لەگـەڵ ڕۆیشتوون بۆلای ئـەو دکتـۆرە سـەد لەسـەد چاك بـوون و ڕزگاریــان بــووە، ئێمــەش ڕۆیشــتین بــۆلای، ئــەم پیــاوەش یــەکێك بــوو لەوانــەی قــۆڵی خــەڵکییان دەبڕیــی و هیــواو ئاواتیان پووڵ کۆکردنەوە و پێکەوە نـانی مـاڵی دنیـا بـوو، ئـــیتر بەهـــەر وەســـیلەیەك بـــێ. بـــەلێ، ئـــەویش بـــە خۆبــەزلزانین و فیزێکــەوە کــاتێ ئێمــەی بینــی گــوتی: نەخۆشــەکانی مــن بــەزۆری لەوانــەن کەلــەهیچ لایــەك

---

[34]- ئەم دکتورە هەتا بلێیت خۆ بە زلزان و هیچ نەزان بوو.

چاریان دەست ناکەوێ ئەوسا دێن بۆ لای من!!

پێمان گوت: هەقدەستت چەندە؟

ئەویش لە دە هەزارەوە هاتە خوار تا لە دوو هەزارا وەستا.. بەلێ، ئەم دەست بڕە دوو هەزار تمەنی لێ وەرگرتین، تەنیا نەشتەرێکی دا لەپووزی خێزانم لەپەنای قولەپێی راستیدا، و نزیك پیاڵەیەك خوێنی لێهاتەدەر،و پاشان بەستییەوە. ئیتر ئەمە هەمووکارەکەی بوو.. ئەمەش بێسوود بوو.

پاش ئەوە گوتمان: لەوانەیە نەخۆشی گورچیلەی هەبێ، بۆیە رۆیشتینە لای دکتۆری پسپۆڕی گورچیلە، ئەویش ئەشیعەی رەنگی بۆ نووسین، و هەندێ دەرمانی بۆ نووسین، و گوتی: گورچیلەی پاکە و هیچی نییە.

دوای ئەوە رۆیشتینە لای دکتۆرێکی تر ئەویش پێیان دەگوت: مەولانائی، لەجیاتی بلێ برام ! ئەمە پسپۆڕی من نییە و هیچی لێنازانم، بیبەن بۆلای دکتۆرێکی پسپۆڕ، گوتی: ئەم ئێش و ئازارە نیشانەی پیرییە و ئێسکەکانی سواوە، ئافرەت لەم تەمەنەدا ئەم جۆرە ئازارانەی لێ

پەیدا دەبێ!! پێمان گوت: دكتۆر! هێشتا تەمەنی نەگەیشتۆتە چل ساڵ، بەڵام ئەو هەر لەسەر قسەی خۆی سوور بوو. !!

بەدرێژی ئەم هەموو بەسەرهاتانەمان بۆ گێڕایەوە، و ئەویش گوێی بۆ گرتبووین، گوتمان: ئێستاش هەروەك قەدەر بۆلای تۆی هێناوین، هیوادارین لەسەر دەستی تۆیشدا شیفای بدات..

2

گوتی: لەسەر قەرەوێڵەكە راكشێ..

ئەویش راكشا. دكتۆر لێی پرسی ئێستا دەست بخەرە سەر جێی ئازارەكانت.

خێزانم دەستی نایە سەر نێوان پاژنەو ئەژنۆی، كەمێ لەژوور قولاپەیەوە و گوتی: لێرەدا ئازارم زۆرە، ئینجا دەستی خستە سەر پەراسووی راستی لەنزیك بڕبڕەی پشتیەوە، و گوتی: ئێرەیشم دێشێ، دوایی دەستی خستە سەر نێوان دەفەكەی شانی و بڕبڕەی پشتی و گوتی: ئێرەشم ئازاری هەیە..

پاش ئەوە کە دکتۆر بۆی دەرکەوت ئازارەکانی لەم سێ شوێنەدا هەیە، گوتی: هەستە. ئەویش هەستا و پاشان بۆی نووسین عەکس (ئەشیعە)ی ناوشان وسنگ و لاقی بگرین. وە ئازمایشی خوێن و میز و پیسیشی بۆ نووسی.

لەو کاتەدا ئازمایشەکانی بۆ نووسی، گوتم: دکتۆر! هەروەك دەزانی ئێمە غەریبین، و ئازمایشگای باش پێ نازانین، جا تۆ کێ بەباش دەزانی بابچین بۆلای ئەوە. نە خشەیەکی تارانمان پێ بوو، لەسەر نەخشەکە دوو شوێنی بۆ دیاری کردین، یەکێکیان نزیك بوو لەخیابانی نیزام ئاوا و ئەوی تریشیان زۆر دوور بوو. بەبێ ئەوەی تووڕە ببێ و بلێ: جا من چیم داوە بەسەر ئەو مەسەلەوە، ئەوە کاری خۆتانە بپرسن پێتان دەڵێن، زۆر بەدڵسۆزییەوە پیشانی داین..

سبەینێ رۆیشتین بۆ ئازمایشگای خەتائی، گوتیان دەبێ رۆژی پێنج شەممە بێنەوە بۆ وەڵامەکەی، هەرئەو رۆژە لەئێوارەکەیا عەکسەکانمان گرت و بردمانەوە بۆلای

دکتــۆر، ئــەویش زۆر بــەوردی تەماشــای کــردن، ئێســکە باریکـەی خـوار ئـەژنۆی خێـزانم لـە نزیـك قولاپەیـەوە شکابوو. لە عەکسـەکەی پەراسوویشـیا ئـەوەی پیشـان دەدا کە پەراسوویەکی ئازاری پێگەیشتووە..

دکتۆر گوتی: ئەی عەکسەکەی ناوشانی کوا؟

گوتم: بە دکتۆری ئەشـیعە گرمـان گوتـووە، بـەڵام ئـەو ئەی گوت: دکتۆر هەر ئەوەی نووسیوە.

گوتی: برام! ئێمە سەرە نەخ(دەزوو)ێکمان دۆزیوەتەوە، ئەگـەر ئازمایشـەکانیش بێنــەوە، یارمــەتی دەر دەبــن بــۆ ئەوەی بزانین چییەتی، ئێستاش بۆتان دەنووسـم عەکسـی شانی بگرن..

گوتمان: باشە.. پێش ئەوەی بڕۆین گوتم: دکتـۆر گیـان! کـاتی خـۆی ئـەم لاقـەم شـکاوە، بـۆ ئـەوەی بـزانم وەزعـی چۆنە پێم خۆشە عەکسێکی بگرم.. ئەگەر زەحمەت نەبێ بۆم بنووسە.. گوتی: بەسەر چاو..

سوپاسم کرد و گوتم: شـتێکی تـر هەیـە ئەگـەر ئیجازە بدەیت.

گوتی: فەرموو.

گـوتم هــەروەك ئاشــكرایە رۆژی پیــنج شــەممان تــۆ عـــەیادەت نییـــە، رۆژی دوای ئـــەوەش هەینییــــە، رۆژی شــەممەیش هــەموو ئیــدارەو عــەیادەكانیش تــەعتیلن، ئێمــەش شــەش منــداڵمان جــێ هێشــتووە، ئایــا دەكــرێ شـوێنێك دیـاری بكـەیت، تـا ئـەنجامی ئازمایشـەكانتان بـۆ بێنین و ببینین؟؟

گــوتی: بــەڵێ، مــن لــەدەرمانگای ئــەهلی گورگــان كــار دەكەم، بیهێنن بۆ ئەوێ، لەوێ دەیبینم، و بـا ئێـوە ماتـڵ نەبن و دوا نەكەون..

ئێمــەش ســوپاسمان كــرد وهاتینــە دەرەوە، هــەر ئــەو ئێوارەیـــە رۆیشـــتین عەكســـەكانمان گـــرت. بـــەڵام نەڕۆیشــتینەوە بــۆلای دكتــۆر تــائیوارەی رۆژی پێــنج شــەممە، ئەوكاتــە رۆیشــتین بــۆ نەخۆشــخانەی گورگــان، لەپرسگەكە پرسیمان: دكتۆر نەوبەهاری لێرەیە؟

گوتیان : بەڵێ، لێرەیە.

هەر لەویا بلیتێكی هەشتا تمەنییان بۆ بـڕین، ئێمـەش

زۆرمان پێ سەیر بوو، لەدڵی خۆماندا گوتمان: تۆ بڵێی لەبەر ئەو هەشتا تمەنە دکتۆر گوتبێتی بێن بۆ ئەو خەستەخانەیە؟!

بۆیە خوا دەفەرموێ " إنَّ بَعْضَ الظَّنِّ إثمٌ.." (35) بەراستی هەندێ گومان تاوانەو گوناح. بەلێ نۆرەمان هات و چوینە ژوورەوە، وەك عادەتی ئەو شوێنە بلیتەکانمان لەسەر مێزی دکتۆر دانا. ئەویش پاش ئەوە کە ڕێزێکی زۆری لێ گرتین گوتی: ئەنجامی ئازمایشەکان وا پیشان دەدات کە ساق و سەلیمە و ئەوجۆرە نەخۆشییەی نییە کە لێی دەترساین([36])..بەلآم لەعەکسەکاندا لەو سێ شوێنەوە کە خۆی هەستی پێکردووە نیشانەی زام وبرینداری دەبینرێت..

بۆیە من وای بەباش دزانم عەمەلیاتی بکەین و هەندێ لەو گۆشت و ئێسکەی بنێرین بۆ ئازمایشگا تابەتەواوی لێی دڵنیا ببین.

---

[35]- سورة الحجرات/12.

[36]- دکتۆر لەوە دەترسا خوا نەخواستە سەرەتانی هەبێ..

ئەگــەر دەتانــەوێ هــەر ئــەمڕۆ دەتــان نێــرم بــۆ نەخۆشــخانەی (بــاهیر)و لــەوێ عەمــەلیاتی دەكــەم و نموونــەی لــێ دەگــرم، و دەتــوانن ئێــوەش ڕۆژی شــەممە بڕۆنـــەوە.. نموونەكـــەش پـــاش سێ هەفتـــەی تـــر ئەنجامەكەی دەر دەكەوێ..

ئــەوی ڕاســتی بــێ چــونكە دكتۆرەكــەمان نەدەناســی و نــەمان دەزانــی چ دكتۆرێكــە، نــەمان وێــرا گفــت بــدەین، منداڵیش ماوەیـەك بـوو كەسیان لا نـەبوو، وامـان بـەباش زانی پرس و مشوەرەتێ بكەین ئەوسا بڕیار بـدەین، بۆیـە گوتمان: پـرس و ڕایـەكی خۆمـان دەكـەین و ئەوسـا بڕیـار دەدەین..

گوتی: زۆر باشە، چۆن تان پێ باشە وابكەن..

گوتم: عەكسی لاقی منت پێ چۆنە؟

گوتی: كاتی خـۆی ئـەم ڕانـی تۆیـە چـڵك و جەراحـەتی زۆری هـــەبووە، لیمفـــەكانی ڕەق بـــوون، ئیســـقانی لوولاقەكەت لەسەرەوە بۆ خوار بۆش وپفەڵ بـووە، لەبـەر ئەوە زۆر چاودێری بكە، و ئاگـات لێـی بـێ، ئەگـەر بێـت و

بکـەویت و بشـکێتەوە هـەمان چـڵك و کیمـی جـارانی تیـا دروست دەبێتەوە و لەوانەیە هەرگیز نەگرسێتەوە..

گـوتم: کـاتی خـۆی دکتـۆر پێـی گوتـووم: ئـەتوانم ئـەم کورتییەی پێت بۆ چاك بکەم و لاقت بۆ درێژ بکـەم. ئایـا بیشکێنمەوە بۆ ئەوەی ئەو کورتییەی نەمێنێ، یان نە؟؟

گـوتی: وەك برایـەك پێـت دەڵـێم: هـەرگیز کـاری وا نەکەیت.. ئەوەی کە بە تۆی گوتووە، لەم دووحاڵە بەدەر نـەبووە: یـا زۆر پـووڵ پەرسـت بـووەو ویسـتوویەتی پارەیـەکی زۆرت لـێ وەربگـرێ، یـا زۆر عەجوولانـە قـەزاوەتی کـردووە!! چـونکە ئـەم ئێسکەی لاقـی تـۆ بـە شـێوەیەکی مـوعجیزە مانەنـد گیرسـاوەتەوە، ئەگـەر بشـکێنرێتەوە هەڵـدەگرێ لەسـەدا هەشـتا ئـەو کـیم وچڵکەی پێشووی تیـا دروسـت ببێتـەوە، و لەسـەدا نـەوەد پەیوەسـت نەبێتـەوەو خـۆی نـەگرێ، و لەئەنجامـدا خـوا نەخواستە ناچار بە بڕینەوەی ببیت!!

جـا ئەگـەر بـەگوێی مـن دەکـەیت هـەرگیز کـاری وا نەکـەیت و دەسـتی لـێ نـەدەیت، و دارێکـیش بگـرە بـە

دەســتەوە – لــەو کاتــەدا دار دەســتەکەم فــڕێ دابــوو – باهێزی تەواوی لەسەر نــەبێ، چونکە زۆر لاوازو بــێ هێــز بووە..

ویســتمان بێینــە دەرەوە لــەو کاتــەدا تەلــەفونی لەگــەڵ پرسـگە کـەدا کـرد پێـی گـوت: ئـەو هەشـتا تمەنـەی لێـت وەرگرتــوون بیــان دەرەوە. هەرچــەند هاوارمــان کــرد و گوتمان: وەری ناگرین، رازی نەبوو، گوتی: مـن خـۆم پـێم گوتوون: بێنەوە، ئیتر چۆن پارەتان لێ وەر بگرم؟!

ئێمــەش سوپاســێکی زۆرمــان کــرد و هاتینــە دەرەوە. ئەمە هەموو ناسراوییەکی ئێمە بوو لە تەك ئەم نەجیبی نەجیب زادەیەدا.

3

هــەڵس وکــەوتی ئــەم دکتــۆرەم زۆر پــێ ســەیر بــوو، چــونکی ئەوەتــەی ئاموشــۆی دکتــۆر دەکــەم دکتــۆرێکم نــەدیوە جگــە لــەدکتۆری موســڵمانی پەیامــدار ئەوەنــد بەماریفەت و دڵسۆزبێ و بایەخ بە نەخۆش بدات و چاوی لەپووڵ وپارەوە نەبێ..

کاتێ کە دەرۆیشتینە ژوورەکەیەوە و سڵاومان دەکرد وەڵامی سڵاوەکەی دەدایەوەو دەیگوت: بەهبەهـ هەڵدەستا و تەوقەی لەگەڵ مندا دەکرد و حاڵ وئەحواڵی دەپرسین، و گوێی بۆ دەگرتین، ئەمە ئەو دکتۆر نەوبەهارییە بوو کە ناسیمان..

ئینجا زیاد لەو هەموو رەوشتە بەرزانەی با ئەو جوامێرییەی ببینین کە لەتەك ئێمەدا کردی..

4

رۆژی شەممە و رێکەوتی 1989/12/10 بوو، دنیا سارد بوو، چل رۆژ بەسەر جاری پێشوودا تێپەریبوو، لەئێوارەدا رۆیشتین بۆلای دکتۆر، وەك عادەتی خۆی هەستایەوەو بەخێرهاتنێکی گەرمی کردین، و ماریفەتێکی زۆری نواند، و گوتی: من هەر بیرم لە ئێوە دەکردەوە و لەخۆمم دەپرسی: ئاخۆ چیان بەسەر هاتبێ؟

ئەو ئێوارەیە بۆی نووسین کە عەکسێکی ئەتۆمی بگرین (الأشعة الذرية)،ئەوەشی پێ گوتین کە پارە لەتەك خۆتانا ببەن، چونکە نزیکەی سێ هەزار

تمـــەنێکی تێدەچـــێت، هەرچـــەند گرانـــە بـــەڵام بـــۆ دۆزینەوەی نەخۆشییەکە یارمەتیدەرێکی باشمان دەبێ..

گوتمان: باشـە. بـەڵام ئـەم عەکسـە لـە کوێ دەگیرێـت؟ ئەویش گوتی: تەنیا لە دووشوێندا ئـەم دەزگایـە هەیـە و بـەس: لــە نەخۆشــخانەی تایبــەتی تــاران کلینیــك، وە نەخۆشخانەی ساسان، یەکەمیان لە نزیك (بـوزورگ راهـی مـــــودەرریس) دایـــــە. دووەمیشـــــیان لـــــە (بلـــــواری کیشـاوەرز)دایـە. لەسـەر نەخشـەکەش ڕێنمـوونی کـردین چـۆن بچـین وبەچـی سـواربین تـا پـارەی زۆر خـەرج نەکـەین.. ئـیتر خـوا حافیزیمـان کـرد و هاتینـە دەرەوە، لــەماڵ مامۆســتای (عەبـدووڕڕەحمان- یــەعقوبی)یــادی بەخێر دەعوەت بووین، ڕۆیشتینەوە بۆ ئەوێ..

پاش نوێژی بەیانی ڕۆژی یەك شەممە کەوتینە ڕێ بۆ تـاران کلینیـك، و لەسـەعات حـەوت و نیـودا گەیشـتین، گوتیان: تـا سێ شـەممە نۆرەتـان بەرناکـەوێت!! واتـە: تـا 12/13 چاوەڕوان بین، ئەوکاتە عەکسەکەمان بۆ دەگرن، هەرچـی هاوارمـان کـرد کـە: شـوێنمان دوورە و منـداڵمان

بەجێ هێشتووە، بەڵکو یارمەتیمان بدەن بێ سوود بوو..

گوتیان: ناوی خۆتان لێرە بنووسن با نۆرەکەتان نەفەوتێ، ئەگەر لەشوێنی تر دەستان کەوت بیگرن و مەگەڕێنەوە لای ئێمە. بەڵام ئەوڕۆژە کە هاتنەوە بەیانییەکەی نان بخۆن، و دوو هەزارو پێنج سەد تمەنیش لەتەك خۆتاندا بهێنن..

پاش ئەوە کەهاتینە دەرەوە ڕۆیشتین بۆ خەستەخانەی ساسان، و پرسیمان بۆ عەکسەکە، گوتیان: فلیمی عەکسمان نەماوە، تا مانگێکی تر ناتوانین هیچ جۆرە عەکسێك بگرین!! ئیتر بەناچاری ماینەوە تا ڕۆژی سێ شەممە، 12/13.

بەیانی ڕۆژی 13 ڕۆیشتینە خەستەخانەکە، لەوێ دەرزییەکیان لێدا کە هەموو نیو سەعاتێ پیویستی بە ئاودەست بێ!! لەسەعات دوانزەی ئەو ڕۆژەدا عەکسەکەیان بۆ گرت، هەر لەنووکی پێیەوە تا تەوقی سەری، لە رووی سنگ و پشتیەوە.. حەقەکەمان داو گوتیان سەعات چواری دوانیوەڕۆ بێنەوە بۆ

ئەنجامەکەی..

لەسـەعات پێنچـدا عەکسـەکەم وەرگرتـەوە و تەکسـی تایبـەتم گـرت و لەسـەعات شەشـدا گەیشتمە عەیادەکـەی دکتــۆر نەوبــەهاری، کاتبەکــەی خــەریك بــوو دەرگــای عەیادەکــەی دادەخســت و گــوتی: هــەر ئێســتا دکتــۆر ڕۆیشت!!

بۆیە لەم جۆرە حاڵەدا ئینسان تەلـەفوون بکات باشـە، لەراسـتیدا ویسـتم تەلـەفوون بکـەم بـەڵام خـەڵکێکی زۆر بەڕیز وەستابوون تا تەلەفون بکەن، بەئاسانی نـۆرەم بـەر نەدەکەوت، لەدڵی خۆمدا گوتم: تا من نۆرەم بەر دەکەوێ لەولاوە دەگەمە عەیادەکەی دکتۆر. لێم روون بـوو ئەگـەر تەلـەفونم بکردایـە چـاوەڕوانم دەبـوو. لەئـەنجامی ئـەو تەلـەفوون نەکردنـەدا تـەنیا زەحمـەت ومانـدوو بـوونم بۆمایەوە، وئەو رۆژەش دوا کەوتین..

ئێوارەی رۆژی چوار شەممە رۆیشـتمەوە بـۆ لای دکتـۆر و باسـەکەم بـۆ گێڕایـەوە، زۆری پـێ نـاخۆش بـوو، بـەڵام گـوتی: ئینشـائەڵلا خێـری تیـابووە، چـونکە سـبەینێ لـە

نەخۆشــخانەی شــەریعەتیدا کۆبوونەوەیــەکمان دەبێــت، هەرچی دکتۆری ئیسقان وجومگەکان هەیە لەتاراندا دێـن بـۆ ئـەوێ، ئـەم عەکسـانە لای مـن دابـنێ، لـە تـەك خۆمـا دەیانبەم پیشانیان دەدەم، تـۆیش عـەکس و ئازمایشـەکانی تـر لەتـەك خۆتـا بێنـە و وەرە بـۆ ئـەوێ، لـە سـەعات نـۆ بەدواوە من ناو بەناو دێمـە دەرەوەو سـەردەدەم، لێـت وەر دەگرم و ئەنجامت پێ دەڵێم.. ئەگـەر لـەوێش خەوانـدیان بـەدکتۆرەکانی هاوکـارم دەڵـێم هـەر لـەوێ عەمــەلیاتی بکەن، بامەسرەفی زۆرت تووش نەبێ..

دڵسۆزی و پیاوەتی ئەم پیاوە بێنە پیشچاو و بیری لێ بکەرەوە.. ئیتر منیش زۆر سوپاسم کرد و هاتمە دەرەوە..

5

بـەیانی رۆژی پێـنج شـەممە پـاش ئـەوە کـە نزیکـەی سەعاتێك لەناو تەکسیدا بووین بۆ سـەعات نـۆ گەیشـتینە نەخۆشخانەی دکتـۆر شـەریعەتی، لەسـەر (بـوزورگ راهـی جەلالی ئالی ئەحمەد)..

لـەوێ کـوڕێکی تـازە پێگەیشـتووم بینـی، کـە تووشـی

ئیفلیجی ببوو، و توانـای ڕۆیشـتنی نـەمابوو. لـێم پرسـی: خەڵکی کوێیت؟

گوتی: مەریوان..

گوتم: چ جێیەك لە مەریوان؟

گوتی: خەڵکی دێی (ساوجی)م.

گوتی: ئەی تۆ خەڵکی کوێیت؟

گوتم: منیش پێنجوێنیم..

هەر لەگەڵ ناوی پێنجوێنی بیست ئەم کوڕە وەك گوڵ گەشایەوە، و زۆری پێ خۆش بوو، گوتی: ئێمە جگە لەوە کە هاو زمان و هاودین و هاومەزەبین، خەڵکی ناوچەیەکین و هاو وڵاتیشین. چونکە ساوجی و پێنجوێن زۆر لێکەوە نزیکن. خەڵکی ساوجی بۆ پێنجوێن زیاتر دەڕۆیشتن تا مەریوان..

ئالێرەدا دەرکەوت کەهەستی هاو وڵاتی خۆشویستن هەستێکی سروشتی{فِطـرِی}یە لەئادەمیزادا، و ئینسان ئارەزوومەندی شوێن و زێدگای خۆیەتی، بەتایبەت کاتێ

کەوتە غەریبی و لێی دوور کەوتەوە..

لێم پرسی نەخۆشییەکەت چییە؟

گـوتی: سێ ساڵە تووشی ئـەم نەخۆشـییە بـووم، و تابێت خراپتر دەبم، و کـەم کەمـە بـەرەو لـە پـێ کـەوتنی تەواو دەڕۆم.. گوتی: خۆ ئەم دکتۆرانەش ویژدانیان نییـە و تـا ئێسـتا لـە بیمارسـتانی(ساسـان) دا بـووم، و سـیی و حەوت هەزار تمەنیان لێ سەندووم، و هـیچ سوودێکم لـێ نەدیون.. وا ئێستا دەمانەوێ لێرەدا هەوڵی ئـەوە بـدەین بمان خەوێنن، بەڵکو دەردەکەم بدۆزنەوە..

هەنـدێ دوعـای خێرمـان بـۆ کـرد و پاشـان دڵخۆشـیم دایەوە، و ئینجا لەدڵی خۆمەوە سوپاسی خوام کرد کەلـەو نەخۆشـییە پاراسـتوومی و تووشـی دکتـۆری وا نارەسـەنی نەکردووین.. ئیتر براکەی هات و بردییە ژوورەوە..

پـاش ماوەیـەك دکتـۆر نەوبـەهاری هاتـە دەرەوە و عەکس و ئازمایشـەکانی لـێ وەرگـرتم و بردنیـە ژوورەوە. دوای سـەعات دە دکتۆرەکـان هاتنـە دەرەوە و گـوتی: بڕیارمـان داوە لەنەخۆشـخانەی گـەورەی{ئیمـام

خومـــەینی}دا بیخـــەوێنین، تـــا خـــەرجی زۆرتـــان تـــووش نەبێت..

لەو کاتەدا دکتۆرێك هاتە تەنیشتیەوە و تەلـەفوونێکی کـــرد، پاشـــان گـــوتی: دکتـــۆر! ئـــەم ئاغـــا خـــاوەنی نەخۆشەکەیە، شێوەکەیت لە پـێش چاودا بێـت، ئەویشـی بـــەمن ناســـاند و گـــوتی: ئەمـــە دکتـــۆر (غـــەففاری)یـــە.. سوپاسمان کرد و هاتینە دەرەوە.

6

سەر لەبەیانی رۆژی شـەممە رۆیشـتین بـۆ بیمارسـتانی ئیمام خومەینی، و مـاوەی سـەعاتێك چاوەڕوانیمان کـرد، ئینجا دکتۆر غەففاری هات وئازمایشەکانی لێ وەرگـرتین، پاشان هەندێ ئازمایشی بۆ نووسـین.. دکتـۆر سـەلاَح لـەو نەخۆشخانەیە کاری دەکرد و بـۆ پسـپۆریش دەی خوێنـد، خـــوا پاداشـــتی خێـــری بداتـــەوە یارمـــەتی دایـــن، هـــات لەتەکمانـــداو عەکســـەکانی لـــەوێ بـــۆ گـــرتین، بـــەلاَم بـــۆ ئازمایشـــەکان ناردینیـــان بـــۆ ئازمایشـــگای مەرکـــەزی، لەشەقامی وەلی عەسر، حەوت صەد و حـەفتا تمـەنیان لـێ

وەرگرتین، دوایی کەتەماشامان کرد هەرهەمان ئازمایشە کەدکتۆر نەوبەهاری بۆی نووسیبووین!!

بۆ نیوەڕۆ هاتمەوە بۆلای دکتۆر غەففاری و گوتم: دکتۆر گیان! ئەو ئازمایشانەی تۆ نوسیوتن هەر هەمان ئازمایشن کە دکتۆر نەوبەهاری نووسیبوونی، ئایا ئەوانە بەکار نەدەهاتن؟

گوتی: بەیانی خۆم ئەوانەم بینیوە و دەزانم بۆچ داوام کردووە.

گوتم: ئەگەر ناڕەحەت نەبیت دکتۆرەکان ئەڵێن: تا شەش مانگ ئازمایشی پێشوو دەوری بەسەرناچێ..

گوتی: ئاغا! ئەگەر دەیهێنیت عەمەلیاتی بکەین، ئەوا چیم داوا کردووە، ئەنجامی بدە دەنا خوات لەگەڵ.!!

گوتم: دکتۆر مەبەستم پارەکە نییە، من پارەکەم پێشەکی داوە، مەبەستم ئەوەیە ئێمە زۆر دوا کەوتووین، و ماوەیەکی زۆرە لێرەین و ئازمایشەکان پاش حەفتەیەکی تر ئەنجامیان دەر دەچێ، با ئەوەندە نەمێنینەوە!!

گوتی: چی تێدایە بەیانی بڕۆرەوە و پاش حەوت ڕۆژی تر بگەڕێرەوە!!

ئیتر بیری لەوە نەدەکردەوە کە ڕێگەکە هەشت سەعات بە ترومبیل دوورە و ئینسان گیانی دەگاتە کونە لووتی تا سەفەرێك دەکات، ئیتر هیچم نە گوت، خوا حافیزیم کرد و هاتمە دەرەوە..[37]

پاشان پرس ومشوەرەتمان بەدکتۆر سەلاَح کرد، ئایا ئەوەندە چاوەڕوانی بکەین؟

ئەویش گوتی: خۆتان دەزانن، بەلاَم من پێم وایە هەر لەنەخۆشخانە ئەهلییەکە عەمەلیاتی بکەن، چونکە لەوانەیە کاتێ پاش هەفتەکەش هاتیتەوە بلێت: جێگەمان نییە و هەفتەیەکی تر چاوەڕوان بن!! بەلاَم ئەگەر خوا نەکردە پێویستی بە عەمەلیاتێکی تر هەبوو، ئێمە هەوڵ دەدەین لەنەخۆشخانەی ئیمام خومەینی عەمەلیات بکرێ!!

---

[37]- تەنیا لەبەر ئەوە ئەم مەسرەفەی بەئیمە کرد چونکە لەسەر ڕەچەتەکە ناوی دکتۆر نەوبەهاری نووسراوە، نەك دکتۆر غەففاری!!

هەر ئەو ڕۆژە ڕۆیشتین بۆ نەخۆشخانەی ئەهلی باهیر، بەڵام دکتۆر نەهات، بۆ شەوێ تەلەفونی کرد و گوتی: سبەینێ دێم بۆ عەمەلیاتکردنی، با نانی بەیانی بخوات، بەڵام نانی نیوەڕۆ نەخوات، ئەو شەوە لەوێ نەماینەوە، ڕۆیشتینەوە بۆ ماڵ کاك ڕێبوار و بڕیارمان دا سبەینێ بچینەوە بۆ نەخۆشخانە..

7

کاك ڕێبوار خوا پاداشتی بداتەوە نەیهێشت سەر لەبەیانی بچین بۆ نەخۆشخانەکە، و گوتی: دکتۆر خۆی گوتویەتی بۆ دوانیوەڕۆ عەمەلیاتی دەکەم، ئیتر بۆ زوو بچین؟

ئێمەش دوانیوەڕۆ ڕۆیشتین و سەعات یەك و نیو گەیشتن، بەڵام دکتۆر زووتر هاتبوو، کەزانی ئێمە درەنگ هاتووین هیچی نەگوت، ئەوەندە نەبێ کە گوتی: ئەمڕۆ ناتوانین عەمەلیاتی بکەین، دەبێ بیخەینە سبەینێ..

هەر دکتۆرێکی تر بوایە دۆو دۆشاوی تێکەڵ دەکرد و تووڕە دەبوو، و دەیگوت: خۆ من گاڵتەچی ئێوە نیم! بۆچ

نەهاتوون؟چۆن پەنی وا بە من دەدەن؟

ئێمــە زۆر ئازارمــان پێگەیشــت، کــە ئــەو دکتــۆرە میهرەبانەمان ئازارداوە، بەڵام تـازە چـار چییە؟ هەنـدێ مەعزەرەتمان بـۆ هێنایـەوە، و داوای لـێ بوردنمـان لێکـرد، بەڵام ئەو خۆی وا پیشان نەدا کە زویر بووبێ..

ئەو رۆژە ماینەوە و ناوی خۆمان نووسی، و رۆیشتینە ژووری (317) لە نهۆمی چوارەمدا..

دکتـۆر رۆیشـتەوە، ئێمـەش واتێگەیشـتین کـە تـوورە بووەو دڵی یەشاوە، بۆیە عەمەلیاتی بۆ نـەکردین، بـەڵام لە دواییدا بۆمان دەرکـەوت عەمـەلیات هـەروا بەسـەر پـێ ییـەوە نـاکرێ، دەبـێ خـوێنی نـەخۆش ئازمـایش بکـرێ، دەبـێ خـوێنی بـۆ ئامـادە بکـرێ، دەبـێ پلـەی گـەرمایی بگیرێ. ئیتر حاڵی بووین کە دکتۆر چەند ئارام وخۆگرە!! هــەروەها حــەقی وایــە بــۆ ژەمــە خواردنێــك ئینســان میوانەکەی دوا نـەخات، چونکە وا دەبـێ ئـەو پیاوەتییـە زیانی پێ دەگەیەنێ..

8

بـەیانی دووشـەممە ناردمیـان بـۆ سـندوق حسـاب و لـەوێ پێـنـچ هـەزار تمـەنیان پێشـەکی لـێ وەرگـرتم، دوای ئەوە گوتیان: خوێنەکە لە ئازمایشگا فەحس بکـە، نزیکـی دووسەد تمەنێکیان بۆ گواسـتنـەوەی خـۆێن لـێ وەر گـرتم، بێ ئـەوەی خوێنەکـەش بێـنن، ئینجا داوای ئـەوەیان کـرد کـە: دوو قـاپ خوێنیـان بـۆ ئامـادە بکـەم، مـەبادا خـوێنی زۆری لێ بڕوات و پێویستی بەخوێن هەبێ.

لەگەڵ کاک ڕێبواردا ڕۆیشتین بۆ بـانقی خـوێنی تـاران، لێپرسراوەکەی پیـاوێکی بـە ویـژدان بـوو، خـوا هیدایـەتی بدات، کارتی دووقاپ خوێنی پـێ دایـن.. هاوەڵەکـەم چـوار سـەد تمـەنی بـۆ خسـتە نـاو کیسـەیەکەوەو لـەملاوە بـە بۆنەی شتێکەوە دایە دەستی بەڵام وەری نەگرت، ئـەوەش لــە خۆیــا پیاوەتییــەك بــوو، خــوا پاداشــتی بداتــەوەو هیدایەتی بدات..

لەسەعات یانزە و نیوی ڕۆژی دووشەممەدا خێزانم بـرا بـۆ ژووری عەمـەلیات و تاسـەعات و نیوێـك لـە ژێـر عەمەلیاتدا بوو. ئـەوەی جێـی دڵخۆشـی بـوو، ئـەوە بـوو،

لەوکاتی بێهۆشییەدا خێزانم دەگریا و بەنیوەو نیوە چڵی یەوە دەیگوت: خودام ئەڵلایە، پێغەممەرم رەسولوڵلایە، ئیمامم قورئانە، قیبلەم کەعبەیە، و هاواری دەکرد و دەگریاو دەیگوت: خودایە براکانمان رزگار بکەیت، گیراوەکانیان بەرەلاّ بکەیت، لەو کاتەدا مامۆستا صەلاح و مامۆستای رەحمەتی گیرابوون، دوایی کە هاتەوە هۆش لێم پرسی: ئەوە چۆن بوو کە دەتگوت: خودام ئەڵلایە..و... تاد؟

گوتی: وام دەزانی لەناو گۆڕدام، و پرسیارم لێ دەکەن، بەلاّم لەکاتی پرسیارەکەیشدا کەسم نەدەبینی..

لەویادا ئەوەم بۆ دەرکەوت کە: ئینسان لەژیانی ئاسایی دنیادا هۆگری چی بووبێ، لەکاتی تەنگانەدا و لەکاتی بێ ئاگایی و لەهۆش چوونیا هەر ئەوە بەسەر زمانیا دێت..

ئێوارە رۆیشتمە دەرەوە هەندێ دەرمانی بۆ بکڕم، لەکاتی گەڕانەوەدا پێم لە پلەکان گیر بوو، تلێر بوومەوە، ئازارێکی زۆرم پێگەیشت و لەپێ کەوتمەوە، و چەند کەسێك هاتنە ژێر باڵم و بردمیانە سەرەوە..

ڕۆژی سێ شەممە دکتۆر سەری لێ داین و گوتی: ئەمڕۆیش بمێننەوە تا بەتەواوی لەجێی عەمەلیاتەکە دڵنیا ببم ئەوسا بۆتان دەنووسم  بڕۆنە دەرەوە..

ڕۆژی چوار شەممە لە دەماودەمی نیوەڕۆدا دکتۆر هات و دەوا و دەرمانی لەگەڵ خۆیدا هێنا بوو، جێی برینەکەی کردەوە، کەدیتی پاکەو چڵك و کیمی نییە، ئیتر ئیسپەرتۆیشی تێوە نەدا.. هەندێ لەفاف و شافی پاکژکراوی خستە سەر برینەکان و پێچایەوە..

گوتی: بڕۆ بۆ حیسابات بزانم چەندیان بۆ حسێب کردووی؟ من خۆم بڕیارم داوە حەق دەستی خۆمت لێ وەرنەگرم!! قسەکەم پێ بڕی و گوتم: دکتۆر گیان! خوا پاداشتت بداتەوە، بەڕاستی ئێمە زۆر مەمنوونی تۆین، تۆ ئەوەند چاکەت لەتەك ئێمەدا کردووە، نازانین بە چ زمانێ سوپاسی تۆ بکەین؟ ئێستاش ئێمە هەروا دا دەنێین کە پارەت لێ وەرنەگرتووین، و سوپاس بۆ خوا هەژار و نەدار نین، و هەمانە.. لەبەر ئەوە قبووڵی ناکەین و دەبێ هەقدەستی خۆت حسێب بکەیت.

گوتی: نا ، شتی وا نییە..

گوتم: ئەگەر تۆ دڵی منت دەوێ و دەشزانم کە دڵی منت دەوێ، لێمان وەر بگرەو حیسابی بکە..

گوتی: وەڵلا وەری ناگرم!! بڕۆ خێراکە، بزانم چەندیان حسێب کردووە؟

ڕۆیشتمە خوارەوە بۆ حیسابات، لێپرسراوی حیسابات گوتی: حیسابی خۆت لەگەڵ دکتۆردا پاکژ کردووە؟

گوتم: بەلێ. زەحمەت نەبێ حیسابی ئێمە بوو بەچەند؟ گوتی: حەوت هەزارو سیی و شەش تمەنە.. ئیتر پارەکەم دایەو گوتم: زەحمەت نەبێ دکتۆر دۆست و برادەرمە و پارەی وەرنەگرتووە، ئایا هەقدەستەکەی چەندە؟؟

گوتی: سیی هەزار و بیست هەزار تمەن وەردەگرن.. عادەتەن بۆ ئەم جۆرە عەمەلیاتانە، **بیست هەزار تمەنێك وەردەگرن**..

لیستەکەم هێنایە سەرەوە و پیشانی دکتۆرم دا، دکتۆر

گوتی: باشە، رۆژی شەممە بیهێنەرەوە بۆ عەیادە، با بی بینمەوە، دوای ئەوە بڕۆنەوە و خوا حافیزتان بێ، و خواتان لەگەڵ. ئیتر لەوانیش خوا حافیزی کرد و رۆیشت..

ئەم ئێوارەیە رۆیشتینەوە بۆلای دکتۆر، و تەماشای جێی تەقەڵەکانی کرد، و گوتی: سوپاس بۆخوا کیم وجەراحەتی نییە، و زۆر باشە، من لێی دڵنیام، ئیتر ئەگەر بڕۆنەوە قەیدی نییە،

گوتم: دکتۆر گیان!!ماوەیەکی زۆرە هەندێ پرسیار لەمێشکمدا هات و چۆیانە، ومنیش دیزە بەدەر خۆنەم کردوون، و زیندان بوون، وائێستا کاتی بەرەڵا کردنیان هاتووە، ئەگەر جەنابتان ئیجازە بدەن؟..

گوتی: فەرموو.. بپرسە..

گوتم: لەکوێ لەدایك بوویت؟

گوتی: لەتاران.

گوتم: لەبنەچەدا تارانین؟

گوتی: نەخێر، لەبنەچەدا (کرمان)ین..

گوتم: لەم ماوە زۆرەدا کە ئێمە هاموشۆی ئەم عەیادەی ئێوەمان کردووە، لەبارەی دین و مەزەبەوە، هیچ باسێکم لێ نەبیستوون، یا وات پیشان نەداوەکە پیاوێکی مەزەبی بن، ئەکرێ بزانم پەیوەندیتان بە مەزەب و دینەوە چۆنە؟

گوتی: من موسڵمانم، و پابەندم بە دینەکەمەوە، بەڵام لەناو جوغزی(...) دا نیم.

گوتم: دەکرێ نموونەیەکمان بۆ بێنیتەوە لە پەیوەندیت بە دینەوە؟

گوتی: لەکاتێکدا رۆیشتمە زانکۆوە زانکۆ بۆ لاوێکی تازە پێگەیشتووی وەك من زۆر سەخت و نارەحەت بوو، بۆ ئەوەی تووشی گوناه نەبم هەر ئەوساڵە ژنم هێنا، ئێستاش هەر ئەو خێزانەم هەیە، و خاوەنی شەش منداڵم..

گوتم: ئاواتت چییە؟

گوتی: ئاواتم ئەوەیە خۆشی بخەمە دڵی ئەو نەخۆشەی

دێت بۆلام، هەرکەس جۆرە ئاواتێکی تایبەتی خۆی هەیە، هـی وا هەیـە ئـاواتی ئەوەیـە: کۆشـك وتـەلاری بـەرزو گەورەی هەبێ، هی واهەیە ئاواتی ئەوەیە لەبانقا پـوولْ و پارەیـەکی زۆری هـەبێ، بـەلاّم مـن هیـوام ئەوەیـە لـەدڵی نەخۆشـدا هیـواو گـەش بینـی بـڕوێنم، خۆشەویسـتی دروست بکەم، و خۆشی بخەمە دڵیەوە.

بـەلێ، پاش ئەوقسانەی دکتـۆر پـەیم بـەو رازە بـرد و مەتەڵەکـەم بـۆ کرایـەوە، و تێگەیشـتم کـە دینـەمۆی ئـەم کارە ئیمان وباوەڕە، زۆر لـە مێـژە گوتویانـە ئیمان کـاری موعجیزە مانەند بەدی دێنێ..

# # #

**جوامێری**

٨

# پیاوێکی پیر

# و

# کاریگەری پارچە حەڵوایەک

**ڕووداوێکی واقیعییەو لەیەکێ لە نەخۆشخانەکانی خۆماندا ڕوویداوە**

پیاوێکی پیر لەبەر تێکچوونی جەستەی لە نەخۆشخانە کەوتبوو.. هەموو رۆژێ لاوێك دەهات بۆلای و ماوەیەك لەلای دادەنیشت و یارمەتی دەدا تا دەرمانەکانی بەباشی بخوات، هەروەها پاکی دەکردەوەو دەست ودەمی خاوێن دەکردەوە.. وناو بەناو لەتەك خۆیا دەیبردە دەرەوە بۆباخچەی نەخۆشخانەکە .. هەروەها یارمەتی دەدا بۆ ئەوەی بتوانێ پاڵ بکەوێ ولاقی درێژبکات، پاش ئەوە کەلێی دڵنیا دەبوو دەڕۆیشت و بەجێی دەهێشت.

رۆژێکیان خانمی برین پێچ هات بۆ ئەوەی دەرمانی پێ بدات و پلەی گەرماکەی بپێوێت، پێی گوت: ماشەڵڵا مام حاجی! چەند کوڕێکی باشت هەیە! لەوانەیە کوڕەزایشت بێ، من نازانم، بەڵام هەموو رۆژێ سەرت دەدات و خزمەتت دەکات، لە کوڕی ئەم رۆژگارە ناچێت!!

مام حاجیش سەیرێکی کرد و هیچی نەوت، و چاوی داخست و لەبەرخۆیەوە گوتی: خۆزگە ئەو یەکێ بوایە لە کوڕەکانم..!! ئەوە کوڕم نییە، بەڵام لەکوڕ باشترە بۆ من!! ئەوە حەلاڵ زادەیە، ئەوە خەڵکی گەڕەکەکەمانە، تەمەنی هەشت و نۆ دەبوو باوکی مردبوو، ڕۆژێکیان لەبەر دەرگای مزگەوتا دەگریا نەمدەزانی بۆچ دەگریا، ئیتر ڕۆیشتم پارچە حەڵوایەکم بۆ کڕی و دەستم بەسەریا هێناو ژیرم کردەوە، لەوکاتەوە نەم دیتبوو، کاتێ زانیبووی من و خێزانم پیر بووین، وتوانای هاتوچۆمان نەماوە، هات بۆسەردانمان، و لەوکاتەوە هەموو ڕۆژێ سەردانی دەکردین بۆئەوەی هەواڵمان بزانێ!! کاتێ کەزانی من تەواو پەکم کەوتووە، خێزانمی بردەوە بۆ ماڵ خۆیان و منیشی هێنا بۆ نەخۆشخانە بۆ ئەوەی چارەسەرم بۆ بکەن.. کاتێ منیش پێی دەڵێم: کوڕم پێویست ناکات تۆ ئەوەند ئازاری خۆت بدەیت، و خۆت

ناڕەحەت بكەیت بۆمان. بزەیەك دەگرێ ودەڵێ: مام حاجی! تا ئێستاش تامی حەڵواكە لەزارما ماوە..!!

# # #

چاكە بچێنە بالەناو بەردەڵانیشدابێ، چونكە چاكە لەهەر كوێ بنێژرێ ون نابێ..

چاكە هەرچەند بەرهەمەكەشی دوابكەوێت چێنەرەكەی هەر دەی دورێتەوە..

# # #

**<u>جوامێری</u>**

٩

# تێدی بووە دکتۆر تیۆدۆر

**نووسینی**

Roy Exum

وەرگێڕانی

**د. حەسەنی پێنجوێنی**

خەڵكی كانزان، ئەوكانزایانەش هەمەجۆرن، هەروەك زیو و زەردی تێدایە ئەلماس و ئاڵتوونیشی تێدایە، ئەوانەش لە جیهانی واقیع و كردەوەدا دەر دەكەون، كێ دەیگوت: ئەو كرێكارەی كومپانیای نەوت تەنیا قسەیەك ئاوەڕۆی ژیانی دەگۆڕێت و لەگەڵ كرێكاریكردنەكەیدا هەوڵ دەدات ئێواران دەرس بخوێنێ و بگاتە بەشی ئەندازیاری نەوت لە زانكۆدا، و خوێندن تەواو بكات و دكتۆرا لە ئەندازیاری نەوتا بێنێ و ببێت بەوەزیری نەوت؟

كێ دەهات بەخەیاڵیا سەكاكی دارتاش ببێت بە یەكێ لە پرشنگدارترینی زانایانی زانیاری رەوانبیژی زمانی عەرەبی؟! كێ دەهات بە خەیاڵیا قوتابییەكی گۆشەگیر و خەواڵوو ببێتە پزیشك و خاوەنی گەورەترین سەنتەری لیكۆڵینەوەو چارەسەری نەخۆشییەكانی شێر پەنجە؟

ئەوەی دەیەوێ خەڵكی پەروەردە بكات و مامۆستای پەروەردەبێ دەبێ هەمیشە گومانی چاك بەخەڵكی ببات،

چونکە ئەسڵ ئەوەیە خەڵکی چاك و باش و دڵسۆز و لێهاتووبن..

چیرۆکێکی ئینگلیزیم بە عەرەبی خوێندەوەو بۆ لابرنی ئیشکالەکان ناوبەناو سەردانی ئینگلیزییەکەم دەکرد، و کۆمەڵێ واتای بەنرخی پەروەردەییم تیابەدی کرد، وەك: چۆن لەکەسێکی بێ موبالات یەکێ لە گەورەترین کەسانی جیددی دروست دەکەیت؟! گومانی خراپ بردن چ زیانێکی گەورەی لێدەکەوێتەوە؟! لەسەر رواڵەتەوە هەرگیز بینا نەکرێت تا لێکۆڵینەوەی تەواوی لەسەر دەکرێت، و توێژەر دەگاتە حەقیقەت، چۆن کەسانێك بەهۆی کارەساتێکەوە لێیان دەقەومێ، و ئەگەر دەستگیرێکیان هەبێ دەکرێ بگەیەنرێنە لووتکە.. جوامێری بەرامبەر هەرگیاندارێك، بەوەفایی ...تاد.. ئەمانەم هەموو لەو چیرۆکەدا بەدی کرد.. منیش ویستم بەکوردی پێشکەش بە هاوزمانەکانمی بکەم.. بۆ ئەوەی

بێته دەرسێك بۆ ئەوانەی دەیانەوێ سوود لەتەجروبەی خەڵكییەوە وربگرن..

فەرموو خۆت چیرۆكەكە بخوێنەرەوەو دەرسی زیاتر و زۆرتری لێ وەربگرە.. چیرۆكەكەش چیرۆكێكی سۆزی و پڕ لە عاتیفەیە و كەم كەس بتوانێ بیخوێنێتەوەو چاوی پڕ لە ئاو نەبێ..

. حەسەنی پێنجوێنی

# # #

لەیەكێ لە قوتابخانەكاندا مامۆستایەك سەرپەرشتیاری پۆلی پێنجەمی دەكرد، ئەم مامۆستایە هەر لەیەكەم رۆژی دەرس خوێندنەوە بە دەستەواژەیەكی جوان وناسك خۆی بە قوتابییەكانی ناساند، و سەرنجی یەك بەیەكی دەدان، و هەروەك هەموو مامۆستایەكی تر كە بەقوتابییەكانیان دەڵێن پێی گوتن: من هەمووتانم خۆش دەوێ.. بەڵام ئەم مامۆستایە لەناو ناخیا و لەدەروونی خۆیدا یەكێ لەقوتابییەكانی لەو خۆشەویستییە

هەڵبواردبوو، ئەو قوتابییەش لە ریزی پێشەوەی پۆلەکە دادەنیشت، و ناوی { تیێدی ستودارد- Stoddard Teddy } بوو..

مامۆستا {تۆمسۆن- Thompson} لەماوەی ساڵی رابوردوودا {تیێدی} خستبووە ژێر چاودێری خۆیەوە.. دەیبینی ئەم لەگەڵ منداڵانی ترا یاری ناکات!! هەمیشە جلەکانی پۆخڵ و چلکنە، و هەمیشە پێویستی بە گەرماوە !!

بەڕێوەبەری قوتابخانەکە داوای لە{خاتوو تۆمسۆن}کرد چاوێ بە تۆماری خوێندنی ساڵانی رابوردووی هەریەکێ لە قوتابییەکانی پۆلی پێنجەمدا بخشێنێتەوە، ئەویش داواکەی بەجێ هێنا، و لە فایلی { تیێدی}دا شتێکی سەیری پێش چاو کەوت کە هەرگیز چاوەڕوانی نەدەکرد ئەوە ببینێ!!..

**رابەری پۆلی یەکەمی بەم شێوە لەبارەی تێدییەوە نووسی بووی:**

" تێدی منداڵێکی زیرەکە و کەسێکی رۆح سووکە! بایەخ بە ئەرکەکانی دەدات و زۆر بەباشی راهێنانەکانی جێبەجێ دەکات، رێك و پێکەو رەوشت جوانە!!

**رابەری پۆلی دووەمی نووسیبووی:**

" تێدی قوتابییەکی نەجیبە، و لای قوتابییەکانی پۆلەکەی خۆشەویستە، بەڵام بەهۆی تووشبوونی دایکی بەنەخۆشییەکی سامناکەوە شپرزە و نارەحەتە، چونکە لەماڵەوە رووبەرووی ناخۆشی و زەحمەت و ناڵاندن دەبێتەوە!!

**رابەری پۆلی سێ هەمی نووسیبووی:**

" مردنی دایکی کاریگەرییەکی گەورە وگرانی لەسەر دەروونی تێدی داناوە، هەوڵی تێکۆشانی دەدا، ئەوەی

لەتوانایا بوو بەکاری دەهێنا، بەلآم باوکی بایەخی پێ نەدەدا، زۆر بەزوویی ژیان لەماڵیاندا کاریگەری خۆی لەسەر تێدی دەبێت، ئەگەر کۆمەلێ رێ و شوێن لەبەر نەگیرێت!!

**رابەری پۆلی چوارهەمی نووسیبووی:**

" تێدی قوتابییەکی گۆشەگیرە، بایەخ بە خوێندنەکەی نادات، و زۆر ئارەزووی لەخوێندن نییە، هاوەڵی زۆری لەقوتابخانەدا نییە، هەندێ جاریش بەسەر دەرسەکەوە خەوی لێدکەوێت..

ئالێرەدا مامۆستا تۆمسۆن حاڵی بوو کێشەی تێدی چییە؟ و هەستی بەشەرمەزاری و تەریق بوونەوە دەکرد لەسەر هەڵس و کەوتی نەشیاوی بەرامبەر ئەم منداڵە!! بەتایبەت لەوکاتەدا کە منداڵەکان دیاری رۆژی لەایکبوونیان بۆ هێنا هەموویان خستبوویانە ناو

بەرگێکەوە بەڵام ئەو هەروا بەسادە هێنابووی و گرتبووی بەدەستیەوە..

بەتایبەت کە ملوانکەیەکی کۆن، و شووشە عەترێك کە چوار یەکێکی تیا مابوو..

پاشان مامۆستا تۆمسۆن زۆر بە ملوانکەکە دڵخۆش بوو، لەبەر ئەوە کردیە گەردنی، و هەندێ لە تنۆکی عەترەکەشی کرد بەسەر دەست و کراسەکەی خۆیا.. ئەو رۆژە تێدی پاش نیوەڕۆ نەڕۆیشتەوە بۆماڵ خۆیان!! ماوەیەك چاوەڕوان بوو تا بەتەنیا مامۆستا تۆمسۆن ببینێ..و پێی بڵێت ئەمڕۆ بۆنەکەت دەڵێی بۆنی دایکمە!!

کاتێ قوتابیەکان لەقوتابخانە رۆیشتنە دەرەوە مامۆستا تۆمسۆن بەلای کەمەوە ماوەی سەعاتێك گریا، چونکە تێدی ملوانکەکەی دایکی بۆهێناوە لەتەك ئەو شووشە عەترەدا کەبەکاری هێناوە!! لەمامۆستاکەیا بۆنی دایکی دەکاتەوە!! ئیتر لەو رۆژەوە وازی لە دەرسی خوێندنەوەو

نووسین هێناو وەك مامۆستای رابەری پۆل هەموو دەرسەکانی دەگوتەوە..

مامۆستا تۆمسۆن بایەخێکی تایبەتی بە تێدی دا، و کاتێ دەستی کرد بەتەرکیزکردن لەسەری، ژیری کوڕەکە دەستی کرد بە گەڕانەوەی چالاکییەکانی، هەرچەند مامۆستا هانی دەدا ئەو وەڵامدانەوەی خێراتر دەبوو، و لەکۆتایی ساڵی خوێندنا بووبە یەکێ لەقوتابییە هەڵبوێراوەکانی پۆلەکەی، و زیرەکییەکەشی بەزەقی دەبینرا، و بووە یەکێ لەقوتابییە نازدارەکانی پۆلەکە..

پاش تێپەڕبوونی ساڵێك مامۆستا تۆمسۆن نامەیەکی لەلایەن تێدییەوە بۆ هاتبوو کە تیایدا نوسیبووی: لەژیانما بەڕێزترین مامۆستایەکم دیبێ خاتو تۆمسۆن بووە!!

شەش ساڵی تری بەسەرا تێپەڕی و نامەیەکی لەلایەن تێدییەوە بۆ هات کە تیانووسرابوو: من قۆناغی ناوەندی

و ئامادەییم بەسەرکەوتووییەوە تەواو کرد، و لە دواین ساڵی ئامادەییدا بە سێ هەم دەرچووم!! تا ئێستاش پلەو پایەی تۆ لای من: بەڕێزترین مامۆستایەکی لەژیانما دیبێتم!!

پاش تێپەڕبوونی چوار ساڵی تر نامەیەکی تری لە تێدییەوە پێ گەیشت کە تیایا نووسرابوو: شتەکان قورس و گران بوون، ئێستا لە کوللیەدا نیشتەجێم ونابزوێم، لەماوەیەکی نزیکدا بە پلەی شەرەفی نایاب دەردەچم، و جارێکی تریش جەختی لەسەر دەکەمەوە کە: تا ئێستاش تۆ بەڕێزترین و خۆشەویسترین مامۆستایەکی لای من!!

پاش چوار ساڵی تر نامەیەکی تری لە تێدییەوە پێ گەیشت، ئەمجارە بۆی روون کردبووەوە کە پاش ئەوەی شەهادەی بەکالۆریسی بەدەست هێنا بڕیاری دا کەمێ لەخوێندنا بەرەو پێش بڕوات، و جارێکی تریش جەخت دەکاتەوە کە تۆمپس بەڕێزترین و خۆشەویسترین

ماموٚستایە کەلەدرێژایی ژیانیا دیبێتی، بەلاّم ئەمجارەیان ناوەکەی کەمێ درێژ ببو، ببوە: دکتوٚر تیوٚدوٚر ئێف، ستودارد.

چیروٚکەکە لەم سنوورەدا ناوەستێ.. لەبەهاری ئەو ساڵەدا نامەیەکی تری لە دکتوٚر تیوٚدوٚرەوە پێگەیشت کە تیا نووسیبوو: کێژێکم دیوەو بەدڵم بووە، و لەم ماوەیەدا زەماوەندی لەتەکا دەکەم و ژیانی هاوسەری پێك دێنم، و هەروەك خوٚت دەزانی من زوو دایکم مردووە، و داوات لێدەکەم  لە شاییەکەمدا لە جیاتی دایکم ئامادەبیت، و لەسەر کورسییەکەی دایکم دابنیشیت..!!

خاتو توٚمسوٚنیش رووی پیشاندا و ئەوەی سەیر بوو بوٚ ئەو شاییە هەمان ملوانکە ئەڵماسەکەی کردە گەرنی کە دەنکێکی شکابوو، لەپوٚلی پێنجا هێنابووی بەدیاری بوٚ ماموٚستا توٚمسوٚن، لە جەژنی روٚژی لەدایکبوونیدا، زیاد لەوەش لەهەمان بوٚنی خوٚش و عەتری لەخوٚی دابوو کە

کاتی خۆی دایکی بەکاری هێنا بوو، لەدواین یادی لەدایکبوونیا..

مامۆستا باوەشی بە قوتابییەکەیا کرد کەبەکوڕی خۆی دەزانی، و دکتۆر تیۆدۆر باوەشی بەمامۆستایاکرد، وپێی وابوو باوەش بەدایکیا دەکات، و هەمان بۆنی دایکی لەوەوە دەکرد..و چپاندی بەگوێیداو گوتی: من زۆر سوپاست دەکەم کەئەو هەموو متمانەیەت بەمن کرد، باشترین سوپاسیشت دەگەم کە تۆ وات لێکردم بڕواو متمانەم بەخۆم هەبێ، کە من کەسێکی گرنگم، و دەگونجێ هەڵبوێراو بم..

تۆمسۆنیش کەچاوەکانی پڕ لە فرمێسك ببوون پێی کوت: تۆ منت فێرکرد کە مامۆستایەکی هەڵبوێراو بم، نەمدەزانی چۆن خەڵکی فێر بکەم تا تۆم دی!!

دەزانی ئەو {تێدی}یە کێیە؟ ئەو پزیشکە بەناوبانگەیە کە لە نەخۆشخانەی میسۆدیست {Methodist} لە

دیس مۆنتیس {Des Moines}ی ئەمریکادا بەشێکی تایبەت بەخۆی هەیە کە باشترین چارەسەری نەخۆشی شێر پەنجەی تیا دەکرێت.. ئەو بەشەش بەیەکێ لەباشترین بەشەکانی چارەسر دادەنرێت نەك تەنیا لە ویلایەتەکەی خۆیانا بەڵکو لەسەر ئاستی هەموو ویلایەتەکانی ئەمریکادا..

ئەگەر بەڕێوەبەری قوتابخانە مامۆستاکەی هان نەدایە بۆ سەیرکردنی فایلی قوتابیانی پۆلەکەی، هەڵوێستی بەرامبەر تێدی دەگۆڕا؟ ئەگەر تۆمسۆن ئەوهەوڵەی لەگەڵ تیۆدۆر نەدایە ئەو دکتۆرە ناودارەی لێ دەردەچوو؟! کەوابوو لە ئێمەوە بزووتنەوەو تێکۆشان، لەخوایشەوە پشتگیری و یارمەتیدان..

هێوادارم خانمی تۆمسۆن پالەوانی ئەم چیرۆکە نموونەیەکی واقیعی بێ بۆ هەموو باوك دایك وماموستایەك، دکتۆر تێدی پالەوانی دووەمی چیرۆکەکە

بۆ هەموو تازە پێگەیشتوان و چاویان ببڕنە لوتکەی سەرکەوتن لە ژیاندا و هیممەت بەرزی بنوێنن و جێگەو پێگەیەك بۆخۆیان و نەتەوەکەیان بەدەست بێنن.. هیوادارم هەمووکەسێك وەك تۆمسۆن چاکەی بێ منەت بەرامبەر بە خەڵکی بکات، و هەموو کەسێکیش وەك تێدی بەوەفا بێت..

{تێدی} کورتەی {تیۆدۆر}ە، و {ستوودەرد}یش ناوی بنەماڵەکەیانە.

# # #

## جوامێری

١٠

# دڵخۆشکردنی مرۆڤێك

# لای خودا زۆر گەورەیە

### چیرۆکێکی واقیعییە و لە وڵاتی میسر رویداوە

لەوماوەیەدا چیرۆکێکم بۆ هاتبوو کە بگێڕەوەکەی دەڵێ خۆم بە گوێی خۆم لە یەکێك لە پیاوچاکانی ناوچەکەمانم بیست خوا خێروسوود و چاکەی زۆرتربکات بۆ خەڵکەکەو ولاٌتەکەش. ئەم چیرۆکەش بەسەرهاتی یەکێك لەو قوتابیانەیە کە دەرسی ئیسلامدۆستیان لەلای ئەم خوێندووە..

پیری موریدان دەڵێ: یەکێك لەوپیاوانەی کە ئاموشۆی ئەم تەکیەو خانەقایەی دەکرد و خوای بالاٌدەست نیعمەتی خۆی بەسەرا رشتبوو، سەروەت و سامانێکی هەبوو، تەمەنی چل سال و لەو دەورو بەرەدا دەبوو، لەدەزگای هەناسەداندا کێشەیەکی سەختی هەبوو.. ئەویش دەچێت بۆلای پزیشکی تایبەت و پاش پشکنین و تاقیکردنەوەی خوێن و تیشکی سنگی، پزیشکەکەی پێی

دەڵێ: یەکێك لە سەمامەکانی دڵت گیراوەو پێویستە بڕۆیت بۆ ئەڵمانیاو لەوێ نەشتەرگەری بکەیت..

نەخۆشەکە ڕێنوێنییەکانی دکتۆر وەردەگرێ و بەجێی دێڵێ.. و بیر لەوە دەکاتەوە بەرەو ئەڵمانیا سەفەر بکات بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەی.. لەوکاتەدا کە دەگەڕێتەوە بۆ ماڵ لەرێی گەڕانەوەیدا دەیەوێ هەندێ گۆشت بۆ منداڵەکانی بکڕێ و بۆیان بباتەوە!! لەدەوری دوکانی قەسابەکەدا ئافرەتێکی هەژار دەبینێ خەریکی کۆکردنەوەی چەوری و بەزی ناو تەنەکەی خۆڵی بەردەم دوکانی قەسابەکەیە..

نەخۆشەکەش کە ئەوە دەبینێ زۆر بەزەیی پیایا دێتەوە، و لێی دەپرسێ: خوشکم! ئەوە بۆچ ئەو بەزو ئێسکانە کۆدەکەیتەوە؟

ئەویش دەڵێ: براکەم! کۆمەڵێ منداڵی بێ باوکم هەیە بۆئەوانی دەبەمەوە، توانامان نییە گۆشت بکڕین و

ئەمەیان لەناو ئاوا بۆ دەکوڵێنم بەڵکو بەوە هەندێ تامی گۆشت بکەن.!! کابرای نەخۆش کاتێ ئەوەی لێ دەبیستێ بەقەسابەکە دەڵێ: هەندێ گۆشتی بۆ بکێشێ، و پییێشێ دەڵێ:هەرکاتێ ئەم ئافرەتە هات بۆلات و گۆشتی ویست لەسەر حسابی من بۆی بکێشە..!!

ئای لەو خۆشییەی دەکەوێتە دڵی ئەو ئافرەتە هەژارەوە دەست بەجێ دەم بەنزاو پاڕانەوە سەر بەرەو ئاسمان بەرز دەکاتەوە، و لەقووڵایی دڵ و دەروونیەوە بۆئەم خێرەومەندە دەپاڕێتەوە، کە لەکۆکردنەوەی پارچە چەوری ناو تەنەکە خۆڵەکە رزگاری کرد.. !! ئیتر خوا خۆی دەزانێ ئەو خۆشییە چ خۆشییەك بووە کەکەوتۆتە دڵی ئەو هەژارەوە،و هەر خوا خۆیشی دەزانێ چ نزایەکی بۆ کردووە!!

پیاوەی نەخۆش دەڕواتەوە بۆ ماڵ، و کاتێ خێزانی دێت بەرەو پیرییەوە، شتێکی سەیر لەرواڵەتی مێردەکەیا

دەبینێ، و لێی دەپرسێ: پیاوەکە رواڵەتت نورانی بووە، ماندوویی و بێزاری لەناوچاوتا نەماوە!! رەنگی رەش هەڵگەڕاوت بەرەنگێکی سووری جوان گۆڕاوە!! تەنگە نەفەسییە زۆرەکەی جارانت نەماوە!! دەڵێیت: تەنگە نەفەسیت نەدیوە!! ئەوهەمموو عارەقەی بەناو چاوتا دەهاتە خوار و تەنگی پێ هەڵچنیبووی هیچی دیار نەماوە!!

پیاوەکەش لەم قسانەی ژنەکەی چاوی ئەبلەق دەبێ!! پێی سەیر دەبێ، چی دەبیستێ؟! بۆیە هەواڵی پێدەدات کە دکتۆر وتوویەتی دەبێ بۆ چارەسەر بڕوات بۆ ئەڵمانیاو لەوێ نەشتەرگەری یەکێ لە سەمامەکانی دڵیا بکات!! و لەکۆتاییدا پێی دەڵێ: بەپشتیوانی خوا بەیانی دەڕۆم..

پیاوەی نەخۆش تکت دەبڕێ و بەسواری فڕۆکە دەچێت بۆ ئەڵمانیا، پێشتر بەهۆی ناسراوێکیەوە سەرەی لەلای

(دکتۆری تایبەتی نەشتەرگەری دڵ)ی بۆ دەگیرێ، و کاتێ دەچێتە لای دکتۆری نەشتەرگەری ئەڵمانی داوای لێدەکات پێش هەموو شتێك تیشکی سنگ و هەناوی بگرێ، وپشکنینی نوێی خوێنەکەشی بکات، چونکە پاش چەند رۆژێکی تر نەشتەرگەری بۆ دەکات!!

کاتێ تیشك و پشکنینەکانی بۆ دێنێتەوە و پرۆفیسۆر سەیریان دەکات بەسەرسامییەکەوە ناوچاوی گرژ دەکات و لەنەخۆشەکە دەپرسێ: پێش ئەوەی بێیت بۆ ئێرە نەشتەرگەرییان بۆ کردوویت؟

نەخۆشەکەیش دەڵێ: نەخێر..

دکتۆر دەڵێ: ئەنجامی پشکنین و تیشکەکە هەموویان ئەرێ ییەو تەواو سروشتییە.. هیچ دەردو بەڵایەکت نییە!! ئایا پشکنینەکانی میسرت لەتەك خۆتدا هێناوە؟

ئەمیش دەڵێ: بێگومان..

ئەنجامی ئەم پشکنینە نوێیانە وا پیشن دەدەن تۆ هەمان نەخۆش نیت!!

نەخۆشەکە دەچێت بۆلای دکتۆرێکی میسری موسوڵمان کەلەو نەخۆشخانەیە کاردەکات، و بەسەرسامییەوە قسەکانی پرۆفیسۆری نەشتەرگەری بۆ دەگێڕێتەوە، و دەیەوێ بەتەواوی لەوقسەیە دڵنیا ببێت.. ئەویش سەیری هەردوو پشکنینەکان دەکات و دەڵێ پرۆفیسۆر بەهەڵەدا نەچووە، و سوپاسی خوابکە کە خۆی چارەسەری کردوویت، و شیفای تایبەتی داویت!!

دکتۆرە میسرییەکە لێی دەپرسێ هیچ شتێکی سەرنج راکێشت کردووە؟!

ئەویش دەڵێ: ئەوی راستی بێ شتێکی بایەخدارم نەکردووە، تەنیا شتێ پێی بزانم ئەو رووداوەی لای قەسابەکەیە، و ئەویش شتێکی وانییە!!

دکتۆر لێی دەپرسێ رووداوی لای قەسابەکە چییە؟

ئەویش مەسەلەی گۆشتەکە و ئافرەتەکەی بۆ باس دەکات و دەڵێ لەوەزیاتر شتێکم نەکردووە!!

ئەویش پێی دەڵێ برام سوپاسی خوا بکە کە بەوکیسە گۆشتە ئەو هەموو خەرجیەی لەسەر لابردوویت!!

ئەوە لای تۆ بچووکە ، لای خوا دڵخۆشکردنی ئینسانێك زۆر گەورەیە، چ جای ئەوە تۆ دڵی خێزانێکت خۆش کردووە.. سوپاس بۆ خوا خوا لێی قبووڵ کردوویت و دوعای ئەو بێوەژن و هەتیوانەیشی لەبارەی تۆوە گیرا کردووە!!

مەگەر نازانی پێغەممەر صلی الله علیه وسلم لەوبارەوە فەرموویەتی: خۆشەویسترین کەس لای خوا بەسوودترینیانە بۆ خەڵك، وخۆشەویسترینی کردەوەکانیش لای خوا خۆشییەکە بیخەیتە دڵی

**موسوڵمانێکەوە، یا تەنگانەیەکی لەسەر لابەریت، یاقەرزێکی بۆ بدەیتەوە، یابرسیەتییەکی لێ دوور بخەیتەوە، وخۆ ئەگەر لەتەك برایەکما بڕۆم بۆ ئەوەی پێویستییەکی بۆ جێبەجێ بکەم بەلامەوە خۆشترە تا ئەوەی لەم مزگەوتەدا- مزگەوتی مەدینە- یەك مانگ ئیعتیکاف بکەم..**

" أَحَبُّ النَّاسِ إِلَى اللَّهِ تَعَالَى أَنْفَعُهُمْ لِلنَّاسِ ، وَأَحَبُّ الْأَعْمَالِ إِلَى اللَّهِ تَعَالَى سُرُورٌ تُدْخِلُهُ عَلَى مُسْلِمٍ ، أَوْ تَكْشِفُ عَنْهُ كُرْبَةً ، أَوْ تَقْضِي عَنْهُ دَيْنًا ، أَوْ تَطْرُدُ عَنْهُ جُوعًا ، وَلَأَنْ أَمْشِيَ مَعَ أَخِي فِي حَاجَةٍ أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْ أَنْ أَعْتَكِفَ فِي هَذَا الْمَسْجِدِ - يَعْنِي مَسْجِدَ الْمَدِينَةِ- شَهْرًا "

# # #

**<u>جوامێری</u>**

١١

# ئەوەی

# دەرمانی پەنسلینی دۆزییەوە

ئەم چیرۆکە
چیرۆکێکی مێژوویی و ڕووداوێکی واقیعییە، و
لە ئوسکۆتلەندا ڕووی داوە.

فیلمەنج جوتیارێکی هەژار ونەدار وکەم دەستی ئوسکۆتلەندی بوو، لەگەڵ ئەوەشدا تووڕە و ناشکور نەبوو، کوڕێکی منداڵی هەبوو بییری لە ئاینەدەی ئەم کوڕەی دەکردەوە، چۆن بەختەوەری بکات؟ و بە چ شێوەیەك پێی بگەیەنێت؟ بەتایبەت کە لە هەڵس و کەوت و ڕەفتاریا زیرەکی و بلیمەتی دەبینرا!!

خۆی بەهەر کولەمەرگییەك بوبێت توانیویەتی بژی، ئەی جگەر گۆشەکەی چی؟ ئایا ئەویش دەتوانێ بەو هەژاری و نەدارییەوە بژی؟ بەڕاستی ژیان یارییەکی ئاسان نییە، بەڵکو پڕ لە کوێرەوەری و مەترسییە، و چۆن ئەم کوڕەی لەم ژیانەدا بتوانێ ڕێ بکات کە جگە لە هێزی مادده باوەڕی بەهیچ هێزێکی تر نییە!!

رۆژێکیان فیلمەنج بەرەو یەکێ لە کێڵگەکان دەڕۆیشت، و گوێی لەوەڕە وەڕێکی زۆرو بەردەوامی سەگێکەوە بوو، ئەمیش بەپەلە بەرەو وەڕە وەڕی سەگەکە رۆیشت، دیتی منداڵێك رۆیشتۆتە ناو گۆماوێکەوە بۆ مەلەکردن و خەریکە دەخنکێ! گۆماو لێڵ بووەوەو سەرو چاوی منداڵ قوڕاوی بووەو ئەوەندەش هاواری کردووە دەنگی کپ بووە، و رەنگ بەڕوویەوە نەماوە لەترسا!! فیلمەنج بێ ئەوەی بیر لەهیچ شتێك بکاتەوە جگە لەرزگار کردنی منداڵەکە، بەجل وبەرگەکانیەوە خۆی فڕێ دەداتە ناو گۆماوەکەو قۆڵی منداڵەکە دەگرێ ودەیهێنێتە دەرەوەو ژیانی رزگار دەکات.

بۆ رۆژی دوایی پیاوێك بەگالیسکەیەکی زەڕکەف کراو کە ئەسپە شێیەکی جوان رای دەکێشاو چەند پاسەوانێك پارێزگارییان لێدەکرد بەرەو کووخەکەی فیلمەنج دەهاتن.. ئەمیش پێی سەیر بوو دەبێ ئەم لۆرتە

دەوڵەمەندە بۆچ بەرەو ئەم ماڵە سادەو ساكار و كووخە هەژارانە بێت؟!!

پاش ئەوە كە گەیشتن و كابرای لۆرت دەستی بە قسە كرد تێگەیشت كە ئەمە باوكی ئەو منداڵەیە كە ئەم دوێنێ لەمردن رزگاری كردبوو، هاتووە، تا سوپاسی بكات و پێ زانینی خۆی بەرامبەر بەو جوامێرییەی ئەم دەر ببڕێت..

ئەوەبوو پێی گوت: برای باش ئەگەر من بەدرێژایی ژیانم سوپاست بكەم ناتوانم پاداشتی ئەو چاكەیەت بدەمەوە كە دوێنێ تۆ ئەنجامت داو جگەر گۆشەكەی منت لە مردنی حەتمی رزگار كرد، من هەتا ماوم خۆم بە قەرزاری تۆ دەزانم، لەبەر ئەوە چیت دەوێ لەماڵ سامان و زێڕ و زێوەر داوا بكە، ئەوەندەت پێ ببەخشم دڵخۆشت بكات!!

لەوەڵامدا فیلمەنج گوتی: لۆرتی رێزدار! من ئەم كارەم بۆ پووڵ و پارە نەكردووە، و تەنیا من ویستوومە ئاسوودە ویژدان بم و وەك مرۆڤێك ئەركی سەرشانم ئەنجام

بدەم.. و هەر جوتیارێکی تری وەك من کاری وا ئەنجام دەدات!! من خۆم کوڕم هەیە، و ئەم حاڵەتەی بەسەر کوڕی بەڕێزتاندا هاتووە لەوانەیە بەسەر کوڕەکەی منیشدا روو بدات...

لۆرتەکە نەیهێشت قسەکەی تەواو بکات و گوتی: مادام تۆ کوڕەکەی منت وەك کوڕی خۆت حسێب کردووە، منیش دەبێ کوڕەکەت بخەمە قوتابخانەو هەموو خەرجییەکی بکێشم تا دەبێتە خوێندەوارێکی باش و سوودی بۆخۆی و خەڵکی وڵاتی هەبێ..

فیلمەنج نەیدەتوانی بەوەی دەیبینێ و دەیبیستێ بڕوا بکات!! کوڕەکەی دەچێتە قوتابخانەی ناودارو دەوڵەمەندەکانەوە؟!

بەڵێ، هەروابوو (ئەلگزەندەر فیلمەنج)ی لەدایکبووی 1881ز رۆیشتە قوتابخانەوەو و دەرس خوێند و پێگەیشت و بووبە بەیەکێ لە هەرە زانا ناودارەکانی

جیهان و بەرو بوومی نەك تەنیا بۆ خۆی و میللەتەکەی بوو بەڵکو سوودی بەخەڵکی هەموو دنیا گەیاند، دەزانن ئەوزانایە چی دۆزییەوە؟ و بەرهەمەکەی چی بوو؟ منداڵی ئەو جوتیارە هەژارە بووە زانایەکی ناوداری جیهانی و لەساڵی 1929 دا دەرمانی پەنسلینی دۆزییەوەو توانی بەشێکی زۆری میکرۆبە زیان بەخشەکان لەناوبەرێت، کە ماوەیەکی زۆر بوو مرۆڤایەتی بەدەستییەوە دەیناڵاند!!

هەر ئەم زانا پایەبەرزە (ئەلکسەندەر فیلمنج) لەساڵی 1945 دا خەڵاتی نۆبڵی پێ بەخشرا..

چیرۆکەکە هێشتا کۆتایی نەهاتووە، بەڵکو کاتێ کوڕی ئەو لۆرتە دەوڵەمەندە بەوەفایە تووشی نەخۆشی هەوکردنی سییەکان بوو، پەنسلین بوو کە ژیانی ئەوی رزگار کرد.. کۆمەڵێ قەدەری سەر سوڕهێنەر روویان دا، بەڵام هێشتا چاوەڕوان نەکراوی گەورە باس نەکراوە، ئەو کوڕەی پیاوە

دەوڵەمەندەکە کە باوکی ئەلگزەندەر بەمنداڵی رزگاری کرد،و خودی ئەلگزەندەریش بەهۆی پەنسلینەوە جارێکی تر لەمردنی حەتمی رزگاری کرد دەزانن کێ و کوڕی کێ بوو؟!

لۆرتە دەولەمەندەکە پێیان دەگوت: راندۆڵف چێرچل، کوڕەکەیشی پێی دەگوترا وینستۆن چێرچڵ، هەرچەند خۆی بەناو بانگتربوو تا باوکی، (وینستۆن چێرچڵ) ناودارترین و گەورەترین سەرۆك وەزیرانی بەریتانیابوو لەهەموو مێژووی خۆیدا.

مێژوو ناسان دەڵێن: بەریتانیا لەهەموو مێژووی خۆیدا سەرۆك وەزیرێکی تری بەخۆیەوە نەدیوە لە (وێنستۆن چێرچڵ) گەورەتر و ناودارتر بووبێت!! ئەو چیرچلەی بەزیرەکی و لێهاتوویی خۆی لەجەنگی جیهانیدا بەریتانیای لە وێرانی و کاولبوون رزگار کرد..

# # #

کەوابوو بائێمەش هەمیشە هەوڵی چاکە بدەین، و جوانکار بین، و جوامێری بکەینە کاڵای باڵامان و لەبەرامبەریشەوە چاوەڕوانی پاداشت نەبین، لێمان روون بێ کە خوای باڵادەست پاداشتمان بەزایە نادات، هەروەك خۆی دەفەرموێ: " إن الله لايضيع أجر المحسنين" واتە: بێگومان خوا پاداشتی جوانکاران بەزایە نادات.. پێشینانیش بەرەحمەت بێ فەرموویانە: چاکە بکەو بیدە بەدەم ئاوەوە..

# # #

**جوامێری**

١٢

## پاداشتی

# جوانکاران بەزایە ناچێ

ڕووداوێکی واقیعییەو لەکەنداوا ڕووی داوە

نووسینی

**دکتور{ محسن الصفار }**

وەرگێڕانی

**دکتور حسن پێنجوێنی**

برایەکی بەرێز چیرۆکێکی خۆشی بەعەرەبی بۆ ناردبووم کە دکتور{محسن الصفار}نووسی بووی، لەراستیدا گریاندمی، منیش نامەیەکم بۆنارد وسوپاسم کرد.. چیرۆکەکە باسی لاوێکی گەنج دەکات کە وەزیفەی دەست ناکەوێ هەوڵێکی زۆر دەدات و بێسوود دەبێت، لەئەنجامدا لەیەکێ لەکومپانیا ناوداره کانەوە ریکلامێك بلاّو دەکرێتەوە کەچەند کارمەندێکیان دەوێت. ئەمیش شەهادەو پێویستییەکانی لەگەڵ داخوازییەکدا پێشکەش دەکات، پاشان ئاگادار دەکرێتەوە کە لەفلاّن رۆژا دیمانە لەتەك سەرۆکی کومپانیاکەدا هەیە، ئەوانەی داوایان پێشکەش کردووە بابێن، ئەمیش لەو رۆژەدا دەڕوات، و لەپرسگاکە خۆی پێش کەش دەکات کەمن فلاّن کەسی کوڕی فلاّن کەسم و بۆ فلاّن وەزیفە پێشکەشم کردووە، هەر لەگەڵ ناوی خۆی دەبات، بەرپرسەکە لەبەری

هەڵدەستێ و رێزێکی فراوانی لێ دەگرێ.. ئەمیش پێی دەڵێت:

ببورە لەوانەیە ناوی منت لەگەڵ کەسێکی ترا لێ تێکەڵ بووبێت؟!

ئەویش دەڵێ: مەگەر جەنابت ڕێزدار{سعید وحید فرید} نیت؟

ئەویش دەڵێ: بەڵێ من ئەوم..

بەڵام باوکی من پیاوێکی نەدار و بێ پلەو پایەبووە لە دەوڵەتا..؟

ئەویش دەڵێ: ئێمە سەرۆکی کومپانیا فەرمانی پێکردین کاتێ هاتیت بۆ ئێرە ئەوپەڕی رێزت لێ بگرین و بەو پەڕی رێزەوە بتبەین بۆ لای خۆی..

ئەمیش زۆری پێ سەیر دەبێ کە ئەم قسانە دەبیستێ.. چونکە ئەم بەهیچ شێوەیەك پێ نازانێت کە پەیوەندی

خزمایەتی و ناسیاوی لەنێوانیاندا هەبێت، و خۆیشی سەرۆکی کومپانیاکە ناناسێت.. لەدڵی خۆیا دەڵێ حەتمەن سەرۆکیش منی بەیەکێکی تر حاڵی بووە..!!

لەگەڵ بەرپرسەکەدا سەعید دەرواتە ژووری نووسینگەی سەرۆکی مەجلیسی بەڕێوەبەرایەتییەوە، هەر لەگەڵ فەرمانبەرەکەی نووسینگە زانی کە ئەمە کاك سەعیدە هەموو بەرزەپێ لەبەری هەڵدەستن، و ڕێزێکی زۆری لێدەگرن، سەعید ناتوانێ بیسەلمێنێ ئەوەی کە ڕوودەدات واقیع بێ، بەڵکو بەخەیاڵێك زیاتر دەهاتە پێشچاوی.. چونکە بەتەواوی لێی ڕوون بوو ئەمە بەهۆی ئاوێتەبوون و لێتێکچوونی ناوەکانەوەیە، و زۆر ناخایەنێ هەموان پەی بەو مەسەلەیە دەبەن و ئەم نابێ خۆی بخڵەتێنێ.!! و لەوانەشە دوایی زۆر بەناشیرینی دەری بکەن!! خۆی بەخۆی دەگوت: ئەگەر من کوڕە وەزیریش بوومایە ئەوەندە ڕێزم لێ نەدەگیرا!!

سەعید چەند خولەکێك چاوەڕوانی کرد، پاشان سکرتێرەکە داوای لێکرد بڕواتە ژوورەوە، ئەویش سەری کرد بە ژووری نوسینگە گەورەو فراوانەکەی سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبەرایەتیدا، دیتی لەسەر کورسییەکی گەورەی گران بەها دانیشتووە، و هەر لەگەل چاوی بەسەعید کەوت خێرا لەجێی خۆی هەستاو بەرەو رووی سەعید هات و باوەشی پیاکرد و ئەم لاو لای ماچ کرد و بەخێرهاتنێکی گەرمی پێ گوت و بەخێربێیت دۆستی ئازیز و خۆشەویست! بەخێرهاتی سەرچاو!!

سەعیدیش دەمی گۆی نەدەکرد و نەیدەزانی چۆن وەلامی بداتەوە، هەرچۆنێ بوو زۆری لەخۆی کرد و گوتی: جەنابی سەرۆك ئەنجومەن، من لەناخی دلمەوە سوپاسی ئەو هەمو لوتف و میهرەبانییەی بەریزتان دەکەم.. بەلام من پێم وایە جەنابتان من بەکەسێکی تر بزانن، چونکە من بەختم یار نەبوە پێشتر بەدیداری

بەڕێزتان شاد ببم، و تەنیالە رۆژنامەو گوڤارەکاندا نەبێت بەڕێزتانم نەبینیوە!!

سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبەرایەتی بزەیەکی کرد، و دەستی کرد بەچەکمەجەی مێزەکەیاو وێنەیەکی کۆنی بچووکی دەرهێناو پیشانی سەعیدی داو گوتی: ئەم وێنەیە دەناسیتەوە؟

ئویش تەزوویەك بەلەشیا هات وهاواری کرد: ئەمە وێنەی باوکی خوا لێخۆشبوومە، بەڕێزتان ئەم وێنەیەتان لەکوێ بوو؟! ئایا دەتان ناسی؟!

ئەویش گوتی: بۆچ ئەو پیاو چاکە لەژیاندا نەماوە؟ ئەی بەرحمەت بێ، و خوا لەگوناهی خۆش بێت و بەبەهەشتی شاد بکات..

سەعید گوتی: بەڕێز ئێستاش تێناگەم، باوکی من تا دواین تنۆکی ژیانی پیاوێکی داپۆشراوی زۆر خاکی بوو،

چۆن ئێوە دەیناسن کە یەکێکن لەگەورەترین دەوڵەمەندەکانی وڵات؟!

با حیکایەتەکەت هەر لەسەرەتاوە بۆ بگێرمەوە کاتێ لەتەمەنی لاویەتی و سەرەتای ژیانما بووم و منیش وەك تۆ نەواسیتەم هەبوو نەپارەم هەبوو، رۆژێك ویستم ئەوراق و شەهادەکەم پێشکەش بکەم بۆ وەزیفەیەك کە ئیعلان کرابوو، وەك تۆ چۆن ئێستا پێشکەشت کردووە.. کێشەی من ئەوە بوو پارەی ئەوەم نەبوو تکتی پاسەکە بکڕم، و بڕۆم بۆ پایتەخت.. کە ئەو وەزیفەیەی تیا راگەیەنرابوو. منیش بەخەم و خەفەتێکی زۆرەوە لە وێزگەی پاسەکە دانیشتبووم، نەمدەزانی لەکوێ و چۆن پارە پەیا بکەم و تکتی پاسەکەی پێ بکڕم؟!

لاوێکی تر لەتەنیشتمەوە دانیشتبوو لێی پرسیم، بۆچ وا خەمباریت؟ منیش بەسەرهات و حاڵی خۆمم بۆ گێڕایەوە، و ئەویش هەرچی لە گیرفانیا بوو دەری هێناو

پێیی دام.. منیش پێم سەیر بوو، سوپاسم کرد و گوتم: ناتوانم لێت وەربگرم، و نامەوێ!! پاش سووربونێکی زۆر و هەتەرییەکی زۆر لێم وەرگرت.. و لێم پرسی گوتم: من چۆن ئەم پارەیەت بۆ بێنمەوە؟

ئەویش پێی گوتم: نامەوێتەوە.. بەڵام ئەگەر خوا لوتفی لەتەکا کردیت و بووت خێری بەردەوامی لێ بکە، هەرکات کەسێکی موحتاجت بینی یارمەتی بدە، ئیتر بیناسیت یان نە؟..

پێم گوت: باشە، بەلای کەمەوە ناوی خۆتم پێ بڵێ.. ئەویش گوتی: من ناوم {وەحید}ی کوڕی {فەرید}ە، هاوەڵەکانیشم پێم دەڵێن: ئەبو سەعید..

کاتێ کە بەجێم هێشت و ڕۆیشتم، دیتم وێنەکەی لەناو پارەکانا لێ بەجێماوە.. منیش بۆ یادگار هەڵم گرت و لەوکاتەوە پاراستوومە.. تا یادگاری ئەو پیاوە بەخشندە جوامێرەبێ لەلام.. منیش ڕۆیشتم بۆ شار و وەزیفەکەم

دەستکەوت و دامەزرام، و لەپلەی کارەکەمدا سەرکەوتم، و کومپانیایەکم بۆ خۆم دامەزراند و سەرکەوتووبووم لەکارەکەمدا و رۆژ بەڕۆژ بەرەو پێش دەچووم..

ئینجا هەواڵی باوکتم دەپرسی بزانم لەکوێ یە؟ بەلاّم چەند بۆی گەڕام پەیدام نەکرد.. منیش سوێندم خوارد کە دەبێ تا ماوم پارێزگاری لەو ئەمانەتەی بکەم.. و هەر رۆژێگ یارمەتی کەسێکی نەناسراو دەدەم، هەندێ جار لە سەنتەری پاسەکانا دادەنیشم، و هەندێ جار لەمزگەوتەکانا، و هەندێ جار لە نەخۆشخانەکانا، و خوا ئاگای لێیە رۆژێك نەبووە کە یارمەتی کەسێکی موحتاجی تیا نەدم، هەرکاتێ سوپاسی منی کردبێت، گوتوومە: سوپاسی من مەکە، سوپاسی ئەو پیاوە جوامێرە بەخشندەیە بکە..

سەعید کە لەخۆشی ئەم هەواڵە چاوەکانی پڕ لەفرمێسك بووبوو گوتی: باوکم بەرەحمەت بێ، هەمیشە بۆ کاری

خێر هانی دەدام، پاڵنەرم بوو بۆ ئەوەی لەتەك خەڵكیدا چیم لەدەست دێ كاری چاك ئەنجام بدەم.. و هەمیشە پێی دەگوتم: كوڕی خۆم! یارمەتی بەندەكانی خوا بدە، خالقی ئەو خەڵكە بەباشترین شێوە یارمەتیت دەدات، و پاداشتی چاكەت دەداتەوە چ لە ژیانتا بێت، چ لەپاش مردنت بێت، ئەگەر خۆیشت پێویستت نەبێ خوا پاداشتی ئەوچاكەیەی تۆ بەمنداڵەكانت دەگەیەنێت.. هیچ كارێكی چاكە بەكەم مەزانە هەرچەند بچووكیش بێت. لەوانەیە تۆ هەستی پێ نەكەیت بەڵام ئاوەڕۆی ژیانی كەسێك بگۆڕێ..!!

خاوەن كومپانیاكەش كە فرمێسك لەچاویا قەتیس مابوو لەجێی خۆی هەستاو گوتی:

قەسەم بەخوا! ماوەی بیست ساڵ دەبێ من خۆم سەیری ئەو داواكارییانەم نەكردووە كەبۆ دامەزراندن پێشكەشی دەكەن، و كەسانێكی تایبەتم بۆ ئەو مەبەستە دیاری

کردووە، بەڵام لە خۆوە شتێك بەخەیاڵمدا هات کە داوا لەبەرێوە بەری فایلەکان بکەم هەموویانم بۆ یبیێنیَ تاسەیریان بکەم.. خۆیشم نەم دەزانی هۆی چییە و بۆئەو داوایەم کرد.. وا ئێستا حاڵی بووم..

فایلەکانم وەرگرت و یەك بەیەك دەم پشکنین، وەك ئەوە خوا بیخاتە دڵمەوە کە خۆشەویستێك لەناو ئەوکەسانەدا هەیە کە پێشکەشیان کردووە.. هەر لەگەڵ چاوم بە وێنەکەت کەوت یەکسەر تۆم ناسییەوە چونکە وێنەکەت کۆپییەکی وێنەی باوکی رەحمەتیتە، سوپاس بۆئەو خوایەی یارمەتی دام بتوانم کەمێ لە چاکە و پیاوەتی باوکت بدەمەوە..

هەر لەئێستاوە تۆ لای من دامەزراویت و لەنوسینگەی تایبەتی خۆیشما دەبیت، و بە پشتیوانی خودا دەبێ بتکەمە پیاوێکی سەرکەوتوو لەژیاندا و بەجۆرێکی وا جێی شانازی بیت بۆ باوکی مەرحوومت..

**سوپاس بۆ ئەو خوایەی پاداشتی چاکەکاران بەزایە نادات هەرچەند ساڵ و رۆژگار بەسەریا تێپەڕێت.**

**خۆیشی دەفەرموێ:"** هَلْ جَزَاءُ الْإِحْسَانِ إِلَّا الْإِحْسَانُ" **الرحمن/ ٦٠. جگە لەچاکە پاداشتێکی تر بۆچاکە هەیە؟! پێغەممەرەکەیشی دروودی خوای لێ بێت دەفەرموێ: " و** الله في عون العبد ما كان العبد في عون أخيه **) رواه مسلم" مادام بەندەکانی خوا یارمەتی براکانیان بدەن خوایش یارمەتی دەریان دەبێت..**

**خوایە! لەهەموو تەنگانەیەك گوشادییەك ولەهەموو خەمێکیش دەروویەکمان لێ بکەرەوە. ئامین...**

# # #

**<u>جوامێری</u>**

١٣

# چارەسەر بە خێرکردن

### بەسەرهاتێکی واقیعییەو لە نزیک {ریاز}ی
### پێیتەختی عەرەبستان روویداوە

لەلایەن دۆستانی خێرەومەندەوە ڕۆژانە ئیمێلێکی زۆرم پێ دەگات،و لەناو ئەمانەشدا هەندێجار بابەتی زۆر بەتام و چێژیان تێدایە،و وادەبێ هەندێکیان دەمگریەنن، و کارکردیان لە سەر دڵ و دەروونم زۆرە.. یەکێ لەو ئێمێلانە ئەم بابەتەی بەردەستانە، هەروەك مامۆستای وتاربێژ باسی دەکات بابەتێکە تەنیا باوەڕدارانی ڕاستەقینە بۆیان دەسەلمێت، دەنا لەروانگەی مادییەوە شتی وا مەحاڵە..

منیش دەڵێم: ئەوانەش کە خاوەنی تەجروبەن و بەچاوی خۆیان شتی لەوە گەورەتریان دیوە، ئەوانەش بۆیان دەسەڵمێ.. فەرموون بابەتەکە بخەینە بەردەستان و خۆتان حەکەم بن..

مامۆستا دەڵێ: برادەرێکی رووڵەخوا ومتمانە پێکراوی خەڵکی شارۆچکەی { حورەیمیلا }ی نزیکی {ریاز}ی پێیتەخت بۆی گێڕامەوە، کە ئافرەتێکی ناسراویان لە هەمان شارۆچکەدا تووشی سەرەتانی خوێن دەبێت، -خوا هەموو لا یەکمان لەو بەلأیە بپارێزێت- لەبەر ئەوە پێویستی بە کەسێك دەبێت خزمەتی بکات و کاری ناوماڵی بۆ بکات، ئەوانیش ئافرەتێکی ئەندەنووسی بۆ دێنن، ئەم ئافرەتە تا دەست هەڵبخەیت دیندار و رەوشت بەرز دەبێت.. پاش هەفتەیەك لەهاتنی خزمەتکارەکە ژنەی خاوەن ماڵ هەست دەکات، ئەم کارەکەرە زوو زوو دەچێتە سەر ئاو مانەوەشی عادەتی نییە، رۆژێك پرسیاری لێ دەکات: ئەوە هۆی چییە وا زوو زوو دەڕۆیتە سەر ئاو، و زۆریش دەمێنیتەوە؟

خزمەتکارەکەش دڵی پڕ دەبێت ودەداتە پڕمەی گریان..

لێی دەپرسێ هۆی چییە وا دەگریت؟ ئایا بەو پرسیارە ناڕەحەتم کردیت؟

ئەویش دەڵێت.. بەپرسیارەکەی تۆ ناڕەحەت نەبووم، بەڵام کاتێ ئەو کومپانیایەی کارمان بۆ پەیدا دەکات پەیوەندی پێوەکردم، تەنیا بیست ڕۆژبوو کوڕەکەم لەدایك بووبوو، لەبەر ئەوەی کە زۆر پێیویستیمان بەپارە هەبوو نەم ویست ئەم هەلەم لەکیس بچێت، کوڕەکەم بەجێ هێشت و هاتم.. ئێستاش کە زۆر لەسەر ئاو دەمێنمەوە مەمکەکانم دەدۆشم بۆئەوەی سووك ببن چونکە پڕ لەشیرن..!!

کاتێ ئافرەتی خاوەن ماڵ بەم مەسەلەیە دەزانێت لەنزیکترین گەشتی ئەندەنووسیدا تکتی بۆ دەبڕێت، و پارەکەی بۆ دەدات، وبانگی دەکات و پێی دەڵێ: ئەمە پارەی حەقی خزمەتکردنی دوو ساڵی تەواوتە، پێشەکی پێت دەدەم، بگەڕێرەوە بۆ ئەندەنووسیا بۆلای کوڕەکەت،

شیری بدەرێ و خزمەتی بکە.. پاش دوو ساڵی تر دەتوانی سەرمان لێ بدەیت!! ئیتر ژمارەی تەلەفونی خۆیانی دەداتێ، تاهەرکاتێ ئارەزووی لێ بوو پاش دوو ساڵەکە بگەڕێتەوە بۆلایان..

پاش گەڕانەوەی خزمەتکارەکە بە هەفتەیەك ئافرەتی خاوەن ماڵ مەوعیدی لای دکتۆری دەبێت بۆ ئەوەی خوێنەکەی بۆ بپشکنرێت.. لەکاتی ئەنجامی پشکنینەکەدا ناکاوێکی سەیر روو دەدات!! شوێنەواری سەرەتان لەناو خوێنیدا نەماوە!! دکتۆر داوا دەکات چەند جارێك شیتەڵکردنی خوێنەکەی بۆ دووبارە دەکەنەوە، بەڵام ئەنجامەکەی هەر یەکێکە.. !!

دکتۆر سەرسام دەبێ لەم چارەسەرەی، چونکە نەخۆشییەکە مەترسیدار بوو..

پاشان دەینێرێت بۆ تیشك دەبینێت رێژەی سەرەتان سفر لەسەدە.. ئیتر دکتۆر دڵنیا دەبێت کەبەتەواوی

چارەسەری بووە.. بۆیە لێی دەپرسێت: چ چارەسەرێکت بەکارهێناوە؟

ئەویش دەڵێت: ئەو چارەسەرییەم بەکارهێناوە کە پێغەممەر صلی الله علیە وسلم بۆی نووسیوم، ئەبو ئومامە دەفەرموێ: پێغەممەر صلی الله علیە وسلم فەرمووی: نەخۆشەکانتان بە خێرکردن چارەسەر بکەن..

# # #

**<u>جوامێری</u>**

١٤

# ملیاردێرێکی سعودی

## باسی هەژاری زووی خۆی دەکات

**وەرگیراوە**

**لە**

## یاداشتەکانی خۆیەوە

ملیاردێری سعودی (سلیمان بن عبد العزیز الراجحی) باسی هەژاری زووی خۆی دەکات و دەڵێت: " هەژارییەکەمان لەو ئاستەدا بوو، نەمتوانی بە تەنیا یەك ریاڵی سعودی لە گەشتێکی قوتابخانەدا بەشداری بکەم، زۆر لەماڵەوەمان پاڕامەوە و زۆر گریام بەسەریاندا تەنیا ریاڵێکم بدەنێ لە گەڵ هاوڕێکانمدا بچم بۆ ئەوگەشتەی قوتابخانە.. سوێندیان خوارد کە تەنیا ریاڵێکیان نییە پێم بدەن!!

رۆژێك پێش ئەوە لەدەرسی مامۆستایەکی فەلەستینیدا ئیمتیحانمان هەبوو، زۆر بەجوانی وەڵامەکەم دابووەوە، مامۆستاش کەهاتە پۆلەکەمانەوە یەك ریاڵ بەخششی دامێ و بە قوتابییەکانیشی گوت: چەپڵەیەکی بۆ لێ بدەن.. ئیتر گورج رۆیشتم ناوی خۆمم بۆ گەشتەکە

نووسی و گریانەکەم بووبە پێکەنیین، چەند مانگێك لەو خۆشی و شادییەدا بووم!!

دەڵێ: منیش قوتابخانەم تەواو کرد و رووم کردە ژیان، و پاش چەند ساڵێك لەکارکردن خوا بەرەکەتی خۆی بەسەرما رژاند، و کاری خەیریمان دەست پێکرد، و ئەومامۆستا فەلەستینییەم بیر کەوتەوە، کەبەمنداڵی ریاڵە بەخششەکەی دابوومێ..

بیرم دەکردەوە ئایا ئەو ریاڵەی بە خێر و سەدەقە دابوو پێم، یا لەبەرامبەر وەڵامە دروستەکەوە؟ بەڵام نەگەیشتمە ئەنجام،و نەمزانی کامیان بوو.. بەخۆمم گوت ئەو بەهەر نێتێکەوە پێی دابم کێشەیەکی گەورەی بۆمن چارەسەر کردووە، بێ ئەوەی من و غەیری من هەستی پێ بکات.. ئەمە وای لێکردم بگەڕێمەوە بۆ ئەو قوتابخانەیەی بەمنداڵی تیایا خوێندبووم، تا ئەحواڵی

ئەو مامۆستایە بپرسم،و بزانم چی بەسەر هاتووە؟! لەوێ هەواڵیم زانی، و پلانم دانا بۆ دیتن و پێگەیشتنی..

بەڵێ، رۆیشتم بۆ سەردانی ئەو مامۆستا بەڕێزە. دیتم لە ژیانێکی سەخت و ناهەموار دایە، کاری نییە، وخۆی پێچاوەتەوە، و هەمو شتێکی ئامادەکردووە بۆ رۆیشتن لەم وڵاتەدا!!

پاش خۆ بەیەك ناساندن گوتم: مامۆستای بەڕێز چەند ساڵێکە تۆ قەرزێکی زۆر گەورەت بەلای منەوە هەیە!

ئەویش بەتوندی گوتی: من قەرزم بەلای کەسەوە نییە..

ئالێرەدا لێم پرسی: لەبیرت دێ قوتابییەکت هەبوو لە فلاَن پۆلدا چونکە وەلاَمێکی ئاوهاو ئاوهای دابوویتەوە ریالێکت پێدا؟!

ئەویش پاش ماوەیەك بیر کردنەوەو تێفکرین، دەستی بە پێکەنین کرد، وگوتی: بەڵێ، بەڵێ. پاش ماوەیەك

تاوتوێ سوار سەیارەکەی خۆمم کرد، وپێکەوە ڕۆیشتین لەبەردەم خانوویەکی قەشەنگدا وەستاین، و ڕۆیشتینە ناو خانوەکەوە، گوتم: مامۆستای بەڕێز! ئەمە لەجیاتی ئەو قەرزیە کەبەسەرمەوە بوو، لەتەك ئەو سەیارەیەدا و معاشێکی مانگانەش هەتا ماویت..

مامۆستا سەرسام بوو، گوتی: بەڵام ئەمە زۆر زۆرە!!

منیش پێم گوت: باوەڕم پێ بکە، خۆشی و شادی من بەو تەنیا ریاڵەی تۆ لەو سەردەمەدا، زۆر لەو خۆشی و شادییەی تۆ گەورەترە بەو خانوو و سەیارە و معاشە!! تائێستاش بەردەوام لەبیرمەو لەبیرم ناچێتەوە..

لەکۆتاییدا دەڵێت:" خۆشییەك بخەرە دڵێکەوە،و دەروو لە کەسێك بکەرەوە، و چاوەڕێی پاداشتەکەی لە پەروەدگار بکە"

کوردیش دەڵێت: چاکە بکەو بیدە بەدەم ئاوەوە، ڕۆژێ لەرۆژان فریات دەکەوێت.

# # #

# نـــــــــــاوەرۆك


| لاپەڕە | بـــابەتەكان | زنجيره |
|---|---|---|
| 3 | پێشەكی | |
| 7 | پیاوچاكی بەغدادی. | 1 |
| 25 | سەرۆكی پۆلیسی مەئموون. | 2 |
| 36 | باوەڵێ. | 3 |
| 49 | ئەم پارووە بەو پارووە! | 4 |
| 53 | وەستا عەبدوڵلا. | 5 |
| 75 | لە مشكین شاردا. | 6 |
| 94 | دكتۆر نەوبەهاری. | 7 |
| 120 | پیاوێكی پیرو كاریگەری پارچە حەڵوایەك. | 8 |
| 123 | تێدی و مامۆستا تۆمسۆن. | 9 |
| 134 | دڵشاد كردنی مرۆڤێك لای خوا زۆر گەورەیە. | 10 |
| 141 | ئەوەی دەرمانی پەنسلینی دۆزییەوە | 11 |
| 148 | خوا پاداشتی جوانكاران بەزایە نادا. | 12 |
| 158 | چارەسەر بە خێركردن. | 13 |
| 163 | ملیاردێرێک باسی هەژاری خۆی دەكا. | 14 |

## نووسەر لەچەند دێڕێکدا:

 ناوی (حەسەن محمد ئەمین)ە و ناسراوە بە حەسەن پێنجوێنی.

 لەدایك بووی ساڵی ١٩٤٩ /پێنجوێن/ سلێمانی/یە.

 لە خێزانێکی ئیسلام دۆستی نیشتمان پەروەر لە گەڕەکی بەرکێوی شارۆچکەی پێنجوێن دا لەدایك بووە،و هەرلەوێش سەرەتایی تەواوکردووە،و ناوەندی و ئامادەیی لە سلێمانی تەواو کردووە، دەرچووی زانکۆی بەغدایە، و لەساڵی ١٩٧٧ بەکالۆریۆسی لە زانیارییەکانی ئوسولی دیندا بەپلەی زۆر باشە وەرگرتووە.

 لەساڵی ١٩٧٣ لەلایەن ئەوقافەوە دەکرێ بە ئیمامی مزگەوتی نزارە لە قەزای پێنجوێن، لەماوەی ئەو چوار ساڵەی لەزانکۆدا، ئیمامی چەند مزگەوتێکیش بووە لە بەغدا، وەك مزگەوتی (الطيار، حبيب العجمي، الخطاب)

وە خەتیبی ئەهلیش بووە لە مزگەوتی(الراوی) لە گەرەکی (الأعظمیة)..

 بەچەند مانگێك پاش تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ داوا لەوەزارەتی ئەوقاف دەکات کە بینێرنەوە بۆ یەکێ لەپارێزگەکانی ناوچەی کوردستان، بەلاّم نەقڵی ناکەنەوە، لەمانگی ٣ ساڵی ١٩٧٨دا جارێکی تر داوا دەکات: کە نەقڵی بکەن بۆ یەکێ لە پارێزگاکانی کوردستان، یا دەست لەکار کێشانەوەی قبووڵ بکەن!! دەست لەکار کێشانەوەکەی قبووڵ دەکەن، و نەقڵی ناکەنەوە..

 لەمانگی چواری ١٩٧٨ ئەوراقەکانی پێشکەش بەوەزارەتی پەروەردە دەکات ئەوانیش وەك مامۆستای زمانی عەرەبی دەینێرنەوە بۆسلێمانی، ولەناو شارۆچکەی سەنگەسەر دەست بەکار دەبێت..

 پاش چوار ساڵ خزمەت بەئیسلام و رۆڵەی موسوڵمانانی سەنگەسەر، ترۆریستان ئەو چالاکییەی مامۆستایان پێ قبووڵ ناکرێ، بۆیە نارنجۆکێکی دەستی

هەڵدەدەنە ناو ماڵەکەیەوە، بەڵام خوا بەمیهرەبانی خۆی دەیپارێزێ، و هیچ زیانێکی گیانی و ماڵییان تووش نابێت، پاش ئەو رووداوە دەگوێزرێتەوە بۆ ناو شاری سلێمانی، و لە ساڵی ١٩٨٢ لە سانەوی (شۆڕش) دەست بەکار دەبێت.

 لە ساڵی ١٩٨٢دا بەهۆی رووداوی ترومبێلەوە لەڕێی بەغداد لەنێوان (سلێمان بەگ) و(توز خورماتوو)دا رانی راستی ورد دەبێ، و نزیکەی سێ ساڵ لەسەر جێگە دەکەوێت..

 لەساڵی ١٩٨٦دا بەهۆی نەڕۆیشتنی بۆ جەیشە شەعبی لەمامۆستایی لا دەبرێت، و مووچەی مانگانەکەی دەبڕێت..

 لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٧وە تا ٢٣ تەمموزی ئەوساڵە، بەتۆمەتی کارکردن بۆ دامەزراندنەوەی رێکخراوێکی ئیسلامی دەگیرێت، و بێ سەروشوێن دەکرێت، وشەش مانگ لە سیاچاڵەکانی ئەمنی سلێمانی و بەغدادا زیندانی

دەکرێت، و سزاو ئەشکەنجەی جۆراو جۆر دەدرێت، تا لە ٢٣ی تەمموزی ئەوساڵەدا دەدرێت بە{دادگای شۆڕش}، و لەبەرئەوە کە ئیعتیرافی نەکردبوو هیچی لەسەر ئیسپات نابێ، و پاش بەسەربردنی شەش مانگ زیندانی لە زیندانە تاك نەفەرییەکانی رژێمی بەعسی سۆشیالیستدا بەردەبێت.

 هەر لەکۆتایی ساڵی ١٩٨٧دا جارێکی تر سیخوڕەکانی رژێم دێنەوە بەشوێنیدا بۆ گرتنی، بەڵام بەردەست ناکەوێ، و پاش ئەوە بەماڵ ومنداڵەوە بەرەو سنوور هەڵدێت، و بۆماوەی دوو ساڵ لەکوردستانی ئێران دەمێنێتەوە، و لەساڵی ١٩٩٠ ناچار دەبێ ئەوێش بەجێ بێڵێت..

 لەمانگی ١٩٩٠/١٠ لەلای (یوئێن-UN) رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پاکستاندا دەبنە پەنابەر..

- لەساڵی ١٩٩٣ لەزانکۆی (ئێنتەرناشنال ئیسلامیک)ی ئیسلام ئاباد وەك قوتابی ماستەر لە ئوسوڵی دیندا وەر دەگیرێت، و دەوام دەکات..

- لە ساڵی ١٩٩٦دا بڕوا نامەی ماجستێر لە زانیارییەکانی فەرموودەدا بەپلەی ئیمتیاز وەردەگرێت، و بۆماوەی ٣ ساڵ لەزانکۆی ئێنتەرناشنال ئیسلامیك ی ئیسلام ئاباد دەرس دەڵێتەوە.

- لە مانگی ئابی ساڵێ ١٩٩٩دا سازمانی نەتەوە یەکگرتووەکان (یوئێن-UN) بەماڵەوە دەیگوێزێتەوە بۆ ئوستڕالیا، و لەو بەروارەوە لە ئوستڕالیادا دەژی..

- بەپێی سیستەمی خوێندن لەدوورەوە، لە ساڵی ٢٠١٥ دا بڕوانامەی دکتۆرا لە زانیاریەکانی فەرموودەدا بەدەست دێنێت، لە زانکۆی لەندەن بۆ زانستە مرۆڤایەتیەکان -بەریتانیا– ( London humanities college)..

- نووسەر یەکێکە لە بانگخوازە نووسەرە ئیسلامییەکانی کوردستان، و تا ئێستا زیاتر لە پەنجاو حەوت کتێبی بە نووسین یا وەرگێڕان، لەبوارە جیاجیاکانی رۆشنبیری ئیسلامیدا پێشکەش کردووە..
- خێزاندارە و خاوەنی شەش منداڵە: سێ کوڕو سێ کچ.
- سایتێکی لەسەر ئێنتەرنێت هەیە بەناوی:

http://www.penjweny.org/

- لاپەرەیەکی لەسەر فەیس بووک هەیە بە ناوی:

373435462676067

https://www.facebook.com/Hassan-Penjweny-373435462676067